# هونەری جوانکاری لە شیعری

# عەونیدا

بەهار عبدالجبار جامی

فەرهاد عەونی پێشەکیی بۆ نووسیوە

و لەسەر ئەرکی ئەو چاپکراوە

بەهار عبدالجبار جامی

# هونەری جوانکاری لە شیعری
# عەونیدا

چاپی یەکەم

٢٠١٧

فەرهاد عەونی پێشەکیی بۆ نووسیوە

و لەسەر ئەرکی ئەو چاپکراوە

**هونەری جوانکاری لە شیعری ( عەونی )ــدا**

- **نووسەر**: بەهار عبدالجبار جامی.
- **نەخشەسازی**: عومەر شەهاب.
- چاپی یەکەم-٢٠١٧-چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر.
- **تیراژ**: ١٠٠٠ دانە.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٧٦٩)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

**پێشکەشە بە:**

- دایک و باوکی خۆشەویستم
- براو خوشکەکانم
- هاوسەری خۆشەویستم (هێمن)
- جگەر گۆشەکانم ( هاژە و هاوژین )

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێز (پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەمی وەرگرت و بە سەرنج و تێبینییە ورد و زانستیەکانی نامەکەمی دەوڵەمەند کرد.

- سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی وانەیان پێوتوم، لە سەرجەم قۆناغەکانی خویندنمدا.

- سوپاس و پێزانینم بۆ (د. ئارام محمد قادر، پ.ی.د. حاتم ولیا محمد، م.مەریوان حسێن فەرحان) هاوکارییان کردووم لە تەواوکردنی توێژینەوەکەم.

**پێڕست**


| **بابەت** | |
|---|---|
| پێشەکی فه رهاد عونی | ٩ |
| پێشەکی نووسه ر | ١٣ |
| **دەروازە** | ١٧ |
| باسی یەکەم: سەرەتایەک لەبارەی ڕەوانبێژییەوە | ١٩ |
| باسی دووەم: ناساندنی جوانکاری | ٢٣ |
| **بەشی یەکەم: جوانکاری وشەیی** | ٢٧ |
| ڕەگەزدۆزی (الجناس) | ٢٩ |
| هێنانەوە (التصدیر) | ٤٥ |
| گێڕانەوە (الترديد) | ٤٩ |
| گەڕانەوە | ٥٧ |
| دووپاتکردنەوە (التکرار) | ٦١ |
| بوونی پێویستە (لزوم مایلزم) | ٦٩ |
| مولەممەع | ٧٣ |
| لێیوەرگرتن (اقتباس) | ٧٥ |
| تێکهەڵکێش (التضمین) | ٨١ |
| تەصریع | ٩١ |
| گەوهەرچنی (تەرصیع) | ٩٥ |

| | |
|---|---|
| تەسمیت | ٩٧ |
| پێنجخشتەکی (التخمیس) | ٩٩ |
| **بەشی دووەم: جوانکاری واتایی** | ١٠٣ |
| دژیەک (الطباق) | ١٠٥ |
| بەرامبەری (المقابلە) | ١٢١ |
| جێگۆڕین (العکس) | ١٢٧ |
| تێلنیشان (تلمیح) | ١٣١ |
| کۆکردنەوە (الجمع) | ١٤٣ |
| لێککردنەوە (التفریق) | ١٤٩ |
| کۆکردنەوە لەگەڵ لیککردنەوە (الجمع مع التفریق) | ١٥١ |
| پێچە و پەخشە (اللف و النشر) | ١٥٣ |
| ڕاڤە (تفسیر) | ١٥٧ |
| پەندبێژی (ارسال المثل) | ١٨٩ |
| کۆپەند (ارسال المثلین) | ١٦٣ |
| زیادەڕەویی (المبالغە) | ١٦٥ |
| جوانی بایس (حسن التعلیل) | ١٦٧ |
| پۆشین (التوریە) | ١٦٩ |
| بادانەوە (الرجوع) | ١٧١ |
| لۆمەکردن | ١٧٥ |

| | |
|---|---|
| دەستپێکی دڵگیر (براعه الاستهلال) | ١٧٩ |
| کۆتایی جوان (حسن الختام) | ١٨٥ |
| کۆتایی دڵگیر (براعه المقطع) | ١٨٩ |
| گردکردنەوە (العقد) | ١٩٣ |
| وەرچەرخان (استطراد) | ٢٠١ |
| بەهەڵەبردن | ٢٠٣ |
| بەپێشەنگکردن (ئیقتیدا) | ٢٠٥ |
| ئەنجام | ٢١١ |
| پوختەی لێکۆڵینەوە | ٢١٥ |
| سەرچاوەکان | ٢١٧ |
| پوختەی ئینگلیزی | ٢٢٩ |

## پێشەکی

**فەرهاد عەونی**

بەخت یار بوو کە تاکو ئەمڕۆ لەژیاندام کە تێیدا توانیم سێ پەرتووکی جیاجیا دەربارەی شیعرەکانی عەونی بەچاپ بگەیەنم و پێشەکییان بۆ بنووسم سەرەڕای دوو چاپی دیوانی (عەونی)ـی باوك، پەرتووکەکانیش بریتی بوون لە دووجار چاپکردنی (چوارینەکانی خەییام–پاچەڤەی عەونی) کە برای رۆشنبیر و ڕووناکبیری لێهاتوو کاکە (جەلالی زەنگابادی) خستییە نێو کتێبخانەی کوردی، کە لە ڕاستیدا لەنێوانی لاپەڕەکاندا چۆتە نێو زانیاریی زێدە بەنرخی ژیانی خەییام و چوارینەکانی سەرەڕای ئەوەی کە سەرجەم تێکستە فارسییەکانی بۆ وەرگێڕانەکەی (عەونی) دۆزیوەتەوە و لای یەکی داناون، کە شێواز و جۆری مامەڵەکردنی کاك جەلال زەنگابادی لەگەڵ چوارینەکان ناچاری کردم پاش ئەوەی چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکە دابەشکرا بەتەواوی بۆ جاری دووەمیش چاپی بکەمەوە. پەرتووکی دووەم (ژیان و بەرهەمی عەونیی شاعیر)ـە کە بریتییە لە (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفی) کە قوتابی کاکە (ئومێد عەزیز مستەفا) وەکو نامەیەکی ماستەر لە ئەدەبی کوردی رۆژی ٢٠١٤/٥/١٧ موناقەشەکرا و بە پلەی (زۆرباشەی باڵا) لە زانکۆی سەلاحەدین–کۆلیژی پەروەردە پەسەندکرا.

پەرتووکی سێیەمیش ئەوەی کە لێرەدا بەچاپکراوی دەکەوێتە بەردەستتان دووهەمین نامەی ماستەرە لەسەر (عەونی)ـی شاعیر بەناوی (هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی دا) کە بریتییە لە (لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز لە سەرجەم هونەرە جوانکارییە رەوانبێژییەکان لە شیعری عەونی) کە تێیدا قوتابی خاتوو (بەهار عبدالجبار جامی) وەکو نامەی ماستەر ئامادەی کردبوو و رۆژی ٢٠١٦/١٠/٣١ لە زانکۆی سەلاحەدین–کۆلیژی پەروەردە موناقەشە کرا و وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر بە پلەی (زۆر باشەی باڵا) وەرگیرا کە تێیدا خاتوو بەهار زۆر بە وردی چۆتە ناو بابەتی هونەری جوانکاری لە شیعرەکانی عەونیدا، کە بێگومان بە قووڵی چووەتە ناخی شیعرەکان و نموونەی باشی لێ وەرگرتوون و شیکردنەوەیەکی زانستی و ئەدەبیی نایابی لە هونەری جوانکاری شیعری عەونی خستووەتە روو، هەرسێ پەرتووکی چاپکراو کە وەکو لە پێشەوە ناوم هێناون تاکو ئێستاکە سەرەڕای ئەرك و ماندووبوونی نووسەر و لێکۆڵەرەوەکانی کە بەڕاستی جێگای رێزن توانیویانە چەند خشتێك لە دیواری ئەدەبیاتی کوردیدا دابنێن، بەڵام پێم باوەڕ بکەن تینوێتیی منیان نەشکاندووە دەربارەی چوونە نێو دونیای ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی (عەونی)ـی شاعیر، بەتایبەتیش پاش ئەوەی برای بەڕێز و هاوکارم (عەبدوڵلا زەنگەنە) چەند لاپەڕەیەکی لە رۆژنامەی (ژیان)ـی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ و رۆژنامەی (ژین)ـی ژمارە (٥٥٩ و ٥٦٠)ـی ساڵی ١٩٣٩ی بۆ پەیداکردم کە تێیدا عەونی کاتی خۆی هەندێ لە شیعرەکانی تێدا بڵاوکردۆتەوە کە بەداخەوە لە هەردوو چاپی یەکەم و دووهەمی دیوانەکەی نییە، سەرەڕای دۆزینەوەی چەند پارچە شیعرێکی دیکەی عەونی کە لە ئەرشیفی نووسەر و رۆژنامەنووس ئەدیب و ئەدەب دۆستی بەهەشتی مامۆستای گەورە (گیو موکریانی) پارێزراو بوو کە ئەویش لە سەردانێکیدا لەگەڵ کاك عەبدوڵلا زەنگەنە بۆ لای ماڵی خوشکی بەڕێز (خاتوو د. کوردستان موکریانی) رۆژی ٢٠١٦/٩/١٧ کە تێیدا بەوپەڕی سوپاسەوە هێنایە بەردەستم و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا هاوکارم عەبدوڵلا زەنگەنە وێنەی لەبەرگرتنەوە کە ئێستاکە تێکڕای ئەو بابەتانە (شیعرە بڵاونەکراوەکان) لەبەردەستمدایە و لە

ئایندەیەکی نزیکدا بە پەرتووکێك وەك پاشکۆی دیوانی عەونی بڵاویان دەکەمەوە بەو هیوایەی توانیبێتم بەشە قەرزێکی (عەونی)ـی شاعیر و باوك بدەمەوە چونکە کاتێك دەچمە نێو ئەو شیعرە بڵاونەکراوانە کە دەستم کەوتوون سەرەڕای شیعرەکانی (دیوانی عەونی) ئەوەم لا ساغ دەبێتەوە کە (عەونی)ـی شاعیر سەرەڕای هونەری جوانکاری و بەکارهێنانی رووداو و کەسایەتییەکانی مێژوو ئەوەم لا دەچەسپێنێ کە عەونیی شاعیر چەند بەهرەمەند بووە لە (تەوزیف)کردنی شیعرەکانی کە پاشان هەمووی تەنانەت هەندێ لە شیعرە دڵداری و غەزەلەکانیش بە بیری کوردایەتی وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی تێکهەڵکێش کردوون، بە جۆرێك کە تێیدا نیشانەی وەستاکاریی (عەونی)ـیە لە بەهرەی شیعریدا بۆ بیری نەتەوایەتی، بەو هیوایەی تێکڕای زانکۆکانی کوردستان و مامۆستا بەڕێزەکانی رۆڵ و بەرهەمی ئەو کەڵە جوامێرانە لەبیر نەکەن کە رۆژگارێك دوور لە هەموو دەستکەوتێکی شەخسی بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاون و لەپێناویدا ماندووبوون و ئەزیەتی جۆراوجۆریان چەشتووە.

دوا وتەم دەستخۆشی لە خاتوو بەهار جامی دەکەم بۆ ئەو بابەتە وردەکارییە بەپێزەی دەربارەی هونەری جوانکاری لە شیعری عەونیدا بەو هیوایەی بڕوانامەی دکتۆراش بەدەست بهێنێ کە بێگومان ئەم جۆرە نامانە (نامەی ماستەر و دکتۆرا) دەچێتە ناخی مێژوو و خانەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەتەوەیی سەرەڕای بەبیرهێنانەوە و بەرز راگرتنی رۆڵی ئەم کەڵە مرۆڤانە کە بێگومان هەریەکێکیان بە شێوازی جۆراوجۆر بەردێکیان لەسەر دیواری پڕۆژەی نەتەوەی کورد داناوە.

**هەولێر**

**٢٠١٦/١٢/١٥**

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوە بە ناونیشانی (هونەری جوانکاری لە شیعری (عەونی) دا)، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی ڕەوانبیژییە، کار لەسەر خستنەڕوو و ناساندنی زانستەکانی ڕەوانبێژی لە هەردوو لایەتی زمانەوانی و چەمک و واتای زانستەکان دەکات، خستنەڕووی هەرسێ زانستەکانی ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی) و دۆزینەوە و دەرخستن و ڕاڤەکردنی هونەرەکانی جوانکاری و ناساندنیان بە هەردوو لایەنی وشەیی و واتایی یەوە، پراکتیزەکردنی ئەو هونەرانە لە شیعرەکانی (عەونی) دا، کە هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە کار لەسەر جوانکردنی دەقە ئەدەبیەکان دەکەن و دەیانڕازێننەوە، گرنگی پێدانی ئێمەش لە بەسەر کردنەوەی شاعیر دا، لەتێزێکی ئەکادیمی وادا سەرباری ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دەست ڕەنگینی شاعیر لەو بوارانەی سەرەوەدا کە باس کران، هاوکات ئاوڕدانەوەیەکی زانستیشە شیعری شاعیرێکی گەلەکەمان، کە وەکو پێویست لە ڕەخنەی ئەدەبی و لە ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆییەکاندا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

تایبەتکردنی ئەم نامەیە بە هونەری جوانکاری، تایبەتکردنی لێکۆڵینەوەکەش بۆ شیعرەکانی عەونی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەندین هونەری جوانکاری، کە شایستەی ئەوەن ببن بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بە ڕاددەیەک دەتوانرێت چەندین جۆر و شێوەکانی هونەری جوانکاری لە شیعرەکانی عەونی دا بدۆزینەوە، سەرەڕای ئەوانەش شیعرەکانی عەونی وەکو پێویست مافی خۆیان پێنەدراوە و تاوەکو ئێستا لەم بوارەدا (جوانکاری) هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شیعرەکانی (عەونی) دا نەکراوە، تەنیا یەک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانکۆیی بۆ تەرخان کراوە و ئەویش بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ژیان و بەرهەمی عەونی دا نووسراوە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەیە، کە گرنگترین هونەرەکانی جوانکاری بناسین وبتوانین لە شیعرەکانی عەونی دا بەرجەستەیان بکەین و کاریگەریەکانیان لەسەر جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقە شیعرییەکان لە هەردوو ڕووی وشە و واتاوە لە شیعرەکانی عەونی دا ئاشکرا بکەین.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی وەسفی شیکارییە، سەرچاوە جوانکارییەکانی ڕەوانبێژی دەکاتە پێودانگ بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی عەونی، لەم گۆشەنیگایەوە کاری لەسەر کردوون.

## سنوری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنوری هونەرە (جوانکارییەکان) لە هەردوو ئاستەکەی (وشەیی و واتایی) دا دەخولێتەوە لە شیعرەکانی عەونی دا و لێکدانەوە و شیکردنەوەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هونەرانەدا دەگرێتەخۆ.

## ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و دەروازیەک لەبارەی ڕەوانبێژی بە هەر سێ زانستەکەی (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی) و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی باسەکە بەزمانی ئینگلیزی پێکهاتووە.

لە دەروازەدا تیشک خراوەتە سەر زانستی ڕەوانبێژی، کە لە دوو باس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا کورتەیەک لەسەر ڕەوانبێژی و هەردوو زانستەکەی (ڕوونبێژی و واتاناسی) یە، باسی دووەمیش کورتەیەکە بۆ ناساندنی هونەری جوانکاری لە ڕووی زمانەوانی و چەمک و زاراوەوە.

بەشی یەکەم: ئەم بەشە بە ناونیشانی (هونەرەکانی جوانکاری وشەیی) یە، بەگوێرەی ئەو هونەرە جوانکاریە وشەییانەی کە لە شیعرەکانی (عەونی) دا بوونیان هەبووە و ئێمە درکمان پێکردوون، ئەم بەشەمان دابەشکردوە بەو شێوەیەی هەر هونەرە و بۆتە باسێکی سەربەخۆ و هەندێکیشیان جۆر و لقی لێ بۆتەوە و هەر یەکەیان دەستنیشانکراون و پێناسە و ناساندنیان بۆ کراوە، دواتر لە شیعرەکانی عەونی دا پراکتیزەکراون، هونەرەکانیش بریتین لە: (ڕەگەزدۆزی، هێنانەوە، گێڕانەوە، گەڕانەوە، پاتکردنەوە، بوونی پێویستە،

مولەممەع، لێیوەرگرتن، تێکهەڵکێش، تەصریع، تەرصیع، تەسمیت، پێنچخشتەکی).

بەشی دووەم: ئەم بەشە تایبەتە یە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، بە گوێرەی ئەو هونەرە جوانکارییە واتاییانەی، کە بوونیان لە شیعرەکانی عەونی دا هەبووە و ئێمە درکمان پێکردوون، ئەم بەشەشمان وەکو بەشی یەکەم دابەشکردۆتە سەر چەند باسێکی سەربەخۆ، پێناسەی هەریەک لە هونەرەکان کراون و دواتر لە شیعرەکانی عەونی دا پراکتیزەکراون هونەرەکانیش بریتین لە: (دژیەک، بەرامبەری، جێگۆڕکێ، تێلنیشان، کۆکردنەوە، لێککردنەوە، کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە، پێچە و پەخشە، ڕاڤە، پەندبێژی، کۆپەند، زیادەڕەوەی، جوانی بایس، پۆشین، بادانەوە، لۆمە، دەستپێکی دلگیر، کۆتایی جوان، کۆتایی دلگیر، گردکردنەوە، وەرچەرخان، بەهەڵەبردن، ئیقتیدا).

لە کۆتاییشدا گرنگترین و دیارترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو.

# دەروازە

**باسی یەکەم: سەرەتایەک لەبارەی ڕەوانبێژییەوە**

سەرەتا لە زاراوەی (البلاغة) ی عەرەبییەوە دەست پێدەکەین، چونکە لە زمانی کوردیدا زاراوەی ڕەوانبێژی بەرامبەر بەوشەی (البلاغة) ی عەرەبی بەکارهاتووە، لەسەرچاوە ڕەوانبێژیەکاندا وشەی بەلاغە بە چەند واتاو ئاماژەیەک هاتووە، لەسەرەتادا بە واتای (گەیشتن) هاتووە، گەیشتن بۆ شوێن یان کات یان مەبەست، دواتر لەگەڵ بەرەو پێشچوونی زانستی ڕەوانبێژی ئەم چەمکەی ڕەوانبێژیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە (معجم مقايس اللغه) دا لە (بلغ) ەوە هاتووە، بە واتای ((گەیشتن)) دێت. (ابن فارس بن زكريا، ٢٠٠١، ص ١٣٧)، لە فەرهەنگی (لسان العرب) یشدا بەواتای زمانپاراوی هاتووە، ((ڕەوانبێژی واتە: زمانپاراوی و جوان ئاخاوتن، واتە ئەو کەسە ڕەوانبێژە، کە شێوەی ئاخاوتنەکەی جوانە، زمانپاراو، کرۆک و ڕاستی ئامانجی ئەو بابەتە دەپێکێ، کە لە بارەی دەدوێ)) (ابن منظور، ٢٠٠٤، ص١٤٣).

لە زمانی ئینگلیزیشدا لە بەرامبەر ڕەوانبێژیدا دوو وشە بەکار هاتووە، ئەوانیشRhetoric ( (وFigure Of Speech ( (ن، بە پێی فەرهەنگی (Oxford (وشەی (Rhetoric): ( (کارامەیی بەکارهێنانی زمان، لە ئاخاوتن یان نووسین بە شێوەیەکی وا، کە کاربکاتە سەر خەڵک و دڵخۆشیان بکات)).oxford advanced learners dictionary ٢٠٠١, p١٠٩٧، وشەی (Figure Of Speech (یش: ((ناوە بەکاردێت بۆ هونەری لێکچوواندن لە زانستی ڕەوانبێژیدا، یاخود زاراوەیەکە وشەکانی مانای وشەیی، یاخود بابەتی

خۆیان ناگەیەنن)) . oxford learners pocket dictionary, ٢٠١١, p ٣٧٩

ڕەوانبێژی لە فەرهەنگە کوردیەکانیشدا بە چەند واتایەک هاتووە، لە فەرهەنگی (خاڵ) دا بە واتای ((جوانی و ڕەوانی لە نووسین و گفتوگۆدا)) دێت،) شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٥، ل٢٢٧)، لەفەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) شدا ڕەوانبێژ بە واتای ((دەم پاراو، قسە ڕەوان)) دێت (هەژار، ١٣٨٨، ل٣٦٢).

وەکو زاراوە ڕەوانبێژی یەکێکە لەو زانستانەی، کە هەر لە کۆنەوە شاعیران پەنایان بۆ بردووە، بۆ ڕازاندنەوەی شیعر و دروستکردنی وێنەی هونەری سەرنج ڕاکێش، هەر نەتەوەیەکیش بە شێوەی جیاواز ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، (الجاحظ) لە بارەی ڕەوانبێژییەوە دەڵێت: ((ڕەوانبێژی لە لای فارس زانینی کاتی قسە کردن و وەستان و بەردەوامبونە، لای یۆنان ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە، لای ڕۆم کورتکردنەوە یان درێژە پێدانی قسەیە، بە پێی کەسەکە کە قسەی تێدا دەکات، لای هندییەکان ڕوونی مەبەست و هەل قۆستنەوە و ئاماژە پێدانە بە جوانی)). (ابو عثمان بن بحر الجاحظ، ص٨٨)، (احمد الهاشمی) یش لە بارەی ڕەوانبێژییەوە دەڵێت: ((دەربڕینی واتای باڵا و ڕەوانە بە واژەی پاراو و گونجاو، کە کاریگەری لە سەر دەروونداهەبێت)). (٢٠٠٦، ص٢٥)، نوسەرانی کوردیش باسیان لەم چەمکەی (ڕەوانبێژی) کردووە، (عەزیز گەردی) لە پێناسەی ڕەوانبێژیەوە دەڵێت: ((هەر قسەیەک، کە ئەوترێت، یان ئەنوسرێ، ئەو کاتە ئەکەوێتە ژێر ئاڵای ڕەوانبێژی و دەنگ ئەداتەوە، کە بچێتە دڵی گوێگر و گوێگر بخاتە سەر هەست و سۆزێکەوە، کە هی قسەکەرە، ئەگەر وا نەبێ ڕەوان نیە، لە جۆش و خرۆشێکی گەرمەوە هەڵنەقوڵاوە)) (١٩٧٢، ل١٧).

کەواتە ڕەوانبێژی جگە لە یاریکردن بە وشە و واتا، ڕوونکردنەوەی واتا و بەخشینی چێژە بە دەروونی مرۆڤ، کە تیایدا قسەکەر مەبەستی شتێک بێت و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەیخاتەڕوو، لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازێک لە قسە کردن، کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی بەرامبەردا، لەگەڵ باشی دەست پێکردن و کۆتایی هاتن، بۆ ئەوەی بەرامبەر پێی ڕازی بێت و وتەکان کاریگەر بن لەسەر دەروونی گوێگر، یان خوێنەر.

**بە گشتی ڕەوانبێژی لە سێ زانست پێک دێت:**

**١_ڕوونبێژی**: زانستێکی ڕەوانبێژییە، دیارترین هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا کۆبۆتەوە، ئەوانیش لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکەیە، لە عەرەبیدا (البیان) ی پێدەگوترێت، ئەم وشەیەش بە پێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە لە ((کتێبی ڕەوانبێژانی کۆنی عەرەب بە هەموو (بلاغة) دەگوترا البیان)). (بدوی طبانە، ١٩٨١، ص١٢)، (سکاکی) لە پێناسەی ڕوونبێژیدا دەڵێت: ((هێنانەوەی تەنیا واتایەک بە چەند ڕێگایەکی هەمە جۆر، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو واتایە)). (٢٠١١، ص٢٤٩)، (مەریوان حسێن) یش لە نامەی ماستەرەکەیدا لە بارەی هونەری ڕوونبێژیدا دەڵێت: ((بنچینەو بنەمایەکە بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی واتا و مەبەست بە چەند شێوازێکی هەمەڕەنگ و چەند ڕێگایەکی جیاواز)) (٢٠١٥، ل٢٧).

٢_جوانکاری: لە باسی دووەمی دەروازەکەدا بە گشتی تیشکمان خستۆتە سەر ئەم زانستە.

**٣_ واتاناسی**: ((ڕوونکردنەوە و گونجاندنی قسەیە لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و ئەو جێگایەی، کە قسەی تێدا دەکرێت، یارمەتی مرۆڤەکان دەدات بۆ

خۆپارستن له هەڵەكردن لەكاتی قسەكردندا)) (عبدالعزيزعتيق، ٢٠٠٩، ص٣٧)، (عەزیز گەردی) یش له كتێبی ڕەوانبێژی له ئەدەبی كوردی (بەرگی سێیەم واتاناسی) دا دەڵێت: ((ئەو بەشەیە، كه ئەركی لێكۆڵینەوەی (واتا) دەگرێتەبەر، پەیوەندی نێوان وشه و مانا ساغ دەكاتەوه و وەڵامی هەندێ پرسیاری وا دەداتەوه، كه پەیوەندییان به مانا و مەبەست و پەیام و كاریگەری وشه و ڕسته و ئاخاوتنەوه هەیە، هەر وشەیەك چۆن بەكار بێ و له چ شوێنێك بێت باشتره، پاش و پێش كردنی وشەكان چۆن كاردەكاته سەر گۆڕان و جەخت كردنی مانای ڕستەكه بێجگه له مانای دروست و بەرچاوی خۆی چ مانایەكی تر دەگەیەنێ و چ لێكدانەوەیەكی تر هەڵدەگرێ؟ وشه له كوێ له كورتی ببڕێتەوه باشتره؟ ئایه ئەو ڕستەیەی، كه هەیه لەگەڵ باری گوێگردا دەگونجێ یان نەء؟ ڕستەكان له كوێ بەیەكەوه بلكێن و له كوێوه له یەك دابېڕێن، بۆ ئەوەی مەبەستی قسەكەر به تەواوی ڕابگەیەنن)) (١٩٧٩، ل٨) .

## باسی دووەم: ناساندنی جوانکاری بە گشتی

### یەکەم/ جوانکاری لە ڕووی زمانەوانییەوە:

جوانکاری یەکێکە لە سێ زانستەکانی ڕەوانبێژی، کە بە چەندین واتای جیاواز هاتووە، لە زمانە جیاوازەکان و فەرهەنگەکانی زماندا، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (البدیع) لە بەرامبەر جوانکاریدا هاتووە، لە فەرهەنگی (العین) دا (بدیع) لە (البدع) هاتووە، بە واتای ((داهێنانی شتێک، کە بوونی پێشتری نەبووە و هیچ زانیاری لەسەر هەڵنەکەوتووە)) دێت (خلیل احمد الفراهیدی، ص٥٤)، لە فەرهەنگی (لسان العرب) یشدا بە واتای ((داهێنانی شت)) هاتووە (ابن المنظور، ٢٠٠٤، ص٣٨). بدیع لە ڕووی زمانەوانیەوە واتە: ((داهێنراوی تازە یان تازەی داهێنراو، نەک لە سەر شێوازی ڕابوردووی خۆی یان لەسەر ڕێچکەی پێشووی)) (احمد مصطفی المراغی، ٢٠٠٧، ص٢٩٥).

لە قورئانی پیرۆزیشدا (البدیع) بە واتای داهێنان یاخود داهێنەر هاتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموویێت: ((**بَدِيعُ السَّمَوَاتِ وَالأَرضِ وَإِذَقَضَى أمراً فإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فيَكُونُ**)). البقرة، اية: (١١٧)، واتە: خودا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە بە جوانترین شێوە، هەر کاتێ بڕیاری هەر شتێک بدات، تەنها ئەوەندەی بەسە، کە فەرمانی بوون، یان پێشهاتنی بدات، خێرا ئەو شتە یان ئەو کارە دەبێت و ئەنجام دەدرێت، لە فەرموودەشدا بە واتای داهێنان هاتووە، پێغەمبەر (د.خ)

دەفەرموویت: ((كل بدعة ضلالة...)) (مسلم، الرقم: ٢٠٤٢)، واتە: هەموو تازە داهێنراوێک گومڕاییە.

لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) شدا بە دوو واتا هاتووە: ((١_ڕازێنەوە، بووک جوانکەر ٢_دەست ڕەنگین، بە هونەر)) (هەژار، ١٣٨٨، ل١٨٥).

**دووەم: جوانکاری لە ڕووی چەمک و زاراوەوە:**

جوانکاری بە یەکێک لە بەشە بنەڕەتیەکانی زانستی ڕەوانبێژی دادەنرێت، کە گرنگی بە لایەنی ڕازاندنەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبی دەدات، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن شاعیرانەوە، بەتایبەتی شاعیرە کلاسیکیەکان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە لێکدانەوەی شیعرەکان و یاری کردن بە وشەکان ببینێت، بۆ ئەوەی بتوانیت بەرگێکی جوان لەبەر شیعرەکان بکات و کاریگەریەکی بەرچاویش لەسەر خوێنەر و گوێگر دروست بکات، شارەزایانی ئەم بوارە چەندین ڕاو سەرنجی خۆیان لە بارەی ئەم زانستەوە خستۆتەڕوو: (قەزوینی) لە پێناسەی جوانکاریدا دەڵێت: ((زانستێکە ڕێگاکانی جوانکردنی گوفتار ڕێک دەخات، بە لەبەر چاوگرتنی پێویستی دەوروبەری ئاخاوتنەکە و ڕوونی ئاماژەکانی، ڕێگاکانیش دوو جۆرن: جۆرێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر واتا، جۆرێکی دیکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕین)) (٢٠٠٤، ص٣٣٣).

بە پێی ئەم پێناسەیەی قەزوینی جوانکاری ئەو زانستەیە، کە شێوازەکانی جوانی وشە و قسەکردنی پێ دەناسرێتەوە، دوای ڕەچاوکردن و بەکارهێنانی لە کات و شوێنی گونجاو بە مەبەستی ڕوونی واتا، (عەزیز گەردی) یش لە

بارەی هونەری جوانکاری یەوە دەڵێت: ((جوانکاری بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕەگەز و دەستورانە دەدوێ، کە لایەنی هەنەری و جوانی ئەدەب ڕوون دەکەنەوە ئەویش دولایەنی هەیە، یا دوو جۆرە هونەر نواندنی جوانکارانە هەیە: ١_جۆری یەکەم تایبەتی یە بەلایەنی ڕوخسار و شێوەی ئەدەبی یەوە، ٢_جۆری دووەم لەو جوانی یە دەدوێ کە لە ناخی ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبی یەوە هەڵدەقوڵێ و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە)) (١٩٧٥، ل٥). کەواتە جوانکاری گرنگی بە جوانکردنی فۆڕمی وشە و واتاکەی دەدات، جوانکاری ((لە زاراوە ئەدەبیەکەیدا بریتییە: لە ڕازاندنەوە و جوانکردنی وتە، یان ئاخاوتێک، کە لە ڕووی ڕێزمانیەوە دروست بێت و هەڵەی تێدا نەبێت و لە کات و سات و شوێنی دیاری کراودا بگوترێت و کاریگەری هەبێت لە سەر گوێگر یان خوێنەر)) (جلال الدين همايى، ١٣٨٦، ل٨_٩). (عەبدولسەلام سالار) بەم شێوەیە پێناسەی جوانکاری دەکات: ((جوانکاری زانستی ناسینی ئەو ڕووە تایبەتیانەیە، کە قسە جوانتر دەکەن، دوانی ئەوەی، کە لەگەڵ باری پێویستدا بگونجێ)) (٢٠٠٠، ل١٣٥).

بەکورتی جوانکاری: یەکێکە لە سێ زانستەکانی ڕەوانبێژی، کە گرنگی بە ڕازاندنەوەی وشە و ڕوونی واتاکان دەدات و شیعرییەت بە دەقە شیعریەکان دەبەخشێت، دوو بەشی هەیە وشەیی و واتایی.

# بـــــەشی یەکـــــەم

# هونەری جوانکاریی وشەیی لە شیعری ( عەونی ) دا

## جوانکاری وشەیی:

بەشێکی سەرەکی جوانکارییە، ((بریتییە لەوەی، کە جوانی و ڕازاوەیی، وتە یان شیعر بەسترابێتەوە بە وشەوە، ئەگەر گۆڕانکاری لە وشەکان بکەین بۆ پاراستنی واتا، ئەوا جوانیەکەی نامێنێت)) (جلال الدين همايى، ١٣٨٦، ل٣٧). یاخود: ((ئەوانەی، کە تایبەتن بە جوانکاری وشەکان، زیاتر پەیوەندییان بە چوارچێوەی ئاخاوتن و دەنگی وشەکانەوە هەیە، بە شێوازێک ئەگەر واتای وشەکان وەکو خۆی بهێڵینەوە و تەنیا شێوەکانی بگۆڕین، ئەو هونەرانەش لە ناو دەچن)) (محمد حسين محمدى،١٣٩٠، ل١٢٤).

ئەم بەشەی جوانکاری ژمارەیەکی زۆری هونەر لەخۆدەگرێت، گرنگترین ئەو هونەرانەی، کە عەونی لەشیعرەکانیدا بەکاری هێناون و ئەوەندەی کە ئێمە سەرنجمان داوە، ژمارەیان نزیکەی (١٣) هونەرە و بریتین لە: (ڕەگەزدۆزی، هێنانەوە، گێڕانەوە، گەڕانەوە، پاتکردنەوە، بوونی پێویستە، مولەممەع، لێیوەرگرتن، تێکهەڵکێش، تەصریع، تەرصیع، تەسمیت، پێنچخشتەکی).

# باسی یەکەم

## ڕەگەزدۆزی (الجناس)

ڕەگەزدۆزی لە عەرەبیدا (الجناس) ی پێدەگوترێت، بەیەکێک لە دیارترین وگرنگترین هونەرەکانی جوانکاری وشەیی دادەنرێت لە ڕەوانبێژی دا، زانایانی کۆن و نوێی ڕەوانبێژی گرنگی زۆریان پێداوەو لە نووسینەکانیاندا باسیان کردووە، شاعیرانیش بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە.

(سکاکی) لە پێناسەی ڕەگەزدۆزی دا دەڵێت: ((لێکچوونی دوو وشەیە لە گۆکردندا)) (٢٠١١، ص٥٣٩)، (عمر عبدالهادی عتیق) لە بارەی ڕەگەزدۆزی یەوە دەڵێت: ((بریتیە لە هاوشێوە، یان پێکچوونی دوو وشە لە گۆکردنداو جیاواز لە واتادا)) (٢٠١٢، ص٢٦٦). (عەزیز گەردی) یش لە پێناسەی ڕەگەزدۆزی دا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە دوو وشە یا پتر بێنی، لە ڕواڵەتدا وەکو یەک بن یا بەیەک بچن، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت، کە جودا بێ لەواتای وشەکانی تر)) (١٩٧٥، ل٧).

بەکورتی: ڕەگەزدۆزی ئەوەیە، کە دوو وشە یا زیاتر لە گۆکردن و لەشێوە دا وەکو یەک بن یا نزیک بن لەیەک، لە واتاشدا جیاوازبن.

ئەم هونەرە بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی عەونی دا ڕەنگیداوەتەوە و گرنگی و بایەخی زۆری پێداوە، بۆیە لە گەلێک دێڕدا ئەم هونەرە جوانکارییە بەدی دەکرێت.

زانایانی ڕەوانبێژی دوو جۆری سەرەکی ڕەگەزدۆزی یان دەستنیشان کردووە ئەوانیش:

**یەکەم: ڕەگەزدۆزی تەواو**

**دووەم: ڕەگەزدۆزی ناتەواو**

**یەکەم: ڕەگەزدۆزی تەواو (الجناس التام):** ئەوەیە، کە ئەو دوو وشەیەی، کە ڕەگەزدۆزییان لێ دروست دەبێ بەتەواوی لە یەک بچن، لە ڕووی جۆر و ژمارە و شێوە و ڕیز بوونی پیتەکان، هەر یەک لەو وشانەش واتایەکی سەربەخۆ و تایبەتیان هەبێ، (أحمد الهاشمی) لە پێناسەی ڕەگەزدۆزی تەواو دا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە تیایدا دوو وشە لە چوار شتدا ڕێکبکەون، جۆری پیتەکان، ژمارەیان، شێوەیان، ڕیزبوونیان لەگەڵ جیاوازی لە واتادا)) (٢٠٠٦، ص٢٤٤).

ڕەگەزدۆزی تەواو چەند جۆرێکی هەیە، ئێمە ئەو جۆرانە دەخەینەڕوو، کە (عەونی) لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە:

**١ـ ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن:** ئەوەیە، کە ئەو دوو وشەی ڕەگەزدۆزییان لێ دروست دەبێت، لە هەمان ڕەگەزدا بن، واتە هەر دوو وشەکان ناو، یا کار، یا ئاوەڵناو بن، ((ئەوەیە، کە وشەکان لە جۆرەکانیاندا وەکو یەک بن، ئەوانیش یان ناون یان کارن)) (زین کامل الخویسکی و احمد محمود المصری، ٢٠٠٦، ص١٣٨).

بۆ نموونە:

**هەزاران ماڵیان لێ وێران کردن**

**ماڵ و سامانیان بە تالآن بردن** ل١٠٦

وشەکانی (ماڵ) لەهەردوو نیوە دێڕەکە ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری هاوڕەسەن، چونکە هەردوو ئەو وشانەی کە ڕەگەزدۆزیان لێ دروست بووە، یەک ڕەگەزن و هەردووکیان ناون، ماڵ لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ناوە) بە مانای خانوو دێت، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا بە مانای سەروەت و سامان و کەل و پەلەکانی ناو ماڵ دێت.

**بۆ دەست کەوتنی لیترێک نەوتی ڕەش**

**بە کوشتن دەدەن هەزار سپی و ڕەش** ل١١٢

وشەکانی (ڕەش) لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری هاوڕەسەن، چونکە هەردوو ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن ئاوڵناون، ڕەش لە نیوە دێڕی یەکەمدا وەکو سیفەتی نەوت هاتووە، کە ئەویش (نەفتی ڕەشە)، (ڕەش) لە نیوە دێڕی دووەمدا بە مانای کەسی ڕەش پێست هاتووە.

**بەهرەوەر نابێ کەسێک کاری هونەر کاری نەبێ**

**بێتە مەیدانێ گرەو چەند بەزی یە هەر بەزی یە** ل٢٥٥

وشەکانی (بەزی) لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار هاتووە، ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری هاوڕەسەن، چونکە هەردووکیان کارن، (بەزی) یەکەم بە واتای ڕاکردن هاتووە (بەزی) دووەمیش بە واتای دۆڕاندن هاتووە.

**٢ـڕەگەزدۆزی تەبا:** ئەوەیە، کە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزی دروست دەکەن، لە ڕەگەزدا جیاوازبن، واتە ئەگەر یەکێکیان ناو بێت ئەویتریان کار یا ئاوەڵناو دەبێت، یا بە پێچەوانەوە، ((ئەوەیە، کە دوو وشە لە یەک ڕەگەز دا نەبن، لە دوو جۆری جیاواز بن، وەکو ناو و کار)) (محمد أحمد قاسم و محی الدین دیب، ٢٠٠٨، ص١١٥).

چەند جۆرێکی ڕەگەزدۆزی تەبا لە شیعرەکانی عەونی دا بەدیکراون، لەوانە:

أـدەشێ ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی یان لێدەکەوێتەوە یەکێکیان (ناو) و ئەویتریان (ئاوەڵناو) بێت:

**بۆ پارە هەردەم جەرگی پارەیە**
**تا مردن پیشەی هەر ئەو کارەیە** ل٩٦

وشەکانی (پارە) لە نیوە دێڕی یەکەمدا ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری تەبا، پارەی یەکەم (ناوە) بە واتای (دراو و پول) دێت، پارەی دووەم (ئاوەڵناوە) بە واتای (پارچەپارچەیی) دێت، هەردووکیان ژمارەیان و شێوەی ڕیزبوونیان وەک یەکە و واتاشیان جیاوازە.

ب_دوو وشەکان یەکێکیان (کار) و ئەویتریان (ناو) بیت:

**لە ڕاکردن وەکو ئاسک بە بازی**
**لە نێچیر گرتنا شاهێن و بازی** ل٣٩٨

شاعیر لە هەردوو وشەی (بازی) دا ڕەگەزدۆزی تەواوی لە جۆری تەبا دروست کردووە، (بازی) لە نیوە دێڕی یەکەمدا (کارە) بە واتای (بازدان) خۆشبەز و بە غاری هاتووە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا (ناوە) بە واتای باڵندەی (باز) هاتووە.

پ_دوو وشەکان یەکێکیان (ناو) و ئەویتریان (کار) بێت:

**هەموو هێزی گەل یەک ڕەنگ یەک بڕوا**
**بـــەرەو ئـــازادی و ڕزگـــاری بـــڕوا** ل١٠٤

وشەکانی (بڕوا) ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری تەبا، (بڕوا) لەنیوە دێڕی یەکەمدا (ناوە) بە واتای (بیر و باوەڕ) هاتووە، لە نیوە دێڕی دووەمیش (کارە) بە واتای (ڕۆیشتن) هاتووە.

**ئەی کەمان ژەن بیرکەوە وا هات بەیان**
**شەو بەسەر چوو چیت نەکرد بۆمان بەیان** ل٢٢٤

وشەکانی (بەیان) لە هەردوو نیوە دێڕدا ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری تەبا، (بەیان) لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ناوە) بە واتای (سپێدە) هاتووە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا (کارە) بە واتای ئاشکرا کردن هاتووە.

ت_دوو وشەکان یەکێکیان (کار) و ئەویتریان (ئاوەڵناو) بێت:

**کـارێکت گـەر نـەزانی**
**لێ ی مەدوێ بە نەزانی** ل٢٣٢

وشەکانی (نەزان) لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن لە جۆری تەبا، (نەزان) لە نیوە دێڕی یەکەمدا (کارە) بە واتای نەبوونی شارەزایی و لێ نەزانین دێت، بەڵام (نەزان) لە نیوە دێڕیدووەمدا (ئاوەڵناوە) بە واتای کەسی جاهیل و نەزان هاتووە.

ج_دوو وشەکان یەکێکیان (ئاوەڵناو) و ئەویتریان (ناو) بێت:

**بۆچی نەیزانی بنەوشەی سەرشین**
**بـۆشایی نـایە هەر دەیکا بە شـین** ل١١٣

وشەکانی (شین) ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەکەن، (شین) لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ئاولْناوە) بەواتای ڕەنگی شین هاتووە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا (ناوە) بە واتای (گریان و شین) هاتووە.

**دووەم/ ڕەگەزدۆزی ناتەواو (الجناس الناقص):** ئەوەیە، کە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییان لێ دروست دەبێت یەکێک لە چوار مەرجەکانی ڕەگەزدۆزی تەواویان تێدا نەبێت، واتە لە جۆر یا ژمارە یا شێوە و ڕیزبوونی پیتەکانیاندا لەیەک جیاوازبن، ((ئەوەیە دوو وشەکان لە یەکێک لە چوار

مەرجەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو جیاواز بن، کە جۆری پیتەکان و ژمارەی پیتەکان و شێوەو ڕیزبوونیانە)) (عبدالعزیز عتیق، ١٩٨٥، ص٢٠٥).

له ڕەگەزدۆزی ناتەواودا وشەکان بەتەواوی لە یەک ناچن، جگە لە واتای جیاواز و سەربەخۆ کەم تا زۆر جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەیە.

زانایانی ڕەوانبێژی چەند جۆریکی ڕەگەزدۆزی ناتەواویان دەستنیشانکردووە، ئێمەش ئەو جۆرانە دەخەینە ڕوو، کە لە شیعرەکانی (عەونی) دا بەدیمانکردووە:

**١_ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:** ((بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارە و شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەک یەک بێ، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لەیەکتری جیاوازبن)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل١٩_ب).

ئەو پیتە جیاوازەش لە سەرەتا یا ناوەڕاست یا لە کۆتایی وشەکان دەبێ.

**چیم بە ئاشور کرد لە کاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها**
**تەخت بەختی دوژمنانی کورد بە خاک یەکسان دەکەم** ل٦٥

لە نێوان وشەکانی (تەخت) و (بەخت) ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری جودا هەیە، ناتەواویەکەشیان لەوەدایە، کە جیاوازن لە جۆری پیتی یەکەمیاندا.

**ژیانی دیلی نەنگە ئازادی هەر بە جەنگە**
**کامیانت لا پەسەندە، تۆ خاوەن ئیختیاری** ل٧٦

هەردوو وشەکانی (نەنگ) و (جەنگ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودایان دروستکردووە، جیاوازیەکەشیان لە سەرەتای وشە دایە، هەر یەکەیان پیتی یەکەمیان لەوەی دیکە جیاوازە.

**ڕیزی خۆم ڕێک خەم بە زانست و بە هـۆش**
**هیزی خۆم یەک خەم وەکو هەنگ بێمە جۆش** ل٢٤١

وشەکانی (هۆش) و (جۆش) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست دەکەن، ناتەوایەکەشیان لە جیاوازی پیتی یەکەمیاندایە.

**وەرزی بـەهـار، ڕۆژی هــەزار**
**سەرچڵ دەگەڕاین وەک هوزار** ل٢١٥

لێرەدا ڕەگەزدۆزی (ناتەواوی جودا) لە نێوان هەر دوو وشەی (هەزار) و (هوزار) دا دروستبووە، ناتەواویەکەش لەوەیە، هەر دوو وشەکان لە جۆری پیتی دووەمیاندا جیاوازن، (ە) لە وشەی یەکەمدا و (و) لە وشەی دووەمدا.

**٢_ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد:** ((ئەوەیە ئەم دوو وشەیەی کەوتونەتە بەر کاریگەری ڕەگەزدۆزی جۆر و شێوە و ڕیزبوونی پیتەکانیان یەک بێ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێ، یەکێکیان پیتێک، یا دوو پیت لەوەی تر پتر بێت، هەر لەبەر ئەمەشە پێی دەگوترێ ڕەگەزدۆزی زیاد)) (عەزیز گەردی، ١٩٧٥، ل١٦).

ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد بە پێی ژمارەو شوێنی پیتەزیادەکان لە وشەکاندا دەگۆڕێت:

أ_ئەگەر زیادەکە لە سەرەتای وشەوە بێت پێی دەگوترێت (ناتەواوی زیادی موتڕیف): ((ئەوەیە، کە یەکێک لەو وشانەی کە ڕەگەزدۆزیان لێ دروست دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ وشەکەی تر یەک یان دوو پیتی لە سەرەتاوە زیاتر بێت)) (محمد فشارکی، ١٣٨٥، ل ٢١).

بۆنموونە:

**خاوەنی ئەم خوێنە سورە**
**لاوێکی کوردی جەسورە** ل١٢٣

وشەکانی (سورە) و(جەسورە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موتڕیف دروست دەکەن، چونکە وشەی دووەم دوو پیتی سەرەتای لە وشەی یەکەم زیاترە.

**خستە یادی تۆ هەروەکو جۆلانە دڵی هەژان**
**زام و ناسۆری دەروونم کت وپڕ هاتنە ژان** ل١٦٣

وشەکانی (هەژان) و(ژان) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موتڕیف دروست دەکەن، چونکە وشەی یەکەم دوو پیتی سەرەتای لە وشەی دووەم زیاترە.

**شەڕ فرۆش و زویرە لێم دڵ پڕ لە قین**

**بەد ڕەوشتی گەیوەتە حەددی یەقـین** ل٢٢٣

وشەکانی (قین) و(یەقین) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موتڕیف دروست دەکەن، چونکە وشەی دووەم دوو پیتی سەرەتای لە وشەی یەکەم زیاترە.

ب_ئەگەر زیادەکە لە ناوەڕاستی وشەوە بێت پێی دەگوترێت (ناتەواوی زیادی موکتەنیف): ((ئەوەیە، کە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییان لێ دروست دەبێت یەکێکیان پیتێک یان دوو پیتی ناوەڕاستی لەوەی تر زیاترە)) (محمد أبو شارب و أحمد مصری، ٢٠٠٦، ص١٥١).

بۆنموونە:

**ئێستە نام ناسی یەوە من کچەکەی کەرکوکم؟**

**خاوەنی ناز و نیاز بووم و ئەویستا چووکم!!** ل٨٧

وشەکانی (ناز) و(نیاز) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موکتەنیف دروست دەکەن، چونکە وشەی دووەم پیتێکی ناوەڕاستی لە وشەی یەکەم زیاترە.

**هەریەک بە ڕەنگیکی دزێو**

**هـاتـە بـەر چاوم وەکو دێو** ل١١٦

ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موکتەنیف لەنێوان هەردوو وشەی (دزێو)و(دێو) دروستبووە، چونکە وشەی یەکەم پیتێکی ناوەڕاستی لە وشەی دووەم زیاترە.

**بۆ ئەم مەبەستە زۆر کۆششیان کرد**
**کەوا هان بدەن، کورد لە دژی کورد** ل١٣٢

وشەکانی (کرد) و(کورد) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی موکتەنیف دروست دەکەن، چونکە وشەی دووەم یەک پیتی ناوەڕاستی لە وشەی یەکەم زیاترە.

پ_ئەگەر زیادەکە لە کۆتایی وشەوە بێت پێی دەگوترێت (ناتەواوی زیادی پاشکۆدار): ((ئەوەیە، کە ئەو دوو وشەیەی، کە ڕەگەزدۆزی دروست دەکەن یەکیان پیتێک، یان دوو پیتی کۆتای لە وشەکەی تر زیاترە)) (بدوی طبانة، ١٩٩٧، ص٢٣٧).

مەرج نیە زیادەکە پیتێک، یان دووپیت بێت، هەندێک جار سێ پیت یا زیاتریش دەبێت لە کۆتایی وشەدا.

**خەبەرم بۆ وە بە سەرسامی نیوە شەوە**
**تێگەیشتم ئەمە هوشیاری نی یە خەون و خەوە** ل٨٨

لەنێوان وشەکانی (خەون) و(خەو) دا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی پاشکۆدار دروستبووە، چونکە وشەی یەکەم پیتێکی لە وشەی دووەم زیاترە و زیادەکەش لە کۆتایی وشەکەدا هاتووە.

**هەناسەم زوڵفەکەی لادا لەسەر ڕوو**
**کە مانگ ئاوا بوو ئەمجا مانگە شەو بوو** ل١٧٠

لەم دێڕە شیعرەدا وشەی (مانگ) دوو جار لە نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە، جارێکیان وەکو وشەیەکی سادە (مانگ)، جاری دووەم وەک وشەیەکی لێکدراو (مانگە شەو)، لە کۆی بنیاتە هزریەکەی ئەم دێڕە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە مانگی یەکەم واتە مانگە سادەکە لە جیاتی مانگی ئاسمان هاتووە، واتە بە مانای دروستی خۆی هاتووە، بەڵام لە وشە لێکدراوەکەدا (مانگە شەو) بە واتای ئیدیۆمی هاتووە، واتە مانگێکی ڕووناک دڕی بە تاریکی شەودا، کە مەبەست لەو مانگە واتە خواستراوەکەیە، کە ئەویش ڕووی یارەکەیە، یانی مەبەستی شاعیر لە کۆی دێڕە شیعرەکە ئەوەیە کاتێک مانگی ئاسمان نەما شەو تاریک بوو، بەڵام کاتێک مانگی ڕووی یار دەرکەوت، تاریکی شەوەکەی کردە ڕووناک، هەم ئەوەش واتایەکی ئیدیۆمی (وێنەیی) بۆ دێڕە شیعرەکە دروست دەکا، بەمەش دەگەینە ئەوەی، کە لە نێوان هەردوو وشەی (مانگ) و (مانگە شەو) دا ڕەگەزدۆزیەکی ناتەواوی زیاد لە جۆری پاشکۆدار هەیە، چونکە وشەی دووەم چوار پیتی لە وشەی یەکەم زیاترە.

**بـرا چـارەمـان تـەنـیـا خـەبـاتــە**
**برایەتی و یەک بوون ڕێگای نەجاتە** ل١١٢

وشەکانی (برا) و (برایەتی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادی پاشکۆدار دروست دەکەن، چونکە وشەی دووەم چوار پیتی لە وشەی یەکەم زیاترە .

**٣_ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی**: ((بریتیە لە بوونی دوو وشە، ئەگەر چی زۆربەی پیتەکانیشیان لەیەک جیا بێ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان یەکسان بی، لە هەمان کاتدا لەسەر یەک کێشیش بن)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل٢٤).

بۆ نموونە:

**بەهار لە زستان تۆڵە بستێنێ**
**پەیمانی سەهۆڵ بەستن بشکێنێ** ل١١٤

وشەکانی (بستێنێ) و (بشکێنێ) ژمارەی پیتەکانیان یەکسانە، هەریەکەیان شەش پیتن، بەڵام پیتەکانی دووەم و سێیەمیان جیایە، لەگەڵ ئەوەش دا لەسەر یەک کێشن، بۆیە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروست دەکەن.

**خونچە گریا یەخەی دڕاند**
**دڵۆپێک فرمێسکی ڕژاند** ل٢٨٢

وشەکانی (دڕاند) و (ڕژاند) لە پیتەکانی یەکەم و دووەمیاندا جیاوازن، بەڵام لەسەر یەک کێشن، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی بەرهەمهاتووە.

**لە دووریت زار و ڕەنجورم هەمیشە**

**لە عەشقت مات و مەهجورم هەمیشە** ل٣٤١

وشەکانی (ڕەنجور) و (مەهجور) ژمارەی پیتەکانیان یەکسانە، هەریەکەیان شەش پیتن، بەڵام پیتەکانی یەکەم و سێیەمیان جیایە، لەگەڵ ئەوەش دا لەسەر یەک کێشن، بۆیە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروست دەکەن.

**ئافـرەتـێکم لـە خـەوا دی کـز و ڕەنگ زەرد و نەخۆش**

**پەست و دڵگیر بوو کە فرمێسکی دەڕشت زۆر پــەرۆش** ل٨٧

وشەکانی (نەخۆش) و (پەرۆش) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشییە، هەر یەکەیان لە پێنج پیت پێکهاتون، بەڵام پیتەکانی یەکەم و سێ یەمیان جیایە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر هەمان کێشن.

**٤_ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی:** ((بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە دووەمیان کەرتی یەکەمیانە، واتە: وشەی دووەم لە ڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لە وشەی یەکەم کەمترە، کە ئەوەش وابێت، کە وابێ واتای هەردوو وشەکەش لەیەکتری جیادەبنەوەو هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆی دەبێت، دیارە لێرەدا بەلای هەندێ لە ڕەوانبێژانی عەرەب و کوردیش مەرج ئەوەیە وشەی کەرتکراو لە پێشەوەو ئەو کەرتە وشەی لێشی کراوەتەوە ڕاستەوخۆ بەدوای خۆیدا بێتەوە، بێ ئەوەی هیچ وشەو دەستەواژەیەک نێوانیان بکات)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل٣٢_ب).

**زۆر بە نرختر لە دانەی گەوهەر**

**ئەو جەژنانەی جەژنی نـەورۆزە** ل٣٨٩

لە نێوان وشەکانی (جەژنانە) و (جەژن) دا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی هەیە، چونکە وشەی (جەژنانە) کەرتکراوەو وشەی (جەژن) ی لێهێنراوەتەوە، هەریەک لەو وشانەش سەربەخۆ و مانای تایبەتی خۆیان هەیە.

**گوتی: عەونی ئەگەر بێ باخەوان باخی سینەم بێ**
**بە نارنج و تورنج و سێو وبێ یاری نەکا چ بکا** ل١٤٦

وشەی (باخەوان) کەرتکراوە وڕاستەوخۆ وشەی (باخ) ی لە دوا هێنراوەتەوە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی بەرهەمهاتووە .

**٥_ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی:** ((بریتییە لە جیاوازی نێوان ئەو دوو وشەیەی، کە ڕەگەزدۆزی دروست دەکەن لە ڕیزبوونی پیتەکانیاندا، بەمەرجێک هەردوو وشەکان هەمان پیتەکانی یەکتریان تێدا بێ بەبێ زیاد و کەم، بەڵام ڕیزبوونی پیتی وشەیەکیان بە پێچەوانەی ڕیزبوونی وشەکەی تر بێ)) (یوسف أبو العدوس، ٢٠٠٧، ص٢٧٨).

بۆنموونە:

**بڵێم فریشتەی ئەو نی**
**دەنگت خۆشە وەک کەونی** ل٨٤

وشەکانی (وەک) و (کەو) هەر یەکەیان سێ پیتن، لە یەک جۆرن (ک)، (ە)، (و)، بەڵام بە پێچەوانەی یەکتریەوە ڕیزبوونە بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی دروست دەکەن.

**٦_ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها:** ((ئەو دوو وشانەی، کە ڕەگەزدۆزییە ناتەواوەکە دروست دەکەن، لە ژمارەو شێوەو ڕیزبوون و جۆری پیتەکانیان دەشێ لێکجیابن، بەڵام هەردووکیان یەک ڕەگیان هەیە)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ل٢٠_پ).

**بـەهێز دەشـکێ وشـکاوە کـۆتـی دیـلـی**
**هەموو زنجیر و بەند دەپسێ وەکو موو** ل٧٢

لە نێوان وشەکانی (دەشکێ) و (شکاوە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها هەیە، چونکە دەگەڕێتەوە سەر یەک (چاوگ)، کە ئەویش چاوگی (شکان) ە.

**هەرگیز ناوەستێ قەت نـەوەستاوە**
**هـەر بۆ پێشـەوە هــەنـگاوی نـاوە** ل١٠٦

لە نیوان وشەکانی (ناوەستێ) و (نەوەستاوە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها هەیە، چونکە هەردووکیان لەیەک چاوگەوە هاتوون ئەویش چاوگی (وەستان) ە.

**کورد هەروا ژیا هەروا مایەوە**
**نــاتـوێـتــەوە و نــەتــاوایــەوە** ل١٣١

وشەکانی (ناتوێتەوە) و (نەتاوایەوە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها دروست دەکەن، هەردووکیان لە یەک چاوگەوە هاتوون، ئەویش (توانەوە) یە.

# باسی دووەم

## هێنانەوە (التصدیر)

یەکێکە لە ڕازاندنەوە وشەییەکانی زانستی جوانکاری، شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە، لە عەرەبیدا (رد العجز علی الصدر) و (التصدیر) ی پێدەگوترێت، لە لای ڕەوانبێژانی کوردیش (هێنانەوە) و (دوا بەسەر) ی پێدەگوترێت .

(سکاکی) بەم شێوەیە پێناسەی هێنانەوە دەکات: ((ئەوەیە یەکێ لەو وشە دووبارە بووەکە، یا لێکچووە لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا هاتبێت و ئەوی تر لە پێشیەوە هاتبێت و لەم پێنچ شوێنانەدا، سەرەتا، ناوەڕاست یا کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم یا سەرەتا یا ناوەوەی دێڕی دووەمدا)) (٢٠١١، ص٥٤١). (محمد مصطفی أبو شوارب) و (أحمد محمود المصری) لە پێناسەی هێنانەوەدا دەڵێن: ((ئەوەیە، کە شاعیر دوو وشە دەهێنێتەوە، یەکێکیان شوێنێکی چەسپاو و جێگیری هەیە و ناگۆڕێت، ئەویش کۆتایی دێڕە شیعرەکەیە، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان لە نیوان چوار جێکەوتە هاتوچۆ دەکات، سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەم، کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم، سەرەتای نیوە دێڕی دووەم، ئەو دوو وشەیەی کە شاعیر دەیان هێنێتەوە پاتکراوەن یان هاوڕەگەزن) ) (٢٠٠٦، ص١٨٩). ((بریتییە لەوەی لە شیعردا وشەیەک دوو جار بێنێ یەکێکیان لە کۆتایی دێڕەکە بێ ئەوەی تریان لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم یان لە کۆتاییەکەی یان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم بێ)). (ابن عبدالله أحمد شعیب، ٢٠٠٨، ص٤١٧).

(عەزیز گەردی) یش دەڵێت: ((هێنانەوە لە هۆنراوەو لە پەخشاندا دەبێت، بریتییە لەوەی، کە هۆنەر یا نوسەر وشەیەک لە سەرەتا یا لە ناوەڕاستی هەڵوێست یا دێڕە هۆنراوەیەک بێنی پاشان هەمان وشە لە کۆتایی هەڵوێستەکە یا دێڕە هۆنراوەکە بێنێتەوە، هەر دەبێ وشەی دووەم لە کۆتایی

دێڕە هۆنراوەکە بێت، دەمێنێتەوە سەر وشەی یەکەم و ئەویش لە یەکێ لەم شوێنانە دێت : سەرەتای هۆنراوەکە، ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی دێڕە هۆنراوەکە، کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم، سەرەتای نیوەی دووەمی دێڕە هۆنراوەکە)) (١٩٧٥، ل٤٥_٤٦).

هەندێک لە سەرچاوە ڕەوانبێژییەکان ئاماژە بۆ چوار جێکەوتەی جیاواز بۆ دەرکەوتنی وشە پاتکراوەکە، یا هاوڕەگەزەکان دەکەن، بەڵام لە لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژە بۆ جێکەوتەی پێنجەمیش کراوە، پێناسەکەی (عەزیز گەردی) هەمان پێناسەی (محمد أبو شوارب و أحمد المصری) یە، هەردووکیان جەخت لەسەر چوار جێکەوت دەکەن بۆ دەرکەوتنی وشە پاتکراوەکە یان هاوڕەگەزەکان، بەڵام (سکاکی) لە پێناسەکەیدا پێنچ جێکەوتە بۆ دەرکەوتنی وشەی یەکەم دیاریدەکات.

زانایانی ڕەوانبێژی بە پێی شوێنی وشە هێنراوەکان، چەند جۆرێکی هێنانەوەیان دەستنیشانکردووە، ئێمە تیشک دەخەینە سەر ئەو جۆرانەی، کە لە شیعرەکانی (عەونی) دا بەدیکراون، ئەوانیش:

**١_وشەی یەکەم لەسەرەتای نیوە دێڕی یەکەم:**

**لە خەوما چاوەکەی کاڵت لە خەوما**
**وەکو بەختی ڕەشی من هەر لە خەوما** ل٣٩٤

لەم دێڕەدا شاعیر سێ جار وشەی (لە خەوما) ی بەکار هێناوە، یەکەمیان لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم و دووەمیان لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و سێیەمیان لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا بەهەمان واتا هاتووە، بەمەش مۆسیقایەکی جوانی بەخشیووە و هونەری هێنانەوەی دروست کردووە.

**٢_وشەی یەکەم لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم:**

**نەبوو شەخسێ بکا سەعی لە دنیا بۆ نـەجاتی کورد**
**لە دنـیادا هـەموو تـاڵان و کـوشتن بوو بەراتی کورد** ل٥٣

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر دوو جار وشەی (کورد) ی هێناوەتەوە، یەکێکیان لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و ئەوی تریان لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە، بەمەش هونەری هێنانەوەی دروست کردووە.

**٣_وشەی یەکەم لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم:**

**زۆر جیاوازی لـە ئێـستا و دەوری ڕابوردوو هـەیـە**
**تاج لە بۆ سـەر بوو، بەڵام ئێستاکە هەر بۆ پێ یە تاج** ل١٨٢

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا دوو جار وشەی (تاج) ی بەکارهێناوە، یەکەمیان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم و ئەوی تریان لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم بەمەش هونەری هێنانەوەی پێ دروست کردووە.

# باسی سێیەم

## گێڕانەوە (الترديد)

هونەرێکی تری جوانکاری وشەییە، کە شاعیران بۆ تەواوکردنی کێشی شیعری و دروستکردنی مۆسیقای ناوەوە و جەخت کردنەوەو سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بەکاریان هێناوە، ((ئەوەیە، کە شاعیر وشەیەک دێنێ بەواتایەک دەیبەستێتەوە، دواتر لە هەمان دێڕدا هەمان وشە دەگێڕێتەوە و بە واتایەکی تر دەیبەستێتەوە)). (انعام فوال عكاوی، ٢٠١٤، ص٣٠٣)، واتە ئەو وشەیەی، کە شاعیر دەیگێڕێتەوە، لەپاڵ یەکتردا نایەن، بەڵکو هەر جارەو دەخرێتە پاڵ وشە یان واتایەکی تر، نوسەرانی تریش، کە باسی ئەم هونەرە دەکەن، هەر هەمان بۆچوونیان هەبووە، ((بریتییە لە گێڕانەوەی وشەیەک، هەر جارەی لە پاڵ وشەیەکی تردا)) (الامام يحی بن حمزه بن علی ابن ابراهيم العلوی اليمينی، ٢٠٠٨، ص٢٠٠).

بەکورتی: گێڕانەوە ئەوەیە، کە ئامراز، یان وشەیەک، یان دەستەواژەیەک دووجار یان زیاتر بگێڕدرێتەوە، هەر جارەی لە پاڵ وشە یان واتایەکی جیاوازدا.

شارەزایانی ڕەوانبێژی بە پێی ژمارەو جۆری ئامراز و وشە گێڕدراوەکان، لە دێڕە شیعرەکەدا چەند جۆرێکی گێڕانەوەیان دەستنیشانکردووە، سەبارەت بە جۆرەکانی ئەم هونەرە تیشک دەخەینە سەر ئەو وشە و ئامراز و دەستەواژانەی، کە شاعیر ئەم هونەرەی پێ ڕازاندۆتەوە، ئاماژەش بۆ ئەو جۆرانە دەکەین، کە لە شیعرەکانی (عەونی) دا بەدیمانکردووون:

## یەکەم/ گێڕانەوە بە پێی ژمارەی ئامراز و وشە گێڕدراوەکان:

**١_گێڕانەوەی دوو جاری:**

**نیشتمان دایکی تۆیە، چاوی لە دەستی تۆیە**
**زۆر شەرمە ئەی کوڕی کورد ناچی بۆ هاریکاری** ل٧٦

ئەگەر سەیری ئەم دێڕە شیعرە بکەین، دەبینین ڕاناوی سەربەخۆی (تۆ) دوو جار گێڕدراوەتەوە، جارێک خراوەتە پاڵ وشەی (دایک) و جارێکیش خراوەتە پاڵ وشەی (دەست) بەوەش هونەری (گێڕانەوە) ی دروستکردووە.

**٢_گێڕانەوەی سێ جاری:**

**گوڵی ڕوخسارە، خونچەی لێوە، عەرعەر قەددی شۆخیتی**
**گەهێ بولبول، گەهێ قومری، گەهێ دڵ وا هوزاریتی** ل٢٦٢

(گەه) ئاوەڵناوی کاتی نادیارە، سێ جار لەپاڵ وشەکانی (بولبول) و (قومری) و (دڵ) دا گێڕدراوەتەوە.

**٣_گێڕانەوەی چوار جاری:**

**نە سێوی نە هەناری**
**نە سەروی نە چناری** ل٨٥

(نە) ئامرازی نەرێ یە، چوار جار لە پاڵ وشەکانی (سێو) و (هەنار) و (سەرو) و (چنار) گێڕدراوەتەوە.

## دووەم/ گێڕانەوە بە پێی جۆری گێڕدراوەکە:

**١_گێڕانەوەی ڕاناوی سەربەخۆ:**

**ئــەتــۆش قــەومـێکی کـۆنــی ئــاریـایـی**
**ئەتۆش فەرمان ڕەوا بووی سەردەمی زوو** ل٧٤

(تۆ) ڕاناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاک، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (قەوم) و (فەرمانڕەوا) دا گێڕدراوەتەوە.

**٢_گێڕانەوەی ئاوەڵناو:**

أ_ئاوەڵناوی چۆنیەتی، بۆنموونە:

**ئـەو دڵـە پـڕ سـۆز و پــڕ جـۆش و چریکەی بولبولـەی**
**نیشتیمان بوو خواستی ئەو خستبوویە شوێنی ئەو گوڵەی** ل٢٤٩

(پڕ) ئاوەڵناوی چۆنیەتیە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (سۆز) و (جۆش) دا گێڕدراوەتەوە.

ب_ئاوەڵناوی پرس، بۆنموونە:

**کام گوڵ، کام خونچە، کام وەرزی بەهار**
**شـیــنــی نــەگـێــڕا هـوزاری هـــەژار** ل٩١

(کام) ئاوەڵناوی پرسە، سێ جار لە پاڵ وشەکانی (گوڵ) و (خونچە) و (وەرزی بەهار) دا گێڕدراوەتەوە.

پ_ئاوەڵناوی نادیار، بۆ نموونە:

**دەزانی خۆ ژیانـی مـن بـە بـێ تـۆ**
**هەموو هەر شینە، هەر گریانە ڕۆ ڕۆ** ل٣٤٤

(هەر) ئاوەڵناوی نادیارە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (شین) و (گریان) دا گێڕدراوەتەوە.

ت_ئاوەڵناوی ژمارەیی:

**ئەویستاش دەرفەتە گەر یەک دی بگرن**
**بە مەرجێکی هەموو یەک ڕەنگ و یەک خو** ل٧٤

ئاوەڵناوی ژمارەیی (یەک) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ڕەنگ) و (خو) دا گێڕدراوەتەوە.

ج_ئاوەڵناوی کاتی نادیار:

**گاهێ سولْتانی جیهانە، گاهـ غولاّم و بەندەیە**
**گاهێ بەستەی زووڵفی یارە، گاهـ لە غەم ئازادەیە** ل ٢٥٤

(گاهـ) ئاوەڵناوی کاتی نادیارە، چوار جار لە پاڵ گرێیەکانی (سولْتانی جیهان) و (غولاّم و بەندە) و (بەستەی زووڵفی یار) و وشەی (غەم) دا گێڕدراوەتەوە.

**٣_گێڕانەوەی ئاوەڵناوی نیشانە:**

أ_ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەم....ە)، بۆنموونە:

**قوربان وەرە ئەم جەژنە قوربانە ئەگەر چی**
**ئەم زەحمەت و ئازار و جەفا دانە لەسەر چی** ل٢٦٠

(ئەم....ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ نزیک، دوو جار لە پاڵ وشەی (جەژن) و گرێی (زەحمەت و ئازار و جەفا) دا گێڕدراوەتەوە.

ب_ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەو....ە)، بۆنموونە:

**بەهاران بولبولی ئەو خونچە زارەم**
**لە هاوین قومری ئەو باڵا چنارەم** ل٣٩٨

(ئەو....ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ دووری تاک، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (خونچەزار) و (باڵاچنار) دا گێڕدراوەتەوە.

**٤_گێڕانەوەی نیشانەی نە ناسیاری (ێک):**

**خونچە گوڵێک، لەسەر چڵێک**
**گوێی گرت بوو، لە بولبولێک** ل٢٣٨

(ێک) ئامراز و نیشانەی نەناسیاریە، سێ جار لە پاڵ وشەکانی (گوڵ) و (چڵ) و (بولبول) دا گێڕدراوەتەوە.

**٥_گێڕانەوەی ئامرازی ئەمری نا ئاشکرا:**

**با بۆی دەرچین، با ڕزگار بین**
**بۆچی لە ژیان بێزار بین** ل٢٣٥

(با) ئامرازی دروستکردنی شێوازی ئەمری نا ئاشکرایە، دوو جار لە پاڵ ڕستەکانی (بۆی دەرچین) و (ڕزگار بین) دا گێڕدراوەتەوە.

**٦_گێڕانەوەی ئامرازی بانگکردن:**

**ئـــەی کـــەوی ڕەوت جـــوان**
**ئەی دەنگ خۆشی ناو مەلان** ل٢٨٥

(ئەی) ئامرازی بانگکردنە، دووجار لە پاڵ وشەکانی (کەو) و (دەنگ خۆش) دا گێڕدراوەتەوە.

**٧_گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی:**

أ_ئامرازی پەیوەندی (بە)، بۆ نموونە:

**کەژاڵ و نـەورۆز بـە هـاریـکـاری**
**چەپکێک گوڵی سور بکەن بە دیاری** ل١١٤

(بە) ئامرازی پەیوەندییە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (هاریکاری) و (دیاری) دا گێڕدراوەتەوە، بەمەش هونەری گێڕانەوە دروست بووە.

ب_ئامرازی پەیوەندی (لە)، بۆنموونە:

**سەربەست بێ هەرکەس لە کار و لە ژین**
**بـێ جـیـاوازی لـــە ڕەگـــەز لـــە دیـن** ل١٢٥

ئامرازی پەیوەندی (لە) چوار جار لە پاڵ وشەکانی (کار) و (ژین) و (ڕەگەز) و (دین) دا گێڕدراوەتەوە.

**٨_گێڕانەوەی ئامرازی نەرێ:**

أ_ئامرازی (نە)، بۆنموونە:

**نە خوێن مژین، نە زۆرداری**
**نـە بێ كاریی، نـە هـەژاری** ل٢٣٦

ئامرازی نەرێی (نە)، چوار جار لە پاڵ وشەكانی (خوێن مژین) و (زۆرداری) و (بێ كاری) و (هەژاری) دا گێڕدراوەتەوە.

ب_ئامرازی نەرێی (بێ)، بۆنموونە:

**نــە پـێـڕووی نــە گــەلاوێـژ**
**بێ تیخ و بێ چەك خوێن ڕێژ** ل٨٥

(بێ) ئامرازی نەرێ یە، دوو جار لە پاڵ وشەكانی (تیخ) و (چەك) دا گێڕدراوەتەوە، هەر لەم دێڕەدا (نە) ی ئامرازی نەرێ دوو جار لە پاڵ وشەكانی (پێڕوو) و (گەلاوێژ) دا گێڕدراوەتەوە.

**٩_گێڕانەوەی ئامرازی لێكدەر:**

أ_ئامرازی لێكدەری (یان)، بۆنموونە:

**دروستی كردووی وا ئافەریدگار چی دەزانی تۆ**
**سـروشـت پـادشـایە، یـان گـەدایە، یـان هـەژارێكـە** ل١٩٤

(یان) ئامرازی لێکدەرە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (گەدا) و (هەژار) دا گێڕدراوەتەوە .

ب_ئامرازی لێکدەری مەرجی (گەر)، بۆنموونە:

**گەر ڕۆژهەڵاتە، گەر ڕۆژئاوایە**
**بۆ گەلی هەژار کەی جێی بڕوایە** ل١١١

(گەر) ئامرازی لێکدەری مەرجی یە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ڕۆژهەڵات) و(ڕۆژئاوا) دا گێڕدراوەتەوە.

# باسی چوارەم

## گەڕانەوە

ئەم هونەرە، لەلایەن شاعیرانەوە بۆ جوان کردنی شیعر و چەسپاندنی واتای مەبەست و ڕوونکردنەوە بەکاریان هێناوە، لە ڕەوانبێژی عەرەبی و فارسیدا ئەم هونەرەمان بەرچاو نەکەوتووە، لە ئەدەبی کوردیشدا تەنیا (ئیدریس عەبدوڵڵا) باسی ئەم هونەرەی کردووە، لە بارەی ئەم هونەرەوە دەڵێت: ((بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەمیدا، یان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمیدا، بۆ جەختکردنەوە لە سەر واتای ئەو وشە، یان ئەو وشانەی لە ناوەڕاست، یان کۆتایی دێڕی یەکەمیدا، یان نیوە دێڕی یەکەمیدا هێناویەتی، مەبەستیش لەمە تۆخکردنەوەی ئەو وشەیەیە، کە دووبارە دەگەڕێتەوە سەری، جا ئەمە لەبەر پێشاندانی دەسەڵاتی شیعری خۆی بێت، یان لەبەر جوانیەک، کە بە هۆیەوەی چێژێکی ئەدەبی خۆشتر بۆ شیعرەکەی دروست دەکات، یان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو بارەی بێ، کە گوزارشتی لێکردووە)) (٢٠١٢، ل١٢٢_أ).

**یەکبوون چاکترین دەرمانە**

**ئەو دەرمانەش لای خۆتانە** ل٩٠

شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەمدا باسی (دەرمان) ی کردووە، دواتر لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا یەکسەر جەختی لەسەر (دەرمان) ەکە کردۆتەوە، ئەوەی تۆخ کردۆتەوە، کە ئەو دەرمانە لای خۆتانە، ئەویش یەکبوون و یەکگرتنەوەیە.

**خودا بەخۆت ڕەحمێ بکە بە حـاڵم**
**کە ڕەحمی تۆیە چاری دەردەداران** ل١٩٠

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر باس لە (ڕەحم) ی خوای گەورە دەکات، لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر باسی (ڕەحم) و دەڵێ ڕەحمی تۆیە چاری دەردەداران، بەمەش هونەری گەڕانەوەی دروست کردووە.

**زۆر گەڕام لەو چۆڵ و دەشـتە**
**ئەو دەشتەی وێنەی بەهەشـتـە** ل٢٢٨

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەمدا باسی (دەشت) ی کردووە، لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر (دەشت) و باسی کردووە، مەبەستی لەو دەشتەیە، کە لە بەهەشت دەچێ.

**ئافـەرین بۆ ئـەو گوڵەی گوڵ یاد دەکا**
**ئەو گوڵەی درێژەی ژیان دڵ شاد دەکا** ل٤٥٦

شاعیر لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەمدا باسی (گوڵ) دەکات، لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر ئەو (گوڵ)ە و ڕوونی کردۆتەوە، کە مەبەستی لەو گوڵەیە بە درێژایی ژیان دڵەکان شاد و بەختەوەر دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی هونەری گەڕانەوە.

**دەستـــە گـولێکـی ڕازاوە**
**پێشکەش بە گیانی ئەو لاوە**
**ئـەو لاوەی زۆر بـە چالاکی**
**بەخشی بەکورد گیانی پاکی** ل١٢٤

شاعیر لە کۆتایی دێڕی یەکەمدا باسی (لاو) ێک دەکات، لە سەرەتای دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر (لاو) ەکە و زیاتر لێی دواوە و ڕوونی کردۆتەوە، مەبەستی لەو لاوەیە، کە گیانی پاکی خۆی بە کورد بەخشیووە، بەمەش هونەری گەڕانەوەی دروست کردووە.

**ئـەمـڕۆ ڕۆژێکە کـەوا تێپەڕ دەبێ ڕۆژی چلـەی**
**چونکە هەر لەم ڕۆژەدا وەستا لە لێدان ئەو دڵـەی**
**ئەو دڵە پڕ سۆز و پڕ جۆش و چریکەی بولبولەی**
**نیـشتمان بـوو خواستبوویە شوێنی ئـەو گوڵـەی** ل٢٤٩

لەم دوو دێڕە شیعرەی سەرەوە دەبینین لە کۆتایی دێڕی یەکەمدا شاعیر باسی (دڵ) دەکات، بەڵام ویستویەتی زیاتری لەسەر بدوێ، بۆیە لە سەرەتای دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر باسی ئەو (دڵ) ە و گوتویەتی ئەو دڵەی، کە پڕ لە سۆز و پڕ لە جۆش و چریکەی بولبولە.

**دەبم بە هاوڕێی سەختی خەباتت**
**تـا دەگـاتـە جـێ هـەموو ئاواتت**
**ئـەم ئـاواتـەی تـۆ کـە ئـازادیـە**
**وەک تۆ بۆ منیش مایەی شادیـە** ل٣٠٠

له کۆتایی نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر باسی (ئاوات) ی کردووە، کە دەڵێ من دەبم بە هاوڕێ و هاوخەمت تاکو دەگەیت بە هەموو ئاواتەکانت، دواتر لە سەرەتای دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر (ئاوات) ەکە و ڕوونیکردۆتەوە، مەبەستی لە هەموو ئاواتەکان ئازادی یە، چونکە ئەو ئازادی یە تۆ و منیش دەگەیەنێتە خۆشی و شادی.

**بچێ بۆ شایی بە شادمانی**
**بە ئاوازی خۆش بڵێ گۆرانی**
**چ گۆرانیەک نەغمەی ئازادی**
**دەنگ بداتەوە دەژی بێدادی** ل١١٤

لێرەشدا هونەری گەڕانەوە لە سنوری دوو بەیت دا دروستبووە، ئەویش شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا باسی (گۆرانی) کردووە، دواتر لە سەرەتای نێوە دێڕی یەکەمی دێڕی دووەمدا گەڕاوەتەوە سەر (گۆرانی) و ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، مەبەستی لە چ جۆرە گۆرانییەکە، بەمەش گەڕانەوەیەکی جوانی دروست کردووە.

# باسی پێنجەم

## پاتکردنەوە (التكرار)

پاتکردنەوە وەکو هونەرێکی جوانکاری وشەیی زۆربەی شاعیران بەکاریان هێناوە، بە مەبەستی جەختکردنەوەو چەسپاندنی واتا، یان بەمەبەستی ڕێککردنی سەرواو مۆسیقای ناوەوەی دێڕە شیعرەکان، (عەزیز گەردی) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم هونەرەی کردووە و دەڵێت: ((ئەوەیە هۆنەر یا نوسەر، وشەیەک یا دەستەواژەیەک یا ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک پاتی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ، واتە نابێ وشەکان نە لە ڕواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەر دابێت)) (١٩٧٥، ل٤٧). محمود البستانی لە کتێبی (القواعد البلاغیه فی ضوء المنهج الاسلامی) دا لە بارەی پاتکردنەوە دەڵێت: ((دیاردەیەکی هونەرییە، ئەدەبیاتی نوێ بە شێوەیەکی تایبەت گرنگی پێدەدات، ئەوەش بە سەرچاوە گرتن لەو ڕاستەقینە دەروونیە گشتیەی، کە بۆ ئەوە چووە: فێربوونی ڕەفتار یەک لە ڕەگەزەکانی ئەوەیە پشت بە پاتبوونەوە دەبەستێت، دیارە هونەریش بە ڕۆڵی خۆی دەبێ سود لەو لایەنەوە وەربگرێت بۆ ڕەگەزی پاتکردنەوە، هەندێ ڕەگەزی دیاریکراو بەکاردەهێنێت بۆ چەسپاندنی ئەو مەبەستەی دەق هەیەتی لەسەر دەروونی خوێنەر)) (١٤١٤، ص١٢١).

**جۆرەکانی پاتکردنەوە لە شیعرەکانی (عەونی) دا:**
**یەکەم _بەبەر چاو گرتنی مەبەست لە پاتکردنەوەدا دەکرێت:**

**أ_پاتکردنەوە بە مەبەستی پێداگرتن و جەختکردنەوە بێت، بۆ نموونە:**

**هـەزار مـەجلیـسی وا خـاڵی لـە قـیمەت**
**بە لەعنەت بیٚ بە لەعنەت بیٚ بە لەعنەت** ل٣٩٣

(بەلەعنەت بیٚ) لە نیوە دێڕی دووەمدا سیٚ جار بە مەبەستی جەختکردنەوە پاتکراوەتەوە، ئیمە هەست بە دەسەڵاتی ئەو وشەیە بەسەر بیر و ویژدانی شاعیر دەکەین، کە هەست بە تام و چێژێکی تایبەتی دەکات لە پاتکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە، ئەو پاتکردنەوەیەش ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە گوزارشت کردن لەو ئێش و ئازارە، کە لە دڵ و دەروونی شاعیر دا هەیە.

**ئـێـوە نـامـرن نـامرن دەژین**
**گیانی پاکتان لە سەماو زەمین** ل١١٨

وشەی (نامرن) لە نیوە دێڕی یەکەمدا بەمەبەستی پێداگرتن وجەختکردنەوە پاتکراوەتەوە، کە جەخت لە سەر نەمری ئێوە دەکاتەوە.

**ب_پاتکردنەوە بەمەبەستی ڕێکخستنی سەروای هۆنراوە بێت، بۆ نموونە:**

**بۆکورد سەربەستی و سەربەخۆیەتی**
**مـافـی خـۆیـەتـی مـافـی خـۆیـەتـی** ل٥٠

شاعیر هونەری پاتکردنەوەی لە نیوە دێڕی دووەمدا بەکارهێناوە، ڕستەی (مافی خۆیەتی) دووجار لە نیوە دێڕی دووەمدا بەمەبەستی ڕێککردنی سەروای دێڕە شیعرەکە پاتکردۆتەوە.

**دووەم/ پاتکردنەوە بە پێی پێکهاتەی پاتکراوە کە لە ڕستەسازیدا:**

**١_پاتکردنەوەی ناو:**

**پارچە پارچە شیعری جوان**
**بـیهـۆنمـەوە بـێ وچـان** ل٩٨

(پارچە) ناوە، شاعیر دوو جار لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا پاتیکردۆتەوە.

**٢_پاتکردنەوەی ئاوەڵناوی چۆنیەتی:**

**فرمێسکی خوێنین دەڕێـژێ**
**گۆرانی خۆش خۆش دەبێژێ** ل٢٣٩

(خۆش) ئاوەڵناوی چۆنیەتیە، دووجار لە نیوەدێڕی دووەمدا پاتکراوەتەوە.

**٣_پاتکردنەوەی ئاوەڵکاری ژمارەی چۆنیەتی:**

**بۆ ئەوەی یەک یەک بمان نێتە چاڵ**
**دەستمان ببەستێ وەک تەیری بێ باڵ** ل١١٨

(یەک یەک) ئاوەڵکاری ژمارەی چۆنیەتیە، دوو جار لە نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە و بەمەبەستی جەختکردنەوە پاتکردنەوەی دروست کردووە.

**٤ـپاتكردنەوەی ئاوەڵكاری نادیار:**

**لە مردنی تۆ زۆر زۆر بێ باكە**
**وەربگرە نەزان ئەمەت بۆ چاكە** ل٢٢٢

(زۆر) ئاوەڵكاری نادیارە، دووجار لە نیوە دێڕی یەكەمدا بۆ جەختكردنەوە پاتكراوەتەوە.

**٥ـپاتكردنەوەی كار:**

**أـپاتكردنەوەی كاری ڕابوردووی هەواڵی تێپەر:**

**كردیان بە گاڵە ها بردی بردی**
**بەچكە ورچێكیان برد بۆ پشت گردی** ل٣٠٩

(برد) كاری ڕابوردووی هەواڵی تێپەڕە، دووجار لە نیوە دێڕی یەكەمدا بۆ ڕێككردنی سەروا هاتووە، بەمەش پاتكردنەوەی دوویی دروستكردووە و مۆسیقایەكی بە دێڕە شیعرەكە بەخشیووە و كێش و سەرواكەشی ڕێككردووە.

**بـپاتكردنەوەی كاری ڕانەبوردووی دانانی:**

**بڕۆین بڕۆین تا دەتوانین**
**بەرەو ئاسۆی گەش بڕوانین** ل٢٣٥

(بڕۆین) كاری ڕانەبردووی دانانی خۆزگەییە، دوو جار لە نیوە دێڕی یەكەمدا بۆ دەستپێكردن و تەواو كردنی كێشی شیعری پاتكراوەتەوە.

**پ_پاتکردنەوەی کاری بوون لە دەمی ڕابوردوودا:**

**لـە ڕێ ی هـات و نـەهـاتـا بـا سـەفـەر کەین**
**ئەوەی بوو بوو، ئەوەی هات و ئەوەی چوو** ل٧١

کاری (بوون) لە دەمی ڕابوردوودا دوو جار لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا پاتکراوەتەوە و ڕیتمی ناوەوەی بە نیوە دێڕی دووەم بەخشیووە.

**٦_پاتکردنەوەی ڕستە:**

**بـڵـێ خـەم ئـاشـنـایـە، ئـاشـنـایـە**
**لەتەنگ دەستی ئەوەی دۆستی لە بیربێ** ل٤٠٠

(ئاشنایە) ڕستەیە، بەمەبەستی جەختکردنەوە دوو جار لە نیوە دێڕی یەکەمدا پاتکراوەتەوە.

**سێیەم/ جۆرەکانی پاتکردنەوە بە پێی ژمارەی پاتکراوەکە:** بەزۆری پاتکردنەوەکان لەلای (عەونی) دا پاتکردنەوەی (دوویی) یە، نموونەی ئەم جۆرەی پاتکردنەوەش لە جۆری یەکەمدا خراوەتەڕوو، لە هەندێک نموونەی کەمیش پاتکردنەوەی لە جۆری پاتکردنەوەی سێیی بەکاربردووە، بۆ نموونە:

**ئـاشـنـا بـوونـمـان بـە یـەکـتـری بێ گـومـان**
**جێ ی گومانە جێ ی گومانە جێ ی گومان** ل٣٢٨

(جێی گومانە) سێ جار لە نیوە دێڕی دووەمدا بەمەبەستی جەختکردنەوە هاتووە، بەمەش پاتکردنەوەی سێیی دروست کردووە.

**چوارەم/ پاتکردنەوەی بڵاو:**

هەندێک جار لەیەک دێڕدا پاتکردنەوەی بەدوو وشەی جودا دروستکردووە، بۆ نموونە:

**خێزان خێزان، دەستە دەستە**
**دادەنیشین وەک گوڵ بەستە** ل٢١٦

وشەکانی (خێزان) و (دەستە) ناون، هەریەکەیان دووجار لە نیوە دێڕی یەکەمدا پاتکراونەتەوە.

**پێنجەم/ پاتکردنەوەی هاوواتا:**

جۆرێکی دیکەی پاتکردنەوە، لای عەونی زۆر هاتووە، ئەویش پاتکردنەوەی وشە و هاوواتا کەیەتی، واتە: هەمان وشە بە واتاکەی پاتکراوەتەوە، بەڵام بە فۆرمەکەی پاتنەکراوەتەوە، ئەوەش چونکە هەندێک جار وشەی یەکەم کوردییە وشەی دووەم عەرەبیە، بۆ نموونە (سوپاس و شوکر، ڕاستی و حەق، وەخت و کات، یاساو قانون، ئارام و سەبر، فەرق و جودا).

**ڕاستی و حەق گەر هەبێ هەروا سنورێکی هەیە**
**نەچووە ژێر باری کەسێک بۆیە بەبێ کەسی مایەوە** ل٧٥

(ڕاستی و حەق) وشەی هاوواتان (ڕاستی) وشەی یەکەم کوردی یە و (حەق) وشەی دووەم عەرەبیە، پاتکردنەوەی هاوواتای دروستکردووە.

هەندێک جاری تریش هۆی دروست بوونی پاتکردنەوەی هاوواتاکە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو وشەی (شێوە زاری) ناوچەیی، بۆ نموونە لە هەولێر وشەی (سێبەر) بەکاردێنن، بەڵام لە سلێمانی وشەی (سایە) بەکاردێنن، بۆنموونە:

**ڕۆژێک لە گەشت بووم لە کۆهسارێک**
**لـە ژێـری سـایـە و سـێبـەری دارێک** ل١٢٧

(سایە و سێبەر) وشەی هاوواتان، پاتکردنەوەیان دروستکردووە.

# باسی شەشەم

## بوونی پێویستە (لزوم ما یلزم)

یەکیکە لە هونەرە جوانکارییە وشەییەکان، لە شیعر و لە پەخشاندا بەکاردێت، کە شاعیر یا پەخشاننووس بۆ گۆکردنێکی ئاسان پەیوەست دەبێت بە پیتێک، یان زیاتر لە پێش پیتی ڕەوی، بوونی پێویستە لە عەرەبیدا (لزوم ما یلزم) ی پێدەگوترێت، (بسیونی عبدالفتاح) لە بارەی ئەم هونەرە دەڵێت : ((ئەوەیە شاعیر پەیوەست دەبێت، بە پیتێک، یان زیاتر، بۆئەوەی بەر لە پیتی ڕەوی دا بیهێنێتەوە، ئەمەش جۆرێک لە جوانکاری بە دێڕە شیعرەکە دەدات، ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی لە ناخی شاعیرەوە هەڵقوڵابێ، بەڵام ئەگەر بە زۆر لە خۆکردن یان خۆ تەکلیف کردنەوە هاتبێت، بۆ هێنانەوەی ئەم جۆرە هونەرە جۆرە لەنگیەک بە دێڕە شیعرەکە دەدات)) (٢٠٠٨، ص٢٦٥)، یانیش کورتتر لەوەی سەروو گوتراوە: ((ئەوەیە، کە شاعیر بەر لە پیتی ڕەوی پیتی تر بێنێتەوە، کە ئەو پیتانە بۆ سەرواکە پێویست نەبن و جا لە دوو دێڕی بە دوا یەکدا هاتبێت یان زیاتر)) (رجاء السید الجوهری، ص٢٧٤).

**بەپێی ژمارەی ئەو پیتانەی دەکەونە پێش پیتی ڕەوی، جۆرەکانی بوونی پێویستە دروست دەبێت:**

**١ـبوونی پێویستەی یەک پیتی:** لەم جۆرەیاندا، تەنیا یەک پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی دێت، بۆنموونە:

**ئەی گوڵ لەسەر چڵانت**

**بوویین بـە پاسـەوانت** ل٢٧٩

ئەم دێڕە شیعرە دوو وشەکانی کۆتایی، کە کەوتونەتە بەرامبەر یەک بریتین لە وشەکانی (چڵانت) و (پاسەوانت) ئەمانە وشەی سەروانە، (ت) پاش

ڕەوییە، (ن) پیتی ڕەوی یە، (ا) پێش ڕەوییە و بوونی پێویستەیی یەک پیتی یە.

**بـە تـوندی پـێ مـەنێ سـەر خـاک و ئەندامی نیگارێکـە**
**نەکەی پێی دا بڕۆی چونکە لە جەستەی چەند هەزارێکە** ل١٩٤

(نیگارێکە، هەزارێکە) وشەی سەروان، (ێکە) پاش ڕەوی یە، (ر) پیتی ڕەویە، (ا) پێش ڕەوییە و بوونی پێویستەی یەک پیتی یە.

**٢_بوونی پێویستەی دوو پیتی:** لێرەدا دوو پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی دێت، بۆ نموونە:

**نـامـەوێ ژینی پەستی**
**دەکەومە بیر و هەستی** ل٢٧٩

وشەکانی (پەستی، هەستی) وشەی سەروان، (ی) پاش ڕەوییە، (ت) پیتی ڕەوییە، پیتەکانی (ە، س) پێش ڕەوییە، بوونی پێویستەی دوو پیتین سەرواکانیان تۆکمە و بە هێز کردووە.

**ئـێستا دڵـەکەم بێ لانـە و مـەرزە**
**ئاوارە و گەڕۆک وەک لاوی هەرزە** ل٢٢١

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی (مەرزە) و (هەرزە) وشەی سەروان، (ە) پاش ڕەوییە، (ز) پیتی ڕەوییە، پیتەکانی (ە، ر) پێش ڕەوی و بوونی پێویستەی دوو پیتی یە.

**٣ــبوونی پێویستی سێ پیتی:** لێرە سێ پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی دێت، بۆ نموونە:

**بیکەی بە پەندی زەمانە**
**بەدکار ئەنجامی نەمانە** ل٢١٣

وشەکانی (زەمانە) و (نەمانە) وشەی سەروان، (ە) پاش ڕەوییە، (ن) پیتی ڕەوی یە، پیتەکانی (ە، م، ا) پێش ڕەوی و بوونی پێویستەی سێ پیتی یە.

**داگیرکەرانی هاتنە کوردستان**
**نەگەڕانەوە چوون بۆ گۆڕستان** ل١٣١

لەم دێڕەدا وشەکانی (کوردستان) و (گۆڕستان) وشەی سەروان، (ن) پیتی ڕەوییە، پیتەکانی (س، ت، ا) پێش ڕەوی یە و بوونی پێویستەی سێ پیتی دروستکردووە.

**٤ــبوونی پێویستەی چوار پیتی:** لەم جۆرەیاندا چوار پیتی پێویستە لە پێش پیتی ڕەوی دێت، بۆ نموونە:

**بەرەو جیهانێکی بەرین**
**کە ئێمە لێی بێ خەبەرین** ل٢٢٥

وشەکانی (بەرین) و (خەبەرین) وشەی سەروان، (ن) پیتی ڕەوی یە، پیتەکانی (ب، ە، ر، ی) پێش ڕەوی یە و بوونی پێویستەی چوار پیتییە.

# باسی حەفتەم

# ڕەنگامە یان مولەممەع

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی، کە لە (الملمع) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە کوردیشدا (ڕەنگامە) لە بەرامبەر ئەم هونەرە بەکارهاتووە، ((ڕەنگامە بەو شیعرە دەگوترێ، کە بە زمانێک زیاتر دەنووسرێ، واتە بە دوو یان سێ یان چوار زمان دەنووسرێ، لەم هونەرەدا ئەو زمانەی بەکاردێ دەبێ بەلایەنی کەمەوە بگاتە ئاستی ڕستەیەک، چونکە ئەگەر تەنیا وشە و دەستەواژەی زمانێکی تر بەکاربێ شیعرەکە نابێ بە ڕەنگامە)).(عەزیز گەردی، ٢٠٠٢، ل١١٠)، (عەلی فەتاح دزەیی) یش لەم بارەی ئەم هونەرە دەڵێت: ((ئەوەیە، کە بەیتە شیعرێک، هەردێڕکی بە زمانێکەوە بێ، گەر پارچە هەڵبەستێک، بە دوو زمان، یان پتر ڕێکخرا، ناوی هەڵبەستەکە دەبێتە مولەممەع)) (١٩٨٤، ل٤٥).

## مولەممەعی داهێنراو و مولەممەعی تێکهەڵکێشراو

مولەمەعی داهێنراو: ئەوجۆرە مولەمەعەیە، کە هەموو دێڕەکانی شیعرەکە هی شاعیرەکە خۆی بێت و لە شاعیرێکی تری وەرنەگرتبێ، بەڵام بەچەند زمانێکی جیاواز نووسیبێتی، نموونەی ئەم جۆرە مولەمەعە، لە شیعرەکانی عەونی دا نیە.

مولەمەعی تێکهەڵکێشراو: (ئیدریس عەبدوڵڵا) پێی وایە، کەمولەممەعی تێکهەڵکێشراو ((بریتییە لەو هونەرەی لە نێوان (مولەممەع) و(تێکهەڵکێش) دایە،

لەلایێک (مولەممەع) و لەو لایشەوە (تێکهەڵکێش)..)) (٢٠١٣، ل٨٠)، چونکە لەو جۆرە مولەممەعەدا، شاعیر نیوە دێڕەکانی شیعری خۆی لەگەڵ نیوە دێڕەکانی شاعیرێکی تر، کە بە زمانێکی تر و بە زمانی نەتەوەیی خۆیان شیعرەکەیان نوسیووە تێکهەڵکێش دەکات، کە نموونەی ئەم جۆرەیان لە شیعرەکانی عەونی دا بەرچاو دەکەوێت، عەونی مولەمەعێکی تێکهەڵکێشراوی لەسەر شیعرێکی حافزی شیرازی داناوە، شیعرەکەی حافزی بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبیە، لەگەڵ کوردیەکەی خۆی مولەممەعی پێدروست کروونە.

**پێویست نیە کە بیڵێم دەردی دەروونی زارم**
**(خود میشود محقق از اب چشم خامة!!)**
**بادی صەبا هەڵیگرت پەردە لە ڕوویی یارم**
**(کالشمس فی ضحاها تطلع من الغمامة)**
**(حافظ) کە ویستی (عەونی)جامێ شەراب لە ساقی**
**(حتی یذوق منه کأسا من الکرامة!!)** ل٣٨٥

ئەم مولەمەعەی سەرەوە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسراوە، کە هەموو نیوە دێڕەکانی یەکەم شاعیر هی خۆیەتی و بە زمانی کوردی نووسیویەتی، نیوە دێڕەکانی دووەمیش هی حافزی شیرازی یەو بە زمانی فارسی و عەرەبی نووسراوە.

# باسی هەشتەم

## لێیوەرگرتن (اقتباس)

لەم هونەرەدا شاعیر جگە لە وتەکانی خۆی، وتەی تر وەردەگرێ بەو هۆیەوە دەربڕینەکانی خۆی پێ پڕ واتا و بەپێزتر دەکات، لێیوەرگرتن: ((بریتییە لەوەی پەخشان یان شیعر شتێک لە قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ)، یان هەر گوتەو دەربڕینێکی بەهێز لەخۆبگرێت، بەڵام لێرەدا مەرج ئەوەیە، کە وەرگیراوەکە نابێت لە ڕستەیەکی سادە کەمتر بێت و نابێ ئاماژەش هەبێ، کە ئەو گوتەیە وەرگیراوە)). (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل١٢٧_أ)، ((واتە باسی خاوەنەکەی نەکا، چونکە ئەگەر باسی کرد، وەیا ناوی هێنا، ئەمە بە چەمکی لێیوەرگرتن ناو نابرێ، بەڵکو ئەبێ بە تێکهەڵکێش)). (عەلائەدین سەجادی، ١٩٧٨، ل١٥٣)، (محمد حسین محمدی) یش لە ئەدەبی فارسیدا لەبارەی ئەم هونەرەوە دەڵێت: ((بریتییە لەوەی، کە شاعیر یان نوسەر لە پێکهاتەی قسەکانی یان لە ڕێکخستنی قسەکانیدا، ئایەتێک یان فەرموودەیەک یان هەر بابەتێکی تر بەکاربێنێت، لەبەر پیرۆز ڕاگرتن و بەرز نرخاندنی)) (١٣٩٠، ل١٧٩).

بەپێی ئەو سەرچاوە ڕەوانبێژیانەی، کە لەبەردەستدا بوون هونەری لێیوەرگرتن زیاتر تایبەتە بە وەرگرتنی شتێک دەقاو دەق وەکو خۆی لە قورئانی پیرۆز یا لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە دەتوانرێت گۆڕانکاریەکی کەم لە لێیوەرگرتنەکە بکرێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بە پێی فراوانبوون و بەرەو پێشچوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەتوانرێت لێیوەرگرتن لە هەندێک

شتی تریشدا بکرێت، وەکو چیرۆک، ئیدیۆم، گوتەی ئامادە، پەندی پێشینان،.....هتد

لە دیوانی عەونی دا دەتوانین بە دوو جۆر لێیوەرگرتنەکان دەستنیشان بکەین:

**یەکەم/ لێیوەرگرتن بە پێی جۆری وەرگیراوەکە، چەند جۆرێکە ئەوانیش:**

**أ_لێیوەرگرتن بە ئایەتی قورئانی پیرۆز:**

**ناگەینە ئامانج بە دانیشتن برا**
**لیــس للانســان الا مــا ســعی** ل٢٤٥، (سوره النجم: ایه ٣٩)

ئەم دێڕە شیعرە لێیوەرگرتن بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە، شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا (لیس للانسان الا ما سعی) لە ئایەتی (٣٩) ی سوڕەتی (النجم) ی وەرگرتووە و شیعرەکەی پێ بەهێز و جوانکردووە، بەوەش هونەری (لێیوەرگرتن) بەرهەمهاتووە.

**ب_لێیوەرگرتن بە ئیدیۆم:** ئیدیۆم ((بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسای دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن، ئەو واتایەی، کە دێتە کایەوە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە لە واتای کەرتەکانەوە، یان پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت)). (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ل١٦٧)، ((ئەوەیە وشەیەک یان دەستەواژەیەک بێنیت، کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت هەر لەو کاتەدا لە ڕستەکەدا مانایەکی تر بدات بەدەستەوە و مەبەست ئەم مانایەی دوایی یە)) (عەزیز گەردی، ١٩٧٢، ل٨٨).

**ئاگری ژێر کای تەمەع دەستی لێ هەڵناگرێ**
**ساڵەهای ساڵە دەسوتێ بۆچی هەر نەکوژایەوە** ل٧٥

(ئاگری ژێرکا) ئیدیۆمە ((بەیەکێک دەوترێت، کە بەنهێنی ئاشوب بگێڕێت، زیان بەخەڵکی بگەیەنێت، خەڵک بەگژیەکدا بکات، ئاگرێک لەبن کادا بێت کەس پێی نازانێت، دزە بۆ هەموو لایەک دەکات و کاکەش دادەمرێنێتەوە)) (جلال محمود علی، ١٩٨٢، ل٤٠)، شاعیر ئەم ئیدیۆمەی وەرگرتووە و لەگەڵ دێڕەشیعرێکی خۆیدا تێکەڵی کردووە وهونەری لێیوەرگرتنی بەرهەمهێناوە.

**پ_لێیوەرگرتن بەگوتەی ئامادە:** گوتەی ئامادە ((گوتەییێکە کورت و پوختە و گوزارشت لە واتاییێکی دیارو ئاشکرا دەکات، لەمێژەوەیە لەسەر زارانە و خەڵک لەیەکتری فێربووە، بەئامادەیی لە فەرهەنگی بیریدا هەیە، بۆیە لەو کاتانەی پێویست بەو جۆرە گوتانە دەکات، قسەکەر ئەو گوتە ئامادانە بەکاردێنێ و پێویست بەوە ناکات، خۆی بەوە ماندوو بکات، بەدوای جۆرێکی دەربڕینی تایبەتدا بگەڕێ، کە دەشێ وەکو گوتە ئامادەکەی لای جوان و ڕوون و کاریگەر و ئاسانیش نەبێ)) (ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، ٢٠١٤، ل٣٠٨).

**ئیمرۆ هیممەت نەنوێنین سبەی بەجێ دەمێنین**
**بەخودا هیچ پارە ناکا گریان و شین و زاری** ل٧١

(بەخودا هیچ پارە ناکا گریان و شین و زاری) گوتەی ئامادە و قسەی سەرزاری خەڵکە، شاعیر لەگەڵ ئەم دێڕە شیعرەی خۆیدا تێکەڵی کردووە و بەمەش هونەری لێیوەرگرتنی بەرهەمهێناوە.

**ت_لێیوەرگرتن بە پەندی پێشینان:** پەندی پێشینان ((عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراون مەعنایەکی بەرزیان تێدایە لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتونەتە سەر زمانی کوردی)). (عەلائەدین سجادی، ١٩٧١، ل١٢٦)، ((پەندی پێشینان: وتارێکی کورتی ڕێک و پێکی جوانی بە تامی بە تەوژمی بە تینی کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی بێداری ئاوەدانی ئاگاداری پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە، لەپاش بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی زۆر و دوور و درێژ، پەندی پێشینان میرات و کەلەپورێکی ئەدەبییە باو و باپیران لە هەزاران سالەوە بۆیان بە جێ هێشتوین)) (شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٥٧، ل٤).

**خـەزانیش دەڕوا بـەهـار دێـتـەوە**
**گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە** ل٢٣٧

(گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە) پەندێکی پێشینانی کوردیە، واتە: هەرکەسەو دەگەڕێتەوە سەر ڕەگەزی خۆی، شاعیر لەگەڵ دێڕە شیعرێکی خۆیدا تێکەڵی کردووە، چونکە هیچ نیشانەیەکی زمانی نیە و ئاماژە ناکات، کە ئەم پەندەی وەرگرتووە، بۆیە هونەری لێیوەرگرتنی لێ دروست کردووە.

**بێوەژن بۆ شـو مـەیلی هەرمـاوە**
**کوێر هەتا دەمرێ بەتەمای چاوە** ل٤٥٦

(کوێر هەتا دەمرێ بەتەمای چاوە) پەندێکی پێشینانی کوردیە، واتە مرۆڤ هەمیشە بە ئاواتەوە دەژی، شاعیر تێکەڵی کردووە لەگەڵ ئەو دێڕە شیعرەی خۆیدا و لێیوەرگرتنی لێ بەرهەمهێناوە.

**دووەم/ لێیوەرگرتن بەڕەچاوکردنی وەرگیراوەکە وەکو خۆی وبەبێ دەستکاری وەریگرتووە، یان بە دەستکاریەوە وەریگرتوە، دوو جۆری هەیە، ئەوانیش:**

**أ_لێیوەرگرتن بە بێ دەستکاری:** لێرەدا شاعیر بەبێ دەستکاری و وەکو خۆی وەریدەگرێ، بۆ نموونە:

**کەسێ بابێ بکوژرێتن هـەموو رۆژ هـەر ئەوەل ڕۆژە**
**کوشندە حەقی کوژرانە سەگی هار عومری چل ڕۆژە** ل٥٦

(سەگی هار عومری چل رۆژە) پەندێکی پێشینانی کوردی یە، شاعیر وەکو خۆی بە بێ دەستکاری و بێ ئاماژەپێدان بە شیعرەکەی خۆی تێکەڵکردووە.

**ب_لێیوەرگرتن بەدەستکاری:** لێرەدا شاعیر ئەوەی وەریدەگرێ، دەستکاریەکی کەمی دەکات، بۆ نموونە:

**دژ بە کەس ناوەستم و باکەس نەوەستێ دژ بـەمن**
**مـن کە بـارم شوشـەبێ بەردیش لە خـەڵکی ناگرم** ل٦٨

(کە ماڵت لە شوشە بوو، ماڵی خەڵکی بەرد باران مەکە)، پەندێکی پێشینانە، شاعیر بە دەستکاری یەوە وەریگرتووە و لەگەڵ دێڕە شیعرێکی خۆیدا تێکەڵ کردووە و لێیوەرگرتنی بەرهەمهێناوە.

# باسی نۆیەم

# تێکهەڵکێش (التضمين)

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی، کە شاعیر بۆخستنەڕووی توانای شیعریی ودروستکردنی پەیوەندی لە نێوان گوتەکانی خۆیی و ئەو گوتانەی، کە وەریدەگرێت و تێکهەڵکێش بە شیعرەکانی دەکات، (محمود البستانی) لە پێناسەی هونەری (تێکهەڵکێش) ەوە دەڵێت: ((دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان دوو لایەنی ئاخاوتن، لەڕێگەی ئەوەی یەکێکیان شتێکی لە واتای ئەوەی تر وەرگرتبێ، وەرگیراوەکە دەربڕینێکی خوێنراو یان بیستراو بێ وەکو ئایەتێکی قورئانی یان فەرموودەیەک یان مەسەلەیەک یان شیعرێک یان ڕوداوێک)) (١٤١٤، ص٢١٧).

نوسەرانی کوردیش لە بارەی (تێکهەڵکێش) ەوە دواون و تایبەتیەکانیان دەستنیشان کردووە، (ئیدریس عەبدوڵلا) ش لەباسی تێکهەڵکێشەوە دەڵێت: ((بریتییە لە تێکهەڵکێش کردنی ڕستە و گوتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی لە نۆێ دایدەڕێژێت، جا گوتە و ڕستەکە ئایەتێکی قورئانی بێت، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشەویست بێت (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، یان پەندێکی پێشینان، یان نیوە دێڕ و دێڕە هۆنراوەی شاعیرێکی تر، یان تەنانەت شیعرێکی تەواوی شاعیرێکی تر، یان هەر دەربڕینێکی تر بێت، بەو مەرجەی لە سنوری ڕستەیەکی سادە کەمتر نەبێت و ئاماژەش هەبێت، کە ئەم ڕستەیە وەرگیراوە و بەشێکی دیکە نیە لە گوتاری خودی شاعیرەکە)) (٢٠١٣، ل٥٩).

**بەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوەیەی شتەکەی لێوەردەگیرێت(عەونی) چەندجۆرێک تێکهەڵکێشی بەکارهێناوە، ئەوانیش:**

**١_تێکهەڵکێش بە پەندی پێشینان:** شاعیر پەندێکی پێشینان وەردەگرێت و تێکهەڵکێش بە شیعرەکەی خۆی دەکات ئاماژەش بەوە دەکات، کە ئەو پەندەی وەرگرتووە، بۆ نموونە:

**عومری چل ڕۆژە سەگی هار کورد دەڵێ**
**مەحوە ئەنجامی هەموو تاغی و عەنید** ل٦٣

(عومری چل رۆژە سەگی هار) پەندێکی پێشینانە، (بەکەسانی یاخی و دەست درێژکەر دەگوترێت) شاعیر خستوویەتیە ناو شیعرەکەی خۆی، بەوەش تێکهەڵکێش بەپەندی پێشینان بەرهەمهاتووە، (کورد دەڵێ) لێرەدا بۆتە ئاماژەی زمانی.

**مەسەلێک هەیە بە کوردی دەڵێ**
**چاوی لە دەرێ خۆڵی تێ وەرێ** ل١١١

(چاوی لە دەرێ خۆڵی تێ وەرێ) پەندێکی پێشینانە، شاعیر ئەم پەندەی بە شیعرەکەی خۆیدا تێکهەڵکێش کردووە، (مەسەلەی کوردی دەڵێ) لێرە بۆتە ئاماژەی زمانی.

**گوتی: دەوەن بووم کاتێ بووم بە دار**
**کەوتمە ژێر دەستی چەرخی ڕۆژگار** ل١٢٩

(دەوەن بووم کاتێ بووم بە دار) پەندێکی پێشینانە، (واتە هەر شتە بچووکەکانن گەورە دەبن) شاعیر بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە، بە دەستکاریەوە، چونکە پەندەکە دەڵێت: (هەر دەوەنە و دەبێ بە دار) گوتی: ئاماژەی زمانییە.

**ئەمەت بیستوە لە مێژە**

**(زۆر ببیە و کەم ببێژە)** ل٢٣٣

(زۆر ببیە و کەم ببێژە) پەندێکی پێشینانە، شاعیر لەگەڵ شیعرێکی خۆیدا تێکهەڵکێشی کردووە، (ئەمەت بیستوە) بۆتە ئاماژەی زمانی و هونەری تێکهەڵکێش بە پەندی پێشینان بەرهەمهاتووە.

**فـەرمـوویـانـە لـەمــەو پـێــش**

**خێر بە خوێش نەک بە دەروێش** ل٢٣٣

(خێر بە خوێش نەک بە دەرویش) پەندێکی پێشینانە، واتە خێرکردن بە خزم و کەسی نزیکت باشترە نەک بە کەسانی دوور و بێگانە، شاعیر خۆی دەڵێت لە پێشینان وایان گوتوە، (فەرموویانە) بۆتە ئاماژەی زمانی، شاعیر ئەم پەندەی لەگەڵ شیعرێکی خۆیدا تێکهەڵکێش کردووە و هونەری تێکهەڵکێش دروستبووە.

**پـەیکەری گـەورە بـۆش و بـەتاڵە**

**مەسەلەی کوردە چەند هەزار ساڵە** ل٣١٢

(پەیکەری گەورە بۆش و بەتاڵە) پەندێکی پێشینانە، (مەسەلەی کوردە) بۆتە ئاماژەی زمانی، شاعیر ئەم پەندەی وەرگرتووە و لەگەڵ دێڕە شیعرێکی خۆیدا تێکهەڵکێشی کردووە.

**٢_تێکهەڵکێش بە شیعری شاعیران:** شاعیر نیوە دێڕێکی شاعیرێکی تر وەردەگرێت وتێکهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی دەکات و بەجۆرێک ئاماژە بە ناوی شاعیرەکە بکات، کە بۆنی دزی لێکردنی لێ نەیەت.

**أ_تێکهەڵکێش بە شیعری حاجی، بۆنموونە:**

**کەچی (وەک ئاگری ژێر کاین لەگەڵ یەک)**
**بە ڕەحمەت بێ کە (حاجی) ڕاستی فەرموو** ل٧٣

(وەک ئاگری ژێر کاین لەگەڵ یەک) شاعیر ئەم نیوە دێڕەی لە شیعرێکی (حاجی) وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی بە شیعری خۆی کردووە، حاجی دەڵێت :

**هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک**
**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پوشەک** دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٦٩

حاجی قادریش لە بنەڕەتدا (ئاگری ژێرکا) ی لە ئیدیۆمێک وەرگرتووە، شاعیریش هاتووە بە هەمان تایبەتمەندی حاجی وەریگرتووە و تەئکید دەکاتەوە، کە دەڵێ حاجی ڕاستی فەرموو.

**وەکو (حاجی) کە فەرمووی یەک دی نەگرن**
**دەبـینـی زوو وڵاتـیـش لـە دەسـت چـوو** ل٧٤

شاعیر ئەم دێڕە شیعرەی خۆی تێکهەڵکێش بە شیعرەکەی (حاجی) کردووە، بەڵام بە دەستکاریەوە چونکە حاجی دەڵێت:

**ئەگەر کارێک نەکەن لـەم بەینەدا زوو**

**مەمالیک کاتەکی زانیت لە دەست چوو** دیوانی حاجی، ل١٩٥

**ب_تێکهەڵکێش بە شیعری هێمن، بۆنموونە:**

**ڕاسـتی فـەرمـوو هێمنی شـاعیر دەڵـێ:**

**ئەو گەلەی حاشا دەکەن بوونی و هەشە** ل٢٥٣

شاعیر ئەم دێڕە شیعرەی خۆی تێکهەڵکێش بە شیعرێکی (هێمن) کردووە، نیوە دێڕی دووەم هی (هیمنی موکریانی) یە شاعیر وەریگرتووە و ئاماژە ی پێداوە، کە ئەمەی لە هێمنی شاعیر وەرگرتووە، بەڵام بە دەستکاریەکی کەم، چونکە هێمن دەڵێت:

**شـیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**

**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**

دیوانی هێمن، ل٢٨٢

**٣_تێکهەڵکێش بە گوتەی فەلەک ناسان:** لێرەدا شاعیر گوتەی فەلەک ناسان تێکهەڵکێش بە شیعری خۆی دەکات، بۆ نموونە:

**دەڵێن لە ماوەی سەد ساڵ دا یەکجار**

**هـەڵدێ ئـەسـتێرەی سـوری کـڵـکدار** ل١١١

(لەماوەی سەد ساڵ دا یەک جار، هەڵدێ ئەستێرەی سوری کلکدار)، گوتەی فەلەک ناسانە، شاعیر لەگەڵ شیعرێکی خۆیدا تێکهەڵکێش کردووە، دەڵێن بۆتە ئاماژەی زمانی.

**٤_تێکهەڵکێش بە گوتەی لیژنەی مافی مرۆڤ:**

**گوتیان ژێر دەستی و زۆرداری نەما**
**قەڵای زۆرداری و خوێن ڕێژی نەما** ل١٢٥

(ژێر دەستی و زۆرداری نەما، قەڵای زۆرداری و خوێن ڕێژی نەما) گوتەی لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانە، شاعیر ئەم گوتەیەی خستۆتە نێو شیعرەکەی خۆی و بەمەش (هونەری تیکهەڵکێش) بەرهەمهاتووە، (گوتیان) یش بۆتە ئاماژەی زمانی.

**٥_تێکهەڵکێش بە تێگەیشتن و بە سەرهاتەکانی مێژوو:**

**دەڵێن سەربەستی ناکڕێ**
**ماف وەردەگیرێ نادرێ** ل١٠٠

(ماف وەردەگیرێ نادرێ) ئەم گوتەیە بۆ هاندانی جەماوەر و تێکۆشەرانی گەلان لە زۆربەی ئەدەبیاتی سیاسی گەلاندا وەک ڕاستیەکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئەزموونکراوە، بۆتە هەوێنی ڕاپەرین و شۆرشەکان دژی زوڵم و زۆرداری، بێگومان گەلی کورد و ئەدەبەکەشی

وەک بەشێک لە مێژووی گەلان و ئەدەبیاتی جیهانی لە تەماسی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆدا بووە لەگەڵ ئەدەبی گەلانی دیکە و لەو سۆنگەیەشەوە لە ڕابوردوودا کەم و زۆر تیژ و تیۆریەکان کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیان لە بزاوتی سۆسیۆسیاسی و کۆمەڵایەتی کەلتوری ئێمەدا هەست پێکراوە، بۆیە شاعیر ئەم دێڕە شیعرەی تێکهەڵکێش بە ڕاستی مێژوویی و ئیلهام وەرگرتن لە ڕووداو ئەزموونەکانی ناو مێژووی گەلان کردووە.

**سەیری مێژووکە کە سەربەستی چلۆن دەست دەکەوێ**
**گــەلـێ ئــازادی بــوێ خــوێنـی لــە ڕێ دەڕژێـنـێ** ل٧٨

لەم دێڕە شیعرەدا تێکهەڵکێشی شاراوە هەیە بە تێگەیشتن و بەسەرهاتەکانی مێژوو، ئەو تێکهەڵکێشە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناڵێت (مێژوو) وا دەڵێت، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ تێمان دەگەیەنێت، کە مێژوو وامان پێدەڵیت لە وانەکانی مێژوودا ئەوە فێربوین، کە ئەگەر گەلێک ئازادی بوێ دەبێ خوێنی بۆ بڕژێنرێت.

**٦_تێکهەڵکێش بە گوتەی پێشەوا قازی محەمەد:**

**پێشـەوا قــازی لـە بـن دارا گوتـی**
**حوکمی زاڵم هەر زەواڵی دێ ئەکید** ل٦٣

شاعیر ئەم دێڕە شیعرەی خۆی لەگەڵ گوتەیەکی قازی تێکهەڵکێش کردووە، (حوکمی زاڵم هەر زەواڵی دێ ئەکید) ئەم گوتەیە هی پێشەوا قازی محەمەدە، کاتێ کە پێشەوایان بردە ژێر پەتی سێدارە ئەم قسەیەی کرد، لە

هونەری تێکهەڵکێش دا دەبێ ئاماژەی زمانی هەبێ، لە ئاماژە زمانیەکشدا ئەوەیە، شاعیر دەڵێت پیشەوا قازی گوتی، بەمەش هونەری (تیکهەڵکێش) دروستبووە.

**ئەو دارەی پێش نیوە شــەوا**
**وەســتا لــە ژێـر یـا پێشــەوا**
**گوتی: ئێستا دەڵێــم کــوردم**
**لە ڕی ی ئازادی کورد مـردم** ل٩٣

(ئێستا دەڵێم کوردم، لە ڕێی ئازادی کورد مردم) دەقێکی مێژوویی سەرکردەی کورد (پێشەوا قازی) یە، شاعیر ئەم دەقەی بە شیعرێکی خۆی تێکهەڵکێش کردووە، (پێشەوا گوتی) بۆتە ئاماژەی زمانی.

**٧_تێکهەڵکێش بەقسەی نەستەق:**

**گوتەی نەستەق بە کوردی وا دەبێژێ**
**کە دۆزەخ هەر وەکو خانەی بە جەنگە** ل٣٩٧

(دۆزەخ هەروەکو خانەی بە جەنگە) گوتەیەکی نەستەقی کوردیە، شاعیر ئەم گوتەیەی وەرگرتووە و لەگەڵ دێڕە شیعرێکی خۆیدا تێکهەڵکێش کردووە، (دەبێژێ) بۆتە ئاماژەی زمانی، بەمەش هونەری تێکهەڵکێشی لێ دروست بووە.

**٨_تێکهەڵکێش بە کینایە:**

**مـەسـەلێکی زۆر مەشهورە**

**کورد عاشقی ڕەنگی سورە** ل١٢٤

(ڕەنگی سور) کینایە یە لە قوربانیدان، ڕەنگی سور هێمایە بۆ خوێن، خوێنیش لە ئەدەبیاتی سیاسی و شۆرشدا هێمایە بۆ ئازادی، شاعیر ئەم کینایەیەی وەرگرتووە و تیکهەڵکێشی شیعرێکی خۆی کردووە، مەسەلێکی زۆر مەشهورە بۆتە ئاماژەی زمانی.

# باسی دەیەم

## تەصریع

ئەم هونەرە لە (تەصریع) ی عەرەبی وەرگیراوە، ((جۆرێکە لە سەروا، واتە یەکسان بوونی دوا بەش لە سەدرو لە عەجز لە کێش و جوڵە و لە سەروادا، ئەم هونەرە لە شیعردا زۆر بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی لە سەرەتای هۆنراوەدا)) .(مختار عطية، ٢٠٠٤، ص١٢٦)، واتە: وشەی کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەم هاوکێش و هاوسەروا بن، ئەم هونەرە بە زۆری لە سەرەتا و دێڕی یەکەمی هۆنراوەدا دەبێت، ((بەڵام لە هۆنراوەی مەسنەویدا، زۆربەی دێڕەکان تەصریعکراو دەبن)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ل٢٦٠).

**من و تۆ گوڵەکە یەک دەگرین**
**لێک جیا نابینەوە تا دەمرین** ل٢٨٤

لەم دێڕەدا، دوا بەشی صەدرو دوا بەشی عەجز یەکسانن، هەردووکیان هاوکێش و هاوسەروان و هەمان جوڵەیان هەیە و هونەری تەصریع دروستبووە.

**جۆرەکانی تەصریع:**

**١_تەصریعی تەواو**: ((ئەم جۆرەیان بەرزترین پلەی تەصریعە، مەبەست لە تەصریعی تەواو ئەوەیە کە نیوە دێڕی یەکەم لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە و بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی واتاکەی پێویستی بە هاتنی نیوە دێڕی دووەم نیە)) (أحمد مطلوب، ١٩٧٥، ص٢٥٣).

بۆنموونە:

**فرمێسکی خوێنین دەڕێژی**
**گۆرانی خۆش خۆش دەبێژی** ل٢٣٩

هەردوو نیوە دێڕەکە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆیە و ئەگەر جیاش بکرێنەوە هەر واتای تەواو دەبەخشن و پێویستیان بە واتای یەکتر نیە، بەمەش تەصریعی تەواو دروستبووە .

**٢_تەصریعی سەربەخۆ:** ((پلەی دووەمی تەصریعی وەرگرتووە ئەوەیە، کە نیوە دێڕی یەکەم پێویستی بە نیوە دێڕی دووەم نیە بۆ تێگەیشتنی واتاکەی، بەڵام ئەگەر نیوە دێڕی دووەمیشی بە دوا داهات، ئەوا پەیوەست دەبێت بە نیوە دێڕی یەکەمەوە)) (أحمد مطلوب، ١٩٧٥، ص٢٥٣).

بۆ نموونە:

**لە نێو جەمعی میللەل ئەمڕۆ کە کورد مەزڵوم و مەغدوورە**
**ئـەوا نـاحـەق سـەری هـەڵداوە حـەق مـەفقود و مـەستورە** ل٥٥

نیوە دێڕی یەکەم واتایەکی سەربەخۆی هەیە و پێویستی بە واتای نیوە دێڕی دووەم نیە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە نیوە دێڕی دووەم هاتووە، لە ڕووی واتاوە بۆتە تەواوکەری واتای نیوە دێڕی یەکەم، بەمەش تەصریعی سەربەخۆ بەرهەمهاتووە.

**٣_تەصریعی ئاراستە کراو:** ((ئەوەیە، کە شاعیر سەربەست بێ لە دانانی هەر نیوە دێڕێک لە شوێنی ئەویتر)) (انعام فوال عکاوی، ٢٠١٤، ص٣٦٩).

بۆ نموونە:

**دەم بەدەم خۆشتر هەنگاو هەڵدەگرن**

**ناوەستن ڕێگای دوور و سەخت دەبڕن** ل١٠٧

دەکرێ نیوە دێڕەکانی ئەم دێڕە شیعرە جێگەیان بگۆڕدرێت و پاش و پێش بخرێن و جوانیەکەشی وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**٤_تەصریعی هەڵواسراو**: ((بریتییە لەو تەصریعەی، کەواتای نیوەدێڕی یەکەم دەبەسترێتەوە بە سیفەتێک، کە لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا باسکرابێت)) (انعام فوال عکاوی، ٢٠١٤، ل٣٦٨).

نموونە:

**بـرای فیدایی قـۆڵ تێکهەڵکیشین**

**تا ڕیشەی دوژمن لەبن دەرکێشین** ل٣٠١

نیوە دێڕی یەکەم لە ڕووی واتاوە ناتەواوە و بەستراوەتەوە بەوەی، کە لە نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە، بەوەش تەصریعی هەڵواسراو دروست بووە.

**٥_تەصریعی ناتەواو**: ((ئەوەیە، کە نیوە دێڕی یەکەم واتای سەربەخۆی نیە، ناتوانین لە واتاکەی بگەین تەنها بەهۆی خوێندنەوەی نیوە دێڕی دووەمەوە نەبێت)) (انعام فوال عکاوی، ٢٠١٤، ص٢٦٩).

نموونە:

**قۆڵی لێ هەڵکەین مەردانە**

**بی ڕەتێنی لـەم دەورانـە** ل٢١٣

لەم دێڕە شیعرەدا نیوە دێڕی یەکەم بە تەنیا واتایەکی ئاشکرا ناگەیەنێ، واتاکەی بەستراوەتەوە بە واتای نیوە دێڕی دووەم، بەوەش تەصریعی ناتەواو بەرهەمهاتووە.

**٦_تەصریعی پاتکراو:** ((ئەوەیە، کە دوا وشەی نیوە دێڕی یەکەم لەگەڵ وشەی سەرواکەی وەکو یەک بن)) (أحمد مطلوب، ١٩٧٥، ص٢٥٤).

ئەمەش دەبێتە دوو جۆر:

جۆری یەکەم ئەوەیە، کە هەردوو وشەکە هەمان شێوەو واتایان هەیە، بۆنموونە:

**عەقڵی دا بەر شەق کە ڕووی کردە دڵم سوڵتانی عەشق**

**ئیـختیارم پێ نـەما وەک چوومـە ژێر فـەرمانی عەشق** ل١٥٥

(عەشق) لە عەرووز و زەڕبی ئەم دێڕە شیعرە بەهەمان واتا هاتووە و هاوکێش و هاوسەرواشە، بەمەش هونەری تەصریعی پاتکراوە دروست بووە.

جۆری دووەم ئەوەیە، کە وشەیەکیان بە واتای دروستی خۆی بەکارهاتووە و ئەویتریان واتایەکی خوازراوی هەیە، بۆنموونە:

**ئـەو دەمـە ئـارام بـووەسـتـە تـا بـەیـان**

**دەم لەسەر دەم دەست دەچێتە سەر بەیان** ل٢٢٣

# باسی یازدەیەم

## گەوهەرچنی (تەرصیع)

هونەرێکی جوانکاری وشەییە، ((ئەوەیە شاعیر دێڕێک بێنێ، وشەکانی صەدرەکەی هەموویان، یان هەندێکیان لەڕووی کێش و سەرواوە بەرامبەر بن بە وشەکانی عەجزەکەی)). (بولص عواد الخوری، ٢٠٠٠، ص٢٩٣)، (ئیدریس عەبدوڵلا)ش لەپێناسەی هونەری (تەرصیع) دا دەڵێت: ((ئەوەیە دێڕ دابەشبکرێتە سەر چەند وشە و دەستەواژەیەک، ئەم وشە و دەستەواژانە زۆربەیان، یان هیچ نەبێ هەندێکیان لە هەردوو نیوە دێڕەکاندا لە ڕووەکانی کێش و سەرواوە وەکو یەک بن، مەرجیش ئەوەیە هاوکێش و سەروادارەکان هاوشوێن بن)) (٢٠١١، ل٢٦٥).

بە بەرچاو گرتنی ئەو وشانەی، کە ئەم هونەرە دروست دەکەن، زانایانی ڕەوانبێژی دوو جۆریان دەستنیشان کردووە:

**١_تەرصیعی تەواو**: ((ئەوەیە، کە هەموو وشەیەک لە وشەکانی بەشی یەکەم، لەڕووی کێش و سەرواوە یەکسان بێ لەگەڵ وشەیەک لە وشەکانی بەشی دووەمدا)). (الامام یحی بن حمزه بن علی بن ابراهیم العلوی الیمنی، ٢٠٠٨، ص١٩٤)، واتە هەموو وشەکانی بەرامبەر یەکتر لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا، هاوکێش و هاوسەروا بن، ((بریتییە لە بەرامبەر بوونی هەموو وشەیەک لە پەرەگرافێکی پەخشاندا یان لە نیوە دێڕێکی شیعردا، کە لە بەشی دووەمدا لە بەرامبەریاندا وشەی لەسەر هەمان کێش و سەروابهێنرێنەوە)) (عبدالعزیز عتیق، ١٩٨٥، ص٢١٨). بۆ نموونە:

**نه لەیەک دەگەین**

**نەبەیەک دەگەین** ل٨٦

لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین، وشەکان لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا، کە بەرامبەر یەکتری هاتون، لە ڕووی کێش و سەرواوە یەکسانن، بەمەش (تەرصیعی تەواو) دروست بووە .

**٢_تەرصیعی ناتەواو**: ((بریتییە لە هاوکێش هاتنی وشەکانی نیوە دێڕەکان، لەگەڵ ڕێک هاتن یان لەیەک نزیکبوونیان لەڕووی مۆسیقاوە)) (أحمد الهاشمی، ٢٠٠٦، ص٢٥٠). بۆ نموونە:

**دەبێ خوێنی بۆ بڕژێنی**

**دەبێ ڕۆڵەی بۆ بمرێنی** ل١٠٠

لەم دێڕەدا تەنیا وشەی دووەمی هەر دوو نیوە دێڕەکان، (خوێنی) و (ڕۆڵەی) لە سەرواوە لیکجیاوازن، بەڵام هاوکێشن، وشەکانی دیکەش لە هەر دوو نیوە دێڕەکەدا، کە لە بەرامبەر یەکتریدا هاتوون، هاوکێش و هاوسەروان بەوەش (تەرصیعی ناتەواو) دروستبووە.

# باسی دوازدەیەم

## تەسمیت

هونەرێکە شاعیران بە مەبەستی ڕازاندنەوەی ڕوخساری شیعری بەکاریان هێناوە، ئەم هونەرە چێژێکی خۆش بە مۆسیقای شیعری دەبەخشێت، لە ڕێگەی ئەو بەشانەی، کە سەروادار کراون، جگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، ((بریتییە لەوەی کە شاعیر دێڕێک، یان هەموو دێڕەکان لە هۆنراوەیەکدا، بکاتە چوار بەش سیانیان بە یەک پیت سەروادار بکرێن و هەمان سەروایان هەبێت، ئەوەی چوارەمیشیان ڕەچاوی سەروای هۆنراوەکە بکات)). (انعام فوال عکاوی، ٢٠١٤، ص٣١٦)، نوسەرانی کوردیش لە بارەی ئەم هونەرە دواون و تایبەتیەکانیان دەستنیشان کردووە (محمد سعید ابراهیمی) لەباسی (تەسمیت) دا دەڵێت: ((ئەوەیە هۆنەر هەر هۆنراوەیەک بکا بە چوار بەشەوە، سێ بەش وەک یەک بن، بەڵام بەشی قافیەکە دەبێ وەک وان نەبێ)). (١٣٦٤، ل٧٤)، (ئیدریس عەبدوڵڵا) ش لە پێناسەی (تەسمیت)دا دەڵێت: ((هونەرێکی جوانکاری وشەییە، تیایدا شاعیر هەر نیوە دێڕێکی دێڕەکەی دابەشی سەر دوو بەش، یان سێ بەشی یەکسان و ئەندازەیی دەکات، سەروای ناوەوەی هەموو ئەو بەشانە بە پیتێک دەکات، ئەو سەروایە جیایە لەگەڵ سەروای تەواوی هۆنراوەکە)) (٢٠١١، ل٢٧٣).

**ئازاد و سەربەخۆبین، خاوەنی مافی خۆبین**

**خەریکی جوست و جۆبین، ڕووکەینە بەختیاری** ل٧٦

ئەم دێڕە کراوەتە چوار لەتە دێڕی یەکسان، هەر لەتە دێڕێک کراوەتە حەفت بڕگە، کۆتایی لەتە دێڕەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بە پیتەکانی (ۆ)

سەروادار کراون و جیاوازن لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، کە سەرواکە بە (ی) دروست کراوە .

**عەونی بە یادی جاران، لە کۆڕی بەزمی یاران**
**لە ڕیزی مەی گوساران، تەنیا دیارە ئیمڕۆ** ل٢٨٧

ئەم دێڕە شیعرە کراوەتە چوار کەرتی یەکسان، هەر کەرتێک کراوەتە (٧) بڕگە، هەر سێ کەرتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم (ن) و سەروای گشتی هۆنراوەکەش (ۆ) یە، بەمەش هونەری تەسمیتی دروست کردووە.

# باسی سێزدەیەم

## پێنجخشتەکی (التخمیس)

هونەرێکی جوانکاری شیعری فارسییە، شاعیرانی کوردیش بەهۆی کاریگەربوون بە شاعیرە فارسەکانەوە، پەیڕەوی ئەم هونەرەیان کردووە و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە، (عەزیز گەردی) لە باسی ئەم هونەرەدا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە هۆنەر پارچە هۆنراوەیەکی هۆنەرێکی تر وەربگرێ و هەر دێڕێکی سێ نیوە دێڕی بۆ زیاد بکات، بەو مەرجەی لەسەر هەمان کێش بن و سەروای هەرسێ نیوەکە لەگەڵ سەروای نیوەی یەکەمی هۆنراوە وەرگیراوەکە یەک بێت و دیارە سەروای گشتی هۆنراوەکەش هەر دەمێنێ)) (١٩٧٥، ل٥٥).

عەونی پێنجخشتەکیەکانی خۆی لەسەر هەندێ لە شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد داناوە لەوانە: نالی، وەفایی، صافی، هێمن، مەیلی.

لەشیعری ئەو شاعیرانەدا، کە عەونی پێنجخشتەکی لەسەر شیعرەکانیان دروستکردووە، ئەوە تێدەگەین، کە عەونی وشیاری و ئاگاییەکی باشی هەبووە لە شیعری شاعیرانی کورد بە گشتی، چ ئەوانەی پێش خۆی و چ ئەوانەی هاوچەرخی خۆی، هەروەها دەتوانرێت ئەوەش بوترێت، کە لەهەڵبژاردنی شیعرەکاندا بۆ دروستکردنی پێنجخشتەکی، عەونی خاوەنی سەلیقەیەکی جوانی شیعری بووە بەو پێیەی، کە توانیویەتی لەناو گوڵزاری شیعری کوردیدا شیعرە جوانەکان هەڵبژێرێت و لەسەر هەمان بونیاد و ڕیتم و کێشی شیعری ئەوان، بەشەکەی خۆی لە پێنجخشتەکیەکاندا بنووسێت، کە بەسەرنجدان لە دێڕە شیعرەکانی عەونی هەست بە هارمۆنیەت و

هاوئاهەنگیەکی تەواو دەکرێ لەگەڵ ئەو دێڕە شیعرانەی هەڵیبژاردوون، بەم پێیەش دەکرێ بڵێین هیچ لەنگی و ناتەواویەک لە پێنجخشتەکیەکاندا بەدی ناکرێ، ئەمەش توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەردەخات لە ڕووی ڕۆشنبیری و شیعرناسی و شیعرییەتدا، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوەش، ئەم پێنجخشتەکییەی شاعیر لەسەر شیعری نالی، کە ڕابەری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خوارووە، ئەوە دەسەلمێنێت، کە عەونی لە بواری شیعردا شاعیرێکی بە ئەزموون و بە توانا بووە، چونکە خۆدان لە قەرەی شیعری شاعیری پایەبڵند (نالی)، کاری هەموو کەس نیە، بەڵام عەونی یەکێکە لەو شاعیرانەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری (نالی) یەوە، هاتووە شیعرێکی نالی وەرگرتووە و کردویەتی بە بناغە بۆ پێنجخشتەکیەکەی خۆی، شیعرەکەی نالی (٧) دێڕە شیعرە و پێنجخشتەکیەکانی عەونیش لەسەر شیعرەکانی (نالی) دا (٧) پێنجخشتەکین، کەواتە هەموو دێڕەکانی ئەو شیعرەی (نالی) وەرگرتووە.

بۆئەمەش یەکێک لە پێنجخشتەکیەکان دەکەینە نموونە:

**نیشتیمانم کە سەراسەر گوڵ و باخ و چەمەنە**
**لالە زارێکە هەمووی سوسن و شەوبۆ و سەمەنە**
**هەرکەسێک دژبێ بە خاک و گەلەکەی ناڕەسەنە**
**دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەتەنە**
**خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە** ل٣٤٩

لەم پێنجخشتەکیەدا، سێ نیوەدێڕی یەکەم هی عەونی یەو دوو نیوە دێڕی کۆتایشی هی (نالی) شاعیرە.

کاتێک چاو بە پێنجخشتەکیەکانی عەونی دا دەگێڕین یەکێکی تر لەو شاعیرە پایەبڵندانەی، کە بوونەتە ئیلهام بەخشی شیعری عەونی، میرزا عەبدورەحیمی سابلاغی (وەفایی) یە، غەزەلەکەی وەفایی(١٢) دێڕە، بەڵام پێنجخشتەکیەکانی (عەونی) لەسەر ئەم غەزەلەی وەفایی تەنیا (٨) پێنجخشتەکیەکە، کەوابێ تەنها(٨) دێڕی ئەم غەزەلەی (وەفایی) وەرگرتووە، وەک لەم پێنجخشتەکیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**دەرناچێ دەمی دولبەرەکەم قەت لە خەیاڵم**
**هەرچەندە کە دووچاری غەم و جەورو مەلالم**
**(عەونی) م لە دڵدا زەردەیی پەنجەیی ئاڵم**
**فەرمووتە (وەفایی) بە دڵی تۆیە ویساڵم**
**قوربان هەر ئەتۆ و دڵ وەرە ڕوحیش بستێنە** ل٣٥٣

لەم پێنجخشتەکیەشدا بەهەمان شێوەی پێنجخشتەکیەکانی تر، سێ نیوە دێڕی سەروو هی عەونی یەو دوو نیوە دێڕی کۆتایش هی (وەفایی) شاعیرە.

عیشق و ئازادی یەکێکە لە شیعرە بە ناوبانگ و بەرزەکانی مامۆستا هێمنی موکریانی، ئەم شیعرە کە ڕۆژانێک بو بووە مەنیفێستی سەرزاری شۆرشگێران و ئازادیخوازانی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا، (عەونی) یش بێگومان وەک شاعیرێکی ئازادیخوازی ئەم نیشتیمانە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم شیعرەی (هێمن) ەوە، هۆنراوەکەی عەونی(١٥) پێنجخشتەکیەکە، غەزەلەکەی (هێمن)یش

(١٥) دێڕە، کەواتە هەموو غەزەلەکەی وەرگرتووە وکردوویەتی بەبناغە بۆپێنجخشتەکیەکانی خۆی ئەم پێنجخشتەکیەی خوارەوە وەکو نموونە دەخەینە بەرچاو:

**بەهیوا بووم کە شادی بێت و خەم بڕوا دەمێکی تر**
**پزیشکم سازبکا بۆ چاری زەخمم مەرهەمێکی تر**
**لەناکاو ئاسمانی گرتەبەر تۆز و تەمێکی تر**
**ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**
**کەوا ئەمشەو لەناخم دا سەریهەڵدا خەمێکی تر** ل٣٦١

# بـــــەشی دووەم

# هونەری جوانکاریی واتـایی لە شیعری ( عەونی ) دا

## جوانکاری واتایی:

باسێکی سەرەکی جوانکارییە، گرنگی بە ڕوونکردنەوەی واتا و ڕازاندنەوەی دەقە ئەدەبیەکان دەدات، ((ئەوەیە، کە جوانی و ڕازاوەیی وتە، یان شیعر بەسترابێتەوە بە واتا نەک وشە یان ڕستە، بە جۆرێک ئەگەر هاتوو گۆڕانکاری لە وشە بکەین بۆ پاراستنی واتا، ئەوا هیچ گۆڕانکارییەک لە جوانی و ڕێکی دەقەکە یان شیعرەکە ڕوونادات)) .(جلال الدين همايی، ١٣٨٦، ل٣٨)، ((جوانکاریەکە تایبەتە بە واتای وشەکان و لەگەڵ گۆڕینی وشەکان بە جێگرەوەی واتای ئەوان لە ناو ناچن)) (محمد حسين محمدی، ١٣٩٠، ل١٢٤).

ئەم بەشەی جوانکاریش هونەرێکی زۆری لە خۆگرتووە، عەونی شاعیر بایەخێکی زۆری بەم لایەنەی جوانکاری داوە، گرنگترین ئەو هونەرانەی، کە شاعیر بەکاری هێناوە لەم بەشەدا ژمارەیان (٢٣) هونەرە بریتین لە: (دژیەک، بەرامبەری، جێگۆڕکێ، تێلنیشان، کۆکردنەوە، لێککردنەوە، کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە، پێچە و پەخشە، ڕاڤە، پەندبێژی، کۆپەند، زیادەڕەوەی، جوانی بایس، پۆشین، بادانەوە، لۆمە، دەستپێکی دڵگیر، کۆتایی جوان، کۆتایی دڵگیر، گردکردنەوە، وەرچەرخان، بەهەڵەبردن، ئیقتیدا).

# باسی یەکەم

# دژیەک (الطباق)

یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریە واتاییانەی، کە شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە، شێوازێکی جوانکاری گرنگە لە ڕوونکردنەوەی واتاو دەرخستنیدا و بەخشینی جۆرێک لە جوانکاری و ڕازاندنەوەدا، ئەمەش بۆتە هۆی توانا و لێهاتوویی ئەو شاعیرانە دەربخا، کە بایەخیان بەواتای شیعرەکانیان داوە، بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە مانای دژیەک کۆمەڵێک پێناسە و بیرو بۆچوونی نوسەر و زانایانی ڕەوانبێژی دەخەینەڕوو، دواتریش هەوڵدەدەین پێناسەکان تا ڕادەیەک هەڵسەنگێنین و بیرو بۆچوونمان لەبارەیانەوە بخەینەڕوو: (سەکاکی) لە پێناسەی (دژیەک) دا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە دوو وشەی دژ بەیەک کۆبکرێنەوە)) (٢٠١١، ص٥٣٣).

(محمد ربیع) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بریتییە لە کۆکردنەوە لە نێوان شتێک و دژەکەی لە ئاخاوتنێکدا)). (٢٠٠٧، ل١٦١)، (محمد سعید ابراهیمی)یش لە ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: ((بریتییە لە بەکارهێنانی دوو یا چەند وشەی دژ بەیەکتر لە واتادا)) (١٣٦٤، ل٧٠).

زۆربەی پێناسەکان لەسەر ئەم هونەرە، سەرەڕای هەندێک جیاوازی ورد لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام هەموویان جەخت لەسەر یەک شت دەکەنەوە، ئەویش کۆکردنەوەیە لە نێوان دوو وشەی دژ لە واتادا.

## جۆرەکانی دژیەک:

**یەکەم_دژیەکی فەرهەنگی:** بریتییە لە هێنانی دوو وشەی ئەرێی دژبەیەک، هەریەک لەو دوو وشانە لەفەرهەنگدا وەکو دوو لێکسیمی سەربەخۆ خۆیان دەنوێنن و ڕەگێکی سەربەخۆیان هەیە، ((ئەو دژیەکەیە، کە لە فەرهەنگی زمانەوە هەریەکەو ڕەگێکی سەرخۆیان هەیە)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١١، ل٢٤٩).

## جۆرەکانی دژیەکی فەرهەنگی بە پێی ئەرکی ڕێزمانی وشە دژیەکەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبن:

**١_دژیەکی فەرهەنگی لە ناودا:** ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشە دژیەکەکانی ناو بن:

**گوتم بەختی خەواڵو زووکە زووکە**
**دەهەستە هاتنی ڕۆژت بە شەو بوو** ل١٧٠

(ڕۆژ) و (شەو) دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، هەریەکەشیان لە فەرهەنگدا ڕەگێکی سەربەخۆی هەیە، بەمەش دژیەکی فەرهەنگی ناوی بەرهەمهاتووە.

**٢_دژیەکی فەرهەنگی لە ناوی واتایی دا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی ناوی واتایی بن، بۆ نموونە:

**هۆگری شادی نەبووم قەت بۆیە ڕوو ناکاتە من**
**من دڵی خۆم دا بە غەم شادی لەوێ نا مەحرەمە** ل١٩٣

(غەم) و (شادی) دوو ناوی واتایین و دژ و پێچەوانەی یەکترین، لە فەرهەنگدا ڕەگی سەربەخۆیان هەیە.

**هەر بە شادی گەڕەکە پەستی لە دڵ خۆم ڕەو کەم**
**یار لە باوەش بگرم سەیری سەر و پەرچەم کەم** ل٣٧٧

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەکانی (شادی) و (پەستی) دوو ناوی واتایین، دژ وپێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگیشدا دوو وشەی سەربەخۆن.

**٣_دژیەکی فەرهەنگی لە ناوی واتایی و ناوی بەرجەستەدا:** ئەو دژیەکەیە وشە دژیەکەکانی یەکێکیان ناوی واتایی بێ و ئەوی تریان ناوی بەرجەستە بێ، بۆ نموونە:

**لە کاتی ئاشتی زانا و ڕابەر بێ**
**لە ڕۆژی شەڕدا شێری سەنگەر بێ** ل١١٥

(ئاشتی) ناوی واتاییە، (شەڕ) ناوی بەرجەستەیە، هەر یەکەیان ڕەگی سەربەخۆی لە فەرهەنگدا هەیەن دژ و پێچەوانەی یەکن.

**٤_دژیەکی فەرهەنگی لە ناوی واتایی و ئاوەڵناودا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکان، یەکیان ناوی واتایی بێ ئەوی دیکەیان ئاوەڵناو بێ، بۆ نموونە:

**تا بەکەی ئەم تاڵی یە ئەی دولبەری شیرین کەلام**
**بێتو گەر جارێ کەرەم کەی تۆ بە خەندە بێ یە لام** ل٣٥٧

(تاڵی) ناوی واتاییە، (شیرین) ئاوەڵناوە، لە فەرهەنگدا وشەی سەربەخۆنن دژ وپێچەوانەی یەکترن.

**٥_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناودا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی ئاوەڵناو بن:

**گشت برینی کۆن و تازەم هاتە سوو**

**بـۆ پـزیشـکێ بێ بکا دەرمـانی زوو** ل٢٤٢

(کۆن) و (تازە) دوو ئاوەڵناوی چۆنیەتین، دژ و پێچەوانەی یەکترن لە فەرهەنگیشدا سەربەخۆن و واتای جیاوازیان هەیە.

**٦_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵکاری نادیاردا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی ئاوەڵکاری نادیار بن، بۆنموونە:

**تـەختی بەلقیسە بەسـەر مـەرزی منـا تـێ دەپـەڕێ**

**جێ ی نیە زۆر و کەمیش پێی بکەوێ تیشکی هەتاو** ل١٦٩

(زۆر) و (کەم) دوو ئاوەڵکاری نادیارن، دژ و پێچەوانەی یەکترین و لە فەرهەنگدا ڕیشەی سەربەخۆیان هەیە.

**٧_دژیەکی فەرهەنگی لە چاوگدا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی چاوگ بن:

**ژین بە سەربەستی، مردن بە مـەردی**

**دەبـێ چـارەنـوس وابـێ بـە کوردی** ل١٠٨

(ژین) و (مردن) دوو چاوگن، دژ و پێچەوانەی یەکترن، هەریەکەیان لە فەرهەنگدا ڕیشەی سەربەخۆی هەیە.

**٨_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناو و ئاوەڵناوی کراودا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکان یەکێکیان ئاوەڵناو و ئەویتر ئاوەڵناوی کراو بێت:

**یەک و سێ و چوار کاری زیندووە**

**لە دوا دوایی دا خانەی مردووە** ل٤٥٠

(زیندوو) ئاوەڵناوە، (مردوو) ئاوەڵناوی کراوە، دژ و پێچەوانەن، هەر یەکەیان لە فەرهەنگدا ڕەگی سەربەخۆی هەیە.

**٩_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناوی بکەر و ناوی بەرکاریدا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی یە کێکیان ئاوەڵناوی بکەر و ئەوی دیکەیان ناوی بەرکاری بێ:

**هەردەبێ زۆردار کە ساد بێ**

**زۆرلێکراویش ئازاد بێ** ل٩٤

(زۆردار) ئاوەڵناوی بکەرە، (زۆر لێکراو) ناوی بەرکاریە، دژ و پێچەوانەی یەکن.

**١٠_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵکاردا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی ئاوەڵکار بن:

**لافی سـەرداری لـە ژێر دارا دەبێ ترسـت نـەبێ**
**دەست هەموو کەس ناکەوێ ڕێگا بە هیوا بردنە** ل٧٠

(ژێر) و (سەر) ئاوەڵکاری شوێنن، دژ و پێچەوانەی یەکترن، دژیەکی فەرهەنگین، هەریەک لەو وشانە ڕەگێکی سەربەخۆی هەیە.

**لە چەپ و ڕاست کە پەلامار دەدرێن خوار و ژوور**
**تا بەسەر شۆڕی هەموو ڕادەکەنە دوور لـە سنوور** ل٨٨

(چەپ) و(ڕاست) و(خوار) و(ژوور) ئاوەڵکاری شوێنن، وەسفی کارەکە دەکەن، دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا سەربەخۆن.

**١١_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵکاری کاتدا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی ئاوەڵکاری کاتی بن:

**هەردەم خەریکی گیانی یەکترن**
**هەرگیزاو هەرگیز یەکتر ناگرن** ل١١٠

(هەردەم)و (هەرگیز) ئاوەڵکاری کاتین، دژ و پیچەوانەی یەکترن و لە فەرهەنگدا سەربەخۆن.

**١٢_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناو و ئاوەڵکاردا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی یەکێکیان (وشەی یەکەم) ئاوەڵناو بێ و ئەوی دیکەیان (وشەی دووەم) ئاوەڵکار بێ:

**بەفرمێسکی هەزاران چاوی خوێناوی نەشۆراوە**
**ئـەمـە کارێکی پیرانی قـەدیمـە تـازە وتـراوە** ل ٥٢

(قەدیم) ئاوەڵناوە، وەسفی ناوی پیرانی کردووە، (تازە) ئاوەڵکارە و وەسفی کاری وتنی کردووە هەریەک لەوشەکانی (قەدیم) و(تازە) دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا ڕەگی سەربەخۆیان هەیە، بەمەش دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵناو و ئاوەڵکاردا دروستکردووە.

**١٣_دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵکار و ئاوەڵناودا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکانی یەکێکیان (وشەی یەکەم) ئاوەڵکار بێ و ئەوی دیکەیان (وشەی دووەم) ئاوەڵناو بێ:

**ئەو گەلە وڵات پاک دەکاتەوە**

**لە دوژمنانی پیس و مەندەبوور** ل٦١

(پاک) ئاوەڵکارە وەسفی کارێکی کردووە، (پیس) ئاوەڵناوە و وەسفی ناوی کردووە، هەر یەک لە وشەکانی (پاک) و (پیس) دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا سەربەخۆن و بۆیە دژیەکی فەرهەنگیان لە ئاوەڵکار و ئاوەڵناودا دروستکردووە.

**١٤_دژیەکی فەرهەنگی لە دوو ئامرازدا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەکانی دوو ئامرازی و ئەرێ و نەرێ بن:

**لە کۆڕی تێکۆشانی خوێنین ڕەنگ**

**گیان بەخت کەم بە هێمنی و بێ دەنگ** ل١٢١

(بە) ئامرازی ئەرێ یە، (بێ) ئامرازی نەرێ یە، دوو ئامرازی دژ و پێچەوانەی یەکن، دژیەکی ئامرازیان دروستکردووە.

**١٥_دژیەکی فەرهەنگی لە کاری ڕابوردووی بەردەوام:** ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشە دژیەکەکانی کاری ڕابوردووی بەردەوام بێ:

**کە تەماشام کرد پیرە دار بەڕوو**
**بە شنەی شەماڵ دەهات و دەچوو** ل ١٢٩

(دەهات) و (دەچوو) دوو کارن لە دەمی ڕابوردووی بەردەوامدا، دژ و پێچەوانەی یەکترن لە فەرهەنگدا ڕیشەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژ یەکی فەرهەنگین لە کاردا.

**١٦_دژیەکی فەرهەنگی لە کاری داخوازی دا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی کاری داخوازی بن.

**بەڵام گەلی کورد و ژیان ڕاوەستا**
**ئەم بینە و بەرە ماوە تا ئێستا** ل١٣٢

(بینە) و (بەرە) دوو کاری داخوازین، دژ و پێچەوانەی یەکترن، فەرهەنگین.

**١٧_دژیەکی فەرهەنگی لە تەواوکەری کاری بوون و ئاوەڵناودا:** ئەو دژیەکەیە، دوو وشە دژیەکەکانی یەکیان تەواوکەری کاری بوون و ئەویتر ئاوەڵناو بێ:

**پێکەنین ناچێتە سەر لێوم**
**شاد نابێ دڵەی پەشێوم** ل ٢٣٠

(شاد) ئاوەڵناوە تەواوکەری کاری بوونە، (پەشێو) ئاوەڵناوە، دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا هەریەکەیان سەربەخۆن.

**١٨_دژیەکی فەرهەنگی لە تەواوکەری کاری بووندا:** ئەو دژیەکەیە دوو دژیەکەکانی تەواوکەری کاری بوون بن.

**بە کێشان سوک بێ، بەنرخ گران**
**پیشکەشی دەکەم بەناوی دیاری** ل٣٨٩

(سوک) و (گران) ئاوەڵناون و لێرەدا بوونەتە تەواوکەری کاری بوون بۆ دەمی داهاتوو، دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا سەربەخۆن.

**١٩_دژیەکی فەرهەنگی لە کار و چاوگدا:** ئەو دژیەکە دوو وشە دژ و پیچەوانەکانی یەکێکیان (وشەی یەکەم) کار بێ و ئەوی دیکەیان (وشەی دووەم) چاوگ بێ.

**لە لوتکەی بەرزیا هەرکەس کە سەرکەوت**
**گــومــانــی نــاوێ دوایــی دابــەزیــنــە** ل ٢٠١

(سەرکەوت) کارە، (دابەزین) چاوگە، دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا هەریەکە و سەربەخۆن.

**دووەم_دژیەکی نافەرهەنگی:** ((بریتییە لە کۆکردنەوەی نێوان وشەیەک و نەفی یەکەی)) (أحمد مطلوب و کامل حسن البصیر، ١٩٨٢، ص ٤٣٩).

لە دژیەکی نافەرهەنگی دا دوو وشەکان دژبەیەکن، بەڵام لەفەرهەنگدا یەک ڕەگیان هەیە، پەیوەندی نێوان وشە دژیەکەکانیش پەیوەندییەکی سروشتی نیە

و دروستکراوە، بەهۆی ئامرازی نەریّ کردنەوە وشەکان دەبنە دژ و پێچەوانەی یەکتر، واتە حاڵەتێکی نەفی و گۆڕدراوی هەمان لێکسیمە.

## جۆرەکانی دژیەکی نافەرهەنگی بە پێی ئەرکی ڕێزمانی وشە دژیەکەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبن:

**١_دژیەکی نافەرهەنگی لە ناودا:** ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشە دژیەکەکانی ناو بن.

**ئاشنا گەر نەمکوژیّ ترسم نیە نائـاشــنا**
**با هەمیشە گوللە بارانم بکا پیّ ی ناکەوم** ل١٨٩

(ئاشنا) و (نائاشنا) دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکترن، لە فەرهەنگدا وشەی سەربەخۆ نین، بەڵکو یەک ڕەگیان هەیە و بەهۆی ئامرازی نەریّ کردنەوە، وشەی دووەم بۆتە دژ و پێچەوانەی وشەی یەکەم، بۆیە دژیەکی نافەرهەنگیان دروستکردووە.

**٢_دژیەکی نافەرهەنگی لە ناوی واتایی دا:** ئەو دژیەکە دوو وشە دژو پێچەوانەکان ناوی واتایی بن.

**ئـەمـڕۆ ڕۆژگارێـکە هــەموو خوڕەوشــتمان گــۆڕاوە**
**داد لە بیّ دادی یەوە هاتووە، یاسا و قانون لە کوتەک** ل١٨٥

(داد) و (بیّ داد) ی دوو ناوی واتایین، لە ڕێگەی ئامرازی نەریّ کردنەوە بوونەتە دژ و پێچەوانەی یەکتر، هەردووکیان لە فەرهەنگدا یەک ڕەگیان هەیە.

**بەم گوتە بڕوا مەکە حەق ژێر کەوێ**

**هـەر درۆیـە نابێ نـاحـەق سـەرکەوێ** ل٢٤٤

(حەق) و (ناحەق) دوو ناوی واتایین، دژ و پێچەوانەی یەکترین، لە فەرهەنگدا یەک ڕیشەیان هەیە، وشەی دووەم لەسەر بنەمای وشەی یەکەم لە ڕێگەی ئامرازی نەرێ کردنەوە بۆتە نەرێ و پێچەوانەی.

**٣_دژیەکی نافەرهەنگی لە ئاوەڵناوی بکەردا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژیەکەکانی ئاوەڵناوی بکەر بن.

**سروشت گەر هەر کەسێکی گرتە باوەش هەر بە ڕێکەوتی**

**نـەزان هێـند بــەرزەکـا جـۆرێ هــەزار زانـا دەتـاسـێنـێ** ل٢٦٤

(زانا) و (نەزان) دوو ئاوەڵناوی بکەرین، دژ و پێچەوانەی یەکترین و یەکەمیان (سادە) یەو دووەمیان (داڕێژراوە) هەردووکیان یەک ڕەگیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئامرازی (نە) ی نەرێوە بونەتە دوو وشەی دژبەیەک، هەریەکەو واتایەکی جیاواز دەبەخشن، بەمەش دژیەکی نافەرهەنگی بەرهەمهاتووە.

**یەک و سێ و دوو لەگەڵ شەشەمین**

**ڕێزی لێدەگـرن بـە دین و بێ دیـن** ل٤٤٤

(بەدین) و (بێ دین) دوو ئاوەڵناوی بکەرین، دژ و پێچەوانەی یەکترن بەهۆی ئامرازی نەرێ کردنەوە وشەکان بوونەتە دژ، تەنیا یەک ڕەگیان لەناو فەرهەنگدا هەیە.

**٤_دژیەکی نافەرهەنگی لە کاری ڕانەبوردودا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەکان کاری ڕانەبوردو بن:

**خۆت دەڵێی نابێ نەچین زووکە بچین**
**گەر بزانی چی یە ئەنجامی نەچین** ل١٦٤

(بچین) و (نەچین) دوو کاری ڕانەبوردون، لەفەرهەنگدا سەربەخۆ نین و یەک ڕیشەیان هەیە، بەهۆی ئامرازی نەرێ کردنەوە بوونەتە دژ و پێچەوانەی یەکتر.

**٥_دژیەکی نافەرهەنگی لە کاری ڕابوردوودا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەکانی کاری ڕابوردوو بن.

**لە ڕێ ی هات و نەهاتا با سەفەرکەین**
**ئەوەی بوو بوو، ئەوەی هات و ئەوەی چوو** ل٧١

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیرکاری ڕابوردووی (هات) ی بەکارهێناوە، بەدوایدا بەهۆی و ئامرازی (نە) ی نەرێ کردنەوە هەمان کاری نەرێ کردۆتەوە، (هات) لەواتادا پێچەوانەی (نەهات)ە،بەلاّم لەفەرهەنگدا یەک ڕیشەیان هەیە، بەمەش دژیەکی نافەرهەنگی بەرهەمهاتووە.

**٦_دژیەکی نافەرهەنگی لە کاری بوون بۆ دەمی ڕابوردوو:** ئەو دژ یەکەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەکانی کاری بوون بن بۆ دەمی ڕابوردوو.

**وەکو دەڵێن هەبوو نەبوو**
**لە ڕۆژگاری ڕابوردوو** ل٢١٥

(هەبوو) و (نەبوو) کاری بوونن بۆ دەمی ڕابوردوو، دژ و پێچەوانەی یەکترین، لە فەرهەنگدا یەک ڕەگیان هەیە، بەمەش دژیەکی نافەرهەنگیان دروستکردووە.

**٧_دژیەکی نافەرهەنگی لە کاری بوون بۆ دەمی ئێستا:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەکان کاری بوون بن بۆ دەمی ئێستا:

**کـانـی زێـڕێـنـم هـەیـە پـولـم لـە گـیرفـانـا نیـە**

**خاوەنی عەرد و بەراو بێ ئاو و بێ نان هەر منم** ل٩٥

(هەیە) و (نیە) دوو کاری بوونن لە دەمی ئێستادا، دژ و پێچەوانەی یەکترن، وشەی سەربەخۆ نین، یەک ڕەگیان هەیە، وشەی دووەم نەرێی وشەی یەکەمە، بەمەش دژیەکی نافەرهەنگیان دروستکردووە لە کاری بوون دا.

**٨_دژیەکی نافەرهەنگی لە کاری بوون بۆ دەمی داهاتوو:** ئەو دژیەکەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەکان کاری بوون بن بۆ دەمی داهاتوو:

**کورد دەبێ بۆ خۆی هۆشیار بێ**

**نـابـێ لـەکـەس هـیـوادار بـێ** ل٩٤

(دەبێ) و (نابێ) دوو کاری بوونن لە دەمی داهاتوودا، یەک ڕیشەیان هەیە لە فەرهەنگدا لە ڕێگەی ئامرازی (نەرێ) وە بونەتە دژ و پێچەوانەی یەکتر.

## چەند جۆرێکی دیکەی دژیەک

**١_دژیەکی فرە حاڵەت:** ئەو دژیەکەیە لە دێڕە شیعرێکدا زیاتر لە یەک حاڵەتی دژیەکی تێدا بەرجەستە بووە.

**لە چەپ و ڕاست کە پەلامار دەدرێن خوار و ژوور**
**تا بەسەر شۆڕی هەموو ڕادەکەنە دوور لە سنور** ل ٨٨

لە نیوە یەکەمی نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (چەپ) و (ڕاست) دوو ئاوەڵکارن، دژیەکی فەرهەنگیان دروستکردووە، لە کۆتایی هەمان نیوە دێڕیشدا وشەکانی (خوار) و (ژوور) هاتوون دیسانەوە دوو ئاوەڵکارن و دژیەکی فەرهەنگین، بەم شێوەیە زیاتر لە حاڵەتێکی دژیەکی تێدا بەرجەستە بووە.

**٢_دژیەکی وەهمی:** ((بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە لە ڕواڵەتدا دژ و پێچەوانەی یەکترینە، بەڵام لە ڕاستیدا چ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نیە، هێندە هەیە شێوەیان لە یەک دەچێت)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ل٩٤_ب).

**شەرتە کردوومە ئەمن قەت شوکری ناچاری نەکەم**
**هەوڵدەدەم گیر و گرفتێک بێتە ڕێم چاری بکەم** ل٤٠٤

لەم دێڕە شیعرەدا وا دەردەکەوێ (ناچاری نەکەم) دژیەکی نافەرهەنگی (چاری بکەم) بێ، بەڵام لە ڕاستیدا دژیەک نین، (شوکری ناچاری نەکەم) واتە نابێ من بەناچاری شوکری بکەم(سوپاسگوزاربم)، بەڵکو دەبێ بەو پەڕی قەناعەتەوە شوکر بکەم نەک بە ناچاری شوکر بکەم، (چاری بکەم) واتە چارەسەری کێشەکان بکەم، چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ناچار بوون هیچ دژییەک لە نێوانیاندا نیە، بەڵام لە ڕواڵەتدا بە دژیەک دەچێ، لەبەر ئەوە زانایان ناویان ناوە دژیەکی وەهمی.

**٣- دژیەکی پێکهاتەیی دوور و دژیەکی پێکهاتەیی شاراوەی دوور:**

ئەمانە دوو جۆری دژیەکن، کە بەڕاستەوخۆیی لە دوو وشەدا دژیەکەکە دروست نابێت، بەڵام بە خوێندنەوە ولێکدانەوەی دێڕە شیعرەکان دەزانین ئەم وشانە دژیەکن، یان مانای کۆی نیوە دێڕەکانی دێڕەکە بەرەو مانای دیکەمان دەبەن، جا بەشێوەی ئاشکرا یان بەشێوەی شاراوە ئەو مانایانەی دیکەیە دژیەکن، (ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانی ڕەوانبێژی، ڕۆژی سێشەممە ١٧_٥_٢٠١٦، بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین).

**دژیەکی پێکهاتەیی دوور، نموونە:**

**هـەموو نـاکۆکیمان گۆڕکـــەن**
**خۆمان شاد و دوژمن کۆرکەن** ل١٠١

هەریەک لە وشەکانی شاد و کۆر لە بنەڕەتدا، دژیەک نین، بەڵام لێرەدا (شاد) بە مانای خۆمان سەرکەوتوبین بۆ ئەوەی دڵمان خۆش بێت، (کۆر) یش بۆ دوژمن، واتە دوژمن شکست بێنێ و بەسەرکەوتنی ئێمە چاوی کوێر بێ، لەم بارەشدا سەرکەوتن و شکست، لە شادی و کوێری، شادی بە واتای سەرکەوتن، کوێری کە ڕەمزی غەمباری یە، بە واتای ئازار چەشتن، دەبنەوە دژیەک، بۆیە دەڵێین دژیەکی پێکهاتەیی دوورە، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا وشەکان دژ نین.

**دژیەکی پێکهاتەیی شاراوەی دوور، نموونە:**

**کە لێت بپرسم پرسیارێ**
**نەک پرسیاری هەرزەکارێ** ل١٣٧

شاعیر دەڵێ (لێت بپرسم پرسیارێ) واتە: پرسیارێکی پیاوانە، بەڵام لێرەدا وشەی (پیاوانە) حەزف بووە، شاعیر مەبەستی ئەوەیە، کە پرسیارێکی ڕاستەقینە لە کەسێکی تێگەیشتوو بکات، نەک لە کەسێکی هەرزەکار و تێنەگەیشتوو، بۆیە ئەمە دەبێتە دژیەکی پێکهاتەیی شاراوەی دوور.

## باسی دووەم

## بەرامبەری (المقابلە)

ئەم هونەرە لە عەرەبیدا (المقابلە) ی پێدەگوترێت، یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی، کە شاعیران بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان بەکاریان هێناوە، زانایانی ڕەوانبێژیش بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە، (أحمد الهاشمی) لە پێناسەی (المقابلە) دا دەڵێت: ((بریتییە لە هێنانی دوو واتای گونجاو یان زیاتر، دواتر بەرامبەرەکانیان بەڕێکی بهێنرێتەوە)) .(٢٠٠٦، ص٢٢١)، ((ئەوەیە، کە دوو مانا یان زیاتر بەکاربهێنرێ، دواتر مانایەکی تر بەکاربهێنێ بەرامبەر بەو دوانە بە ڕیزبەندی)). (علی الجارمی و مصطفی امین، ١٣٧٢، ص٢٨٥)، (فضل حسن عباس) یش لە کتێبی (البلاغة فنونها وأفنانها) دا دەڵێت: ((زۆربەی زانایانی ڕەوانبێژی لەسەر ئەو ڕایەن، کە بەرامبەری جیاوازە لە دژیەک، چونکە بەرامبەری ئەوەیە دوو واتا (وشە) یان زیاتر بهێنرێ، لە پاشان لە بەرامبەر ئەو واتایانەی پێشوو، واتای دژیان بێت، بەڵام دژیەک تەنیا لە نێوان دوو وشەدا دەبێت)). (٢٠٠٤، ص٢٨٢)، کەوابێ لە (دژیەک) دا وێنەکە لە نێوان دوو جەمسەری تاکە، بەڵام لە (بەرامبەری) دا وێنەکە بەلانی کەم لە نێوان دوو وشەی بەشی یەکەمی ئاخاوتن و دوو وشەی بەشی دووەمی ئاخاوتندا دەبێت.

**جۆرەکانی بەرامبەری**

**یەکەم_بە پێی ژمارەی وشە بەرامبەرەکان ئەم جۆرانە لە دیوانی عەونی دا بەدیکراون:**

**١_بەرامبەری دوویی:** ئەوەیە دوو وشە لە بەشی یەکەمی ئاخاوتن بێت و لەبەرامبەریدا دوو وشە دژەکانیان لە بەشی دووەمی ئاخاوتن بهێنرێتەوە، بۆنموونە:

**کوڕی گۆبڵز و نەوەی هیتلەرن**
**دژی ئاشتی و ئاشنای شەڕن** ل١٢٨

لە نیوە دێڕی دووەمدا، سەرەتا وشەکانی (دژ) و (ئاشتی) هاتوون، دواتر بە ڕیز و لە بەرامبەر هەریەک لەم دوو وشەیە دژەکانیان هاتوونە، لە بەرامبەر وشەی (دژ)، (ئاشنا) هاتووە، لە بەرامبەر وشەی (ئاشتی) ش (شەڕ) هاتووە، پەیوەندی نێوان (دژ) و (ئاشنا) و (ئاشتی) و (شەڕ) پەیوەندییەکی دژیەکی یە، بەمەش (بەرامبەری دوویی) دروست بووە.

**٢_بەرامبەری سێیی:** ئەوەیە سێ وشە لە بەشی یەکەمی ئاخاوتن بێت، لەبەرامبەریاندا سێ وشە دژەکانیان لە بەشی دووەمی ئاخاوتن بهێنرێتەوە، بۆنموونە:

**شاد و سەربەستن هەموو کەس وا بە ئازادی دەژین**
**دیل و ژێر دەست و هەژار و بەندی زیندان هەر منم** ل٩٥

له نیوه دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (شاد) و (سەربەست) و (ئازادی) هاتون، دواتر له نیوه دێڕی دووەمدا، دژەکانی ئەو وشانه هاتون، که ئەوانیش وشەکانی (دیل) و (ژێردەست) و (بەندی زیندان) هاتووه، پەیوەندی نێوان ئەم وشانه لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندییەکی دژیەکی یه، بەمەش هونەری (بەرامبەری سێیی) دروست کردووه.

**دووەم: بەپێی ڕێکی و ناڕێکی بەشی دووەمی ئاخاوتن له بەرامبەر وشه دژیەکەکانی له بەشی یەکەمی ئاخاوتندا ئەم جۆره بەرامبەریانه له شیعری عەونی دا بەدیکراون:**

**١_بەرامبەری ڕێک:** ئەوەیه، که وشەکانی بەشی دووەمی ئاخاوتن بەڕیز و بەڕێکی له بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی ئاخاوتندا بهێنرێنەوه، بۆنموونه:

**دوژمنم شاده کەدەم بینی وەها پێدەکەنێ**

**دۆستم بۆم دەگری دەم دەمه دەم گرێنێ** ل٧٨

له نیوه دێڕی یەکەمدا، دوو وشەی (دوژمن) و (پێدەکەنێ) هاتووه، یەکەم ناوه، دووەم کاره، دواتر بەڕیز له نیوه دێڕی دووەمدا له بەرامبەر ئەمانەدا (دۆست) و (دەگری) هاتوونه، یەکەمیان ناوه، دووەمیان کاره (دۆست) له بەرامبەر (دوژمن) هاتووه، که پەیوەندی نێوانیان دژیەکیه، (دەگری) ش لەبەرامبەر (پێدەکەنێ) هاتووه، پەیوەندی نێوان ئەوانیش دژیەکیه، بەمەش هونەری (بەرامبەری دوویی ڕێک) دروست بووه.

**٢_بەرامبەری ناڕێک:** ئەوەیه، که وشەکانی بەشی دووەمی ئاخاوتن به ناڕێکی له بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی ئاخاوتندا بهێنرێتەوه، بۆنموونه:

**دانای ناتـەوان تـەوانا دەبێ**

**تەوانای نەزان ناتەوان دەبێ** ل٣١٧

له نیوه دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (دانا) و (ناتەوان) و (تەوانا) ی هێناوە، دواتر له نیوەدێڕی دووەمدا، سێ وشەی تری هێناوە، که ئەوانیش وشەکانی (تەوانا) و(نەزان) و(ناتەوان)ە، (تەوانا) له بەرامبەر (ناتەوان) و (نەزان) له بەرامبەر (دانا) و (ناتەوان) له بەرامبەر (تەوانا) وەستاوە، پەیوەندی نێوان وشه بەرامبەرەکان، پەیوەندییەکی دژیەکی یە، بەمەش هونەری (بەرامبەری سێیی نارێک) دروست بووه.

**سێیەم_بەرامبەری پێکهاتەیی:** ئەوەیە، که وشەکان ڕاستەوخۆ دژو پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵام له پێکهاتەو مانادا دەبن به دژ و پێچەوانه.

**١_بەرامبەری پێکهاتەیی ڕێک، بۆ نموونه:**

**ئێمه بـۆ لەگـەڵ یـەک دژ بین**

**دوژمن پەرست و خۆکوژ بین** ل١١٧

له نیوه دێڕی دووەمدا، له بەرامبەر (دوژمن پەرست)، (خۆکوژ) هاتووە، (خۆ) له بەرامبەر (دوژمن) و (کوژ) له بەرامبەر (پەرست) دا هاتووە، وشەکان ڕاستەوخۆ له فەرهەنگدا دژیەک نین، بەڵکو مانای بەدوادا هاتویان هەیه (خۆ) به واتای (دۆست) هاتووە، دوژمن و دۆستیش دژیەکن، به هەمان شێوه (کوژ) و (پەرست) یش مانای به دوا داهاتوویان هەیه (کوژ) واته: سوکایەتی پێکردن، (پەرست) واته: ڕێزلێگرتن ئەمانەش دژی یەکن، پەیوەندی نێوان ئەو وشه بەرامبەر یەک هاتوانەش پەیوەندی دژیەکیە، بەمەش هونەری بەرامبەری پێکهاتەیی ڕێک دروستبووە.

**٢_بەرامبەری پێکهاتەیی ناڕێک، بۆ نموونە:**

**هود هودی بادی سەبا بۆنی گوڵی پەخشان کرد**
**بە سەدان پیری بە ساڵا چوو هەموو بوونەوە لاو** ل١٦٩

لە بەشی یەکەمی گوتە، لە نیوە دێڕی دووەمدا (پیر) و (بەساڵا چوو) هاتون، لە بەشی دووەمی هەمان نیوە دێڕدا (بوونەوە) هاتووە لەگەڵ (لاو) دا، بەمەش هونەری بەرامبەری ناڕێکی پێکهاتەیی دروستکردووە، سەبارەت بە ناڕێکیەکەی ئەوەیە، کە شاعیر دەبوو بڵێ لاوبوونەوە نەک بوونەوە لاو، چونکە (لاو) دەبوو لە بەرامبەر (پیر) بێ، لەبەر ئەوەی (پیر) لە بەشی یەکەمی گوتەکەدا یەکەم وشەیە، دەبوو لە بەشی دووەمی گوتەکەشدا (لاو) یەکەم وشە بێ، کارەکەش بەهەمان شێوە لە بەشی یەکەمی گوتەکەدا وشەی دووەمە، دەبوو لە بەشی دووەمیشدا وشەی دووەم بێ، بەڵام کارەکە بۆتە وشەی یەکەم، بۆیە دەڵێین بەرامبەری ناڕێکە، لە هەمان کاتدا پێکهاتەیشە، چونکە (پیر) و (لاو) دژیەکن لە فەرهەنگدا، بەڵام (بە ساڵاچوو) و (بوونەوە) دژیەک نین لە فەرهەنگدا، بەڵام مانای بە دواهاتویان هەیە، (بوونەوە لاو) واتە: هاتنەوە سەردەمی لاویەتی، بوونەوە بە مانای هاتنەوە هاتووە، (چوون و هاتن) یش دژیەکن، بۆیە دەکرێ بڵێین کە (بەساڵاچوو) و (بوونەوە) دژیەکێکی پێکهاتەیین، ئێمە لە چەمکەکەوە دەزانین، کە ئەو دژیەکە لەسەر چ بنەمایەک دروستبووە.

# باسی سێیەم

# جێگۆڕین (العکس)

ئەم هونەرە لە عەرەبیدا (العکس) ی پێدەگوترێت، وەکو هونەرێکی جوانکاری واتایی شاعیران بە تایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا بەکاریانهێناوە و یەکێکە لە کۆی ئەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی، کە تیایدا ئاماژە بە توانایی لە قسەکردن و قوڵبوونەوە تیایدا نیشان دەدات، ئەوەیە شاعیر ڕستەی دووەم لەسەر بنەمای ڕستەی یەکەم دابمەزرێنێت بە شێوەیەک ((ئەو وشانەی لە ڕستەی یەکەمدا کەوتبوونە کۆتایی بیانهێنیتەوە پێشەوە، ئەوانەش کە لە ڕستەی یەکەم لە پێشەوە هاتبون لە ڕستەی دووەمدا بیانخاتە کۆتایی)). (عبدالرزاق أبو زید زاید، ١٩٧٦، ص١٣٥)، (الخطیب القزوینی) لە پێناسەی جێگۆڕکێ دا دەڵێت: ((ئەوەیە لە ئاخاوتندا بەشێک پێش بخرێ، لەپاشان هەمان بەش بخرێتە دواوە)). (٢٠٠٣، ص٣٤٧)، واتە: ئەو ڕستەیەی لە بەشی یەکەمی ئاخاوتندا هاتووە، لە بەشی دووەمی ئاخاوتن هەمان وشەکانی ڕستەکە، پاش و پێش دەکرێن، کە ئەمەش لە سنوری دێڕە شیعرێک یان نیوە دێڕە شیعرێکدا دەبێت، زانایانی ڕەوانبێژی کوردیش باسیان لەم هونەرە کردووە، لەوانە: (علائەدین سجادی) دەڵێت: ((ئەوەیە، کە تۆ بەشێک لە ڕستەکە پێش خەی، پاشان هەر ئەو بەشە هەڵگریت و پاشی بخەی)) (١٩٧٨، ل٩٠).

ئەوەندەی لە شیعرەکانی عەونی دا وردبووینەوە، دەرکەوت(١٣)جار هونەری جێگۆڕینی بەرهەمهێناوە، هەموو ئەو جارانەش بۆ دوو مەبەست، ئەوانیش (گۆڕینی واتا) و (جەختکردنەوە لەسەر هەمان واتای پێشوو) نە، بۆ یەکەمیان (٦) دێڕە شیعرە و بۆدووەمیان (٧) دێڕە شیعری نوسیووە.

**لەم لاپەڕانەی بەدواوە تیشک دەخەینە سەر هەندێ لەم دوو جۆرانەی جێگۆڕین لەلای عەونی دا.**

**١_جێگۆڕین بە مەبەستی گۆڕینی واتا:**

**نە ژێر دەست بم نەکەس ژێر دەستی من بێ**
**نــە داگیـر کـەر نــە خــاک داگیـر کـراو بــم** ل٥٨

شاعیر لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەمدا دەڵێت: (نە ژێردەست بم) واتە: من ژێر دەستی کەس نەبم، دواتر لە نیوەی دووەمی هەمان دێڕدا دەڵێت: (نە کەس ژێر دەستی من بێ) لێرەدا جێگۆڕکێ لە نێوان پێکهاتەی هەردوو ڕستەکراوە و واتاکانیشیان گۆڕاون و پێچەوانە بونەتەوە، دواتر لە نیوەی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت: (نە داگیرکەر) واتە: من خاک داگیرکەر نەبم و (نە خاک داگیرکراو بم) دیسانەوە، ڕستەکان هەڵگەراونەتەوە و واتاکانیان بە تەواوی گۆڕاوە، بەمەش هونەری جێگۆڕینی بەرهەمهیناوە.

**نە خوێن ڕێژبم نە کەس خوێنم بڕێژێ**
**نــە زۆرداربــم نــە زۆریش لێکراو بم** ل٥٨

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر لە نیوەی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەمدا دەڵێت: (نەخوێن ڕێژبم) دواتر دەڵێت: (نەکەس خوێنم بڕێژێ) ڕستەی دووەم واتاکەی جیاوازە لە ڕستەی یەکەمدا، چونکە شاعیر پێکهاتەی ڕستەکانی شوێنی بکەر و بەرکاری گۆڕیوە و جێگۆڕکێی بە کەرەسەکان کردووە و واتایەکی دیکەی نوێی گەیاندووە، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا بە هەمان شیوە ڕستەکانی هەڵگەڕاندۆتەوە و واتاکان گۆڕاون، لە نیوەی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت: (نە زۆردار بم) دواتر دەڵێت: (نەزۆریش لێکراوبم)

لێرەشدا واتاکان پێچەوانە بونەتەوە، کە شاعیر بەهۆی هونەری جێگۆڕین ئەمەی ئەنجام داوە.

**ئەگەر بێتو بە چاوی دڵ سەرنج بگری دەزانی تۆ**

**کە شار وێران بووە، وێرانەیە ئێستاکە شارێکە** ل١٩٤

لەم دێڕەدا شاعیر لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت: (شار وێران بووە)، کە ئەمەیان واتایەکی ڕوونی هەیە، ساڵە های ساڵە مرۆڤ دەژی و دەمرێت شاران وێران دەبن، دواتر لە نیوەی دووەمی هەمان نیوە دێڕدا دەڵێت: (وێرانەیە ئێستاکە شارێکە) واتە: وێرانەکان ئێستا بوون بە شار، شاعیر شوێنی کەرەسەی ڕستەی گۆڕیوە، واتاکانیش لە گەڵیدا گۆڕاون و پێچەوانە بوونەتەوە بەهۆی هونەری جێگۆڕین.

**٢_جێگۆڕین بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر هەمان واتای پێشوو:**

**بەسیە توخوا یاری من، میحنەت و جەور و جەفا**

**میحنەت و جەور و جەفا، بەسیە توخوا یاری من** ل١٦٦

لەم نموونەیەدا شاعیر لە نیوەی یەکەمی گوتەکەی ڕستەیەکی هەواڵی هێناوە، (بەسیە توخوا یاری من، میحنەت و جەور و جەفا) لە نیوەی دووەمی گوتەکەی هاتووە، ئەم ڕستەی سەروی پاش و پێش کردووە، واتە: جێگەی بەشە ئاخاوتنەکانی نێو ڕستەی سەروی گۆڕیوە، بەمەش (جێگۆڕین) ی بەرهەمهێناوە، بەڵام بۆ ئەوە نا، کە واتا لە بەشی دووەم بگۆڕێ لەو واتایەی لە بەشی یەکەمدا خستبوویە ڕوو، بەڵکو بۆ هەمان مەبەستی بەشی یەکەمی گوتەکەی بەشە دووەمەکەشی بەم جێگۆڕینە هێناوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بۆ مەبەستی (جەختکردنەوە) لەسەر هەمان واتای پێشوو، جێگۆڕینەکەی ئەنجامداوە، دەتوانین بڵێین: ئەوەش جۆرێکە لە پاتکردنەوەی ڕستە، بەڵام بە شێوازێکی تر، لەو شێوازە باوەی پاتکردنەوە هەیەتی.

**یاری من نازداری من خونچەیی گوڵزاری من**

**خونچەیی گوڵزاری من یاری من نازداری من** ل١٦٦

لەم نموونە شیعریەدا شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا ڕستەیەکی هەواڵی هێناوە (یاری من نازداری من خونچەیی گوڵزاری من)، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا ئەم ڕستەیەی پاش و پێش کردووە و دەڵێت: (خونچەیی گوڵزاری من یاری من نازداری من)، واتە: جێگای بەشە ئاخاوتنەکانی نێو ڕستەی سەروی گۆڕیوە، بەمەش جێگۆڕینی بەرهەمهێناوە، کە بە مەبەستی گۆڕینی واتا نیە، بەڵکو بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان واتا، هەروەها بۆ جوڵاندنی هەست و سۆزی بەرامبەریشە، کە لە ڕستەی دووەمدا یاری بە وشەکان کردووە و پارێزگاری لە واتای ڕستەی یەکەمیش کردووە.

**ماهی دە و چواری من، ڕەونەقی ئەنجوم دەبا**

**ڕەونەقی ئەنجوم دەبا، ماهی دە و چواری من** ل١٦٦

شاعیر لەم دێڕەشدا بەهەمان شێوەی دێڕی پێشوتر، لە نیوە دێڕی یەکەمدا ڕستەیەکی هێناوە و دەڵێت: (ماهی دە و چواری من، ڕەونەقی ئەنجوم دەبا)، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا بەشە ئاخاوتنەکانی ڕستەکەی پاش و پێش کردووە و دەڵێت: (ڕەونەقی ئەنجوم دەبا، ماهی دە و چواری من)، کە بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر هەمان واتای ڕستەی یەکەم ئەم جێگۆڕینەی ئەنجامداوە، هەروەها دەشێ بۆ سەرنج ڕاکێشانی هەست و سۆزی بەرامبەریشی، لە ڕێگەی یاریکردن بە وشەکان، ئەم جێگۆڕینەی بەرهەمهێنابێ.

# باسی چوارەم

## تێلنیشان (تلمیح)

هونەرێکی تری جوانکاری واتایی تێلنیشانە، لەلایەن شاعیرانەوە گرنگی و بایەخی پێدراوە، زۆر جار شاعیر بۆ بە پێزکردن و دەوڵەمەند کردنی شیعرەکەی ئەم هونەرەی بە کارهێناوە، ((ئاماژە کردنە بە داستان یان چیرۆک یان ئایەت و فەرمودەیەک لە شیعردا)). (کامل احمد نژاد، ١٣٨٢، ل١٣٥)، (ئیدریس عەبدوڵڵا) بەم شێوەیە پێناسەی تێلنیشان دەکات: ((بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر، بە ئایەێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەک، یان پەندێکی پێشینان و ڕوداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بەسەرهات و هەر شتێکی تری هاوشێوە، بەڵام بێ ئەوەی، کە ئاماژە بۆ شتێ دەکات، لەسەری بوەستێ و بە درێژی باسی بکات، بەڵکو هەر بەئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت)) (٢٠١٢، ل١٣٧_ب).

**عەونی شاعیر دەستێکی باڵای هەبووە لە بەکارهێنانی ئەم هونەرە و شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە، بەپێی ئەو بابەتەی تێلنیشانی بۆ دەکرێت، بابەتی تێلنیشانکراو چەند جۆرێکە، لەوانە:**

**١_تێلنیشان بۆ قورئانی پیرۆز**

**أ_تێلنیشان بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز:** ئەو تێلنیشانەیە، کەشاعیر لە سنوری دێڕە شیعرێکدا، ئاماژە بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکات، بۆ نموونە:

**نـەکـو دڵـگیر بـێ لـەوە شـاهـی سلێمـان ڕۆژێ**
**لەشکری بێ بگری عەرد و سەما و ڕووبەری ئاو** ل١٦٩

لەم دێڕە شیعرەدا هونەری تێلنیشان بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز هەیە ئەو ئایەتەی، کە باس لە لەشکر و سوپای سلێمان پێغەمبەر دەکات، وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ((**وَحُشِرَ لِسُلَيمَانَ جُنُودُهُ مِنَ آلجِنِّ وَ آلإِنسِ وَ آلطَّيرِ فَهُم يُوزَعُونَ**) ) {النمل: ١٧} سلێمان لەشکرێکی ئێجگار گەورە و بەرفراوانی هەبوو، سلێمان (علیه السلام) فەرمانی دەکرد سوپاکەی نمایش بکرێ، هەربۆیە سەربازەکانی کۆدەبوونەوە، کە پێکهاتبوون لەجنۆکەو مرۆڤ و باڵندە، سەربازەکان هەریەک شوێنی خۆی هەبوو بە ڕیز دەوەستان، تاوەکو سوپاکە تێکەڵ بە یەکتر نەبن، خوای گەورە دەسەڵات و فەرمانڕەوای سلێمانی فراوان کردبوو بەسەر جنۆکە و شەیتانەکانی ژێر دەستی ئەم پێغەمبەرە سوپاسگوزارە، لە ڕیزی یەکەم سەربازە مرۆڤەکان دەوەستان و دواتر جنۆکەکان و باڵندەی جۆراوجۆریش لە ئاسمان و کاتی گەرما باڵندەکان بە باڵەکانیان سێبەریان بۆ سوپاکە دەکرد.

**ب_تێلنیشان بۆ ڕوداو و موعجیزەی قورئان:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا ئاماژە بۆ ڕوداو و موعجیزەی قورئانی دەکات، بۆ نموونە:

**بازنی زیو و مەچەک دەستی سپی موسایە**
**کێوی تورە بەدەنم بەردی سوتا و ڕزی یە** ل٢٥٥

ئەم دێڕەی سەرەوە تێلنیشانە بۆ ڕوداوی پڕ موعجیزەی موسا، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەکات و دەفەرمووێ: ((**وَآضمُم يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تخرُج بَيضَاءَ مِن غَيرِ سُوءٍ ءَايَةً أُخرَى**(( {طه:} یەکێک لە موعجیزە گەورەکان، کە خوای گەورە بە موسای بەخشی بوو دەستی سپی بوو، کاتێک

موساوهاڕونی برای ڕۆیشتن بۆلای فیرعەون، موسا موعجیزەکانی پەروەردگاری بە فیرعەون نیشان دا و دەستی لە ژێر باڵی دەردەهێنا و سپی دەبوو بەبێ هیچ عەیب و پەڵەیەک، هەروەها شاعیر لەنیوە دێڕی دووەمدا ئاماژە بە (کێوی طورِ) دەکات، ئەو ڕوداوەی کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی دەکات، کاتێک موسا بەرەو کێوی طورِ دەچێت بۆ خوا پەرستی، خوای گەورە قسە لەگەڵ موسا دەکات، ئەمەش ڕوداوێکی گرنگی ئایینیە، لە ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتە موسڵمانەکاندا باسکراوە.

**پ_تێلنیشان بۆ موعجیزەی قورئان:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیربە وشەیەک، یان زیاتر ئاماژە بە موعجیزەیەکی قورئانی دەکات، بۆ نموونە:

**ئەی دڵی زار و نەخۆش سەد ئافەرین بۆ چاوەکەی**
**وەک مەسیحا مردوویێکی گیان بەر بەرهێنایەوە** ل١٩٧

نیوە دێڕی دووەم دەبێتە تێلنیشان، بۆموعجیزەی قورئانی، ئەو موعجیزەیەی، کە خوای گەورە باس لە پێغەمبەر عیسا دەکات، کە چۆن بە ئیزنی خۆی گیان بەبەر مردووەکان دەهێنێتەوە، هەروەکو لە ئایەتی (١١٠) ی سورەتی (مائدە) دا دەفەرمووێ: ( **(وَإِذ تخرجُ آلَموتی بإِذنِی)** ) هەروەها لە ئایەتی (٤٩) ی سورەتی (أل عمران) دا دەفەرمووێ: ( **(وَأُحیِ آلَموتی بإِذنِ اللَّه)** )، هەر سەردەم و زەمانێک بە چ شتێک بە ناوبانگ و باو بێت، خوای گەورە بەهەمان شت موعجیزە و نیشانە ڕەوان دەکات، سەردەمی عیسا بە سەردەمی پزیشکی و ساڕێژی نەخۆشی بە ناوبانگ بوو، هەربۆیە خوای گەورە چەند موعجیزە و ئایەتێکی بە عیسا بەخشی بوو وەکو چاککردنەوەی نابینا و بەڵەک و زیندووکردنەوەی مردوو بە ویست و ئیرادەی پەروەردگار.

**ت_تێلنیشان بۆبەسەرهاتەکانی قورئان**: ئەوتێلنیشانەیە، کە شاعیر ئاماژە بۆ بەسەرهاتێکی قورئان دەکات، بۆ نموونە:

**دڵم لەو کولبەی ئەحزانە دەگری**
**دەڵێی یەعقوبە لەو کەنعانە دەگری** ل١٧٥

لەم دێڕەدا هونەری تێلنیشان بۆ (بەسەرهاتی قورئان) ی هەیە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چەند چیرۆک و بەسەرهاتێکی پێغەمبەران و ئومەتەکانی پێشترمان بۆ باس دەکات، وەکو دڵنەواییەک بۆ پێغەمبەر (د.خ) و تاکو ئێمەش پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرین، یەکێک لەمانە بەسەرهاتی یوسفی کوری یەعقوبە (علیه السلام) لەگەڵ براکانی، سەبارەت بە ونکردنی یوسفی کوڕی کەنعان، کە قورئانی پیرۆز بەدرێژی باسی ئەو ڕوداوەمان بۆ دەکات، شاعیریش دڵی خۆی بەو کوڵبەی ئەحزانە چواندووە.

**لە سیحری سامیری باکم نی یە ترسم هەیە چاوت**
**بە مەستی نازەوە بم خاتە دەست ئەفسونگەرێکی تر** ل١٥٤

(سامیری) تێلنیشانە بۆ کەسایەتی جولەکە، کەسایەتیەکی خراپە، لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای گەورە باسی کردووە، کە سامیری قەومەکەی حەزرەتی موسا بەرەو بت پەرستی دەبا، بەهۆی سامری و گوێرەکەکەی، جولەکەکان کەوتنە نێو گوناهێکی گەورەوە و گومڕابون، شاعیریش مەستی و نازی چاوی یاری بەو سامیرییە بەدکارە چواندووە وەکو چۆن دەیویست

قەومی موسا بەلاڕێدا ببات، چاوە مەست و بەنازەکەی یاریش عەونی توشی گومڕایی و سەرلێشێواوی دەکات.

**٢_تێلنیشان بۆ پێغەمبەران:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر لەسنوری دێڕە شیعرێکدا، یان نیوە دێڕێکدا ئاماژە بۆ یەکێک لە پێغەمبەران بکات، بۆ نموونە:

**یوسـفی میسری عـەزیز بـۆچی دەزانی عاقیـبەت**
**کەی دەگەییە مەرتەبە تا نەچووە ناو زیندانی عەشق** ل١٥٥

ئەم دێڕەی سەرەوە تێلنیشانە بۆ پێغەمبەر یوسف، ژیانی دونیا بریتییە لە شوێنی تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان، بێگومان پێغەمبەران زۆرترین پشکیان لەم تاقیکردنەوەیە بەردەکەوێت، یوسف(علیە السلام) نەگەیشتە ئەو پلە و پایە بەرزە تاوەکو بە چەند تاقیکردنەوەیەکی قورس تێنەپەڕێ، بۆ نموونە یوسفی عەزیز هەر لە ئەوەل رۆژەوە دایکی دەمرێت دوای ئەوە کوڕانی یەعقوب دەیخەنە ناو بیر، کاتێک خێزانی عەزیزی میسر (زولەیخا) دەکەوێتە خۆشەویستی جوانی یوسف، پێغەمبەر یوسف لەگەڵ گەنجیەتی و جوانی خۆی، داوێن پاکی و ڕەوشتی بەرزی هەڵبژارد و دواتر زیندان، زولەیخا زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی بگا بە یوسف، بەڵام پێغەمبەر یوسف (علیە السلام) گەنجێکی لە خوا ترس و ڕاستگۆ و چاکەکار بوو بۆیە خوای گەورە پلە و پایەی بەرز کرد لە دونیا و دوا رۆژ.

**٣_تێلنیشان بۆ (ئادەم و حەوا) باوک و دایکی مرۆڤایەتی:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر بە وشەیەک یان زیاتر ئاماژە بە ئادەم و حەوا باوک و دایکی مرۆڤایەتی دەکات.

**ئەوە کاروانێکە لە ڕێ دایە بە بێ ڕاوەستان**
**لەو دەمە ئادەم و حەوا بووە نەپساوەتەوە** ل٤٠٣

(ئادەم و حەوا) تێلنیشانە، ئاماژەیە بە سەرەتا و بەردەوامی کاروانی مرۆڤایەتی، کە سەرەتا و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەقە ئایینیەکان، دوای دابەزینیان لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی، ئادەم و حەوا لەسەر زەوی ژیان و بوون بە باوک و دایکی مرۆڤایەتی .

**٤_تێلنیشان بۆ کەسایەتیە جیهانی و ناودارەکان:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر بە وشەیەک یان زیاتر ئاماژە بۆ کەسایەتیەکی جیهانی دەکات، بۆ نموونە:

**چی یە دەرمانی ئەم دەردە کوشندە**
**بکا چاری بە حیکمەت وەک ئەرەستۆ** ل٧٢

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا بەخێرایی ئاماژە بە دانایی و فەیلەسوفی ئەرستۆ دەکات، وەکو دەڵێت دەرمانی ئەم دەردە کوشندەیەی ئێمەش پێویستی بە چارەسەرێکە، ئەو چارەسەرەش هاوشێوەی حیکمەتەکەی ئەرستۆیە، ئەو حیکمەتەش زانایی و داناییە، فەیلەسوف و حەکیم چەندین کتێب و سەرچاوەی لە زانستە جۆر بە جۆرەکاندا نوسیووە، دوو کتێبی لەبارەی هونەر و شیعر نوسیووە ئەوانیش هونەری شیعر و هونەری وتارن.

**جەنگیز*، هۆلاكۆ*، تا تەیموری لەنگ***
**بـەم كـردەوانــە دەڵێن عـار و نـەنگ** ل١٢٨

(جەنگیز، هۆلاكۆ، تەیموری‌لەنگ) تێلنیشانە بۆ سێ كەسایەتی، شاعیر دەڵێ ئەوان ئەم كردەوانەیان پێ خراپ بوو، ئەگەر ئەو كەسە خراپانە ئەم كردەوانەیان پێ عار و نەنگ بێ دەبێ چ جۆرە كردەوەیەكی خراپ و نا شایستە بێ؟..

---

*((جەنگیزخان ناوی تەواوی (تیمۆجین) كوڕی (یەسوكای بەهادر) لە ساڵی (١١٥٤ ز) لە مەنگۆلیا لە دایك بووە، دوای مردنی باوكی توانی بەسەر ڕكابەرەكانیدا لە خێڵ و تیرەكانی مەغۆل دا سەربكەوێ، بەمەش نازناوی جەنگیزخان واتە مەزنترین فەرمانڕەوا یان ئیمپراتۆری مرۆڤایەتی لێندرا، دواتر دەستی بەسەر ناوچەیەكی بەرفراواندا گرت، لە چین و زۆربەی هەرێمەكانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا كاولكاری و ڕەشەكوژی و تاڵانی زۆری ئەنجام داوە لە (١٢٢٧ ز) كۆچی دوایی كردووە)). (زرار صدیق توفیق، ٢٠١٠، ل ٣٤٣_٣٤٨)*

*((هۆلاكۆ خان كوڕی تۆلۆی كوڕی جەنگیزخان ساڵی (١٢١٧ ز) لە دایك بووە، یەكێك بوو لە دیارترین سەركردەكانی مەغۆل لە سەردەمی ئەودا مەغۆلەكان ناوچەیەكی بەرفراوانیان لە ئێران و میزۆپۆتامیا بە شاری بەغداشەوە لە ساڵی (١٢٥٨ز) دا داگیر كرد، هەر لە سەردەمی ئەودا مەغۆلەكان دەستیان گرت بەسەر ناوچەیەكی زۆر لە كوردستان وەكو مەراغە، سابلاغ، هەمەدان، كرماشان، ناوچەی شارەزوور، خانەقین، هەولێر، ئامێدی و دیار بەكر، ماردین و چەند شوێنی تردا گرت و كوشتاری و كاولكاری زۆر لەو ناوچانەدا ئەنجام درا، لە ساڵی (١٢٦٥ز)لە ورمێ كۆچی دوایی كردووە)) (بڕوانە: عبدالله العلیاوی، ٢٠٠٥، ص ٥٣ و ما بعدها)*

*((تەیمور کوڕی ترغا لەساڵی (١٣٣٥ز) لە شاری (کش) لە نزیک سەمەرقەند لە دایک بووە، زۆربەی ژیانی خۆی لە داگیرکاری و شەڕ و شۆڕ بەسەر بردووە، دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوان لە هیند و ئێران و کوردستان و میزۆپۆتامیا و شام داگرتوە... لە (١٤٠٥ز) کۆچی دوایی کردووە)) (زرار صدیق توفیق، ٢٠٠١، ل١٩١ و دواتر).

**٥_تێلنیشان بۆ ئەدەبیات**

**أ_تێلنیشان بۆ ئەفسانە:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر بە وشەیەک، یان زیاتر ئاماژە بۆ ئەفسانەیەک دەکات، بۆ نموونە:

**وەکو ئەسکەندەری* بێ هودە لە شوێن ئاوی بەقا**
**مەگەڕێ هەردوو کە بێ هودە لام مەرگ و ژیان** ل١٦٣

عەونی ئاماژە بە ئەسکەندەر دەکا، ئەسکەندەر تێلنیشانە بۆ ئەفسانە ئەو ئەفسانەی، کە باس لەوە دەکات چۆن ئەسکەندەر بەدوای ئاوی ژیاندا گەڕاوە بۆ ئەوەی ژیانی نەمری و هەتاهەتایی بۆ خۆی دەسەبەر بکات، بەڵام هەر نەگەیشت بەو ئاوە..!

**ب_تێلنیشان بۆ داستانی کوردی وداستانی نەتەوەی تر:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر بە وشەیەک، یان زیاتر ئاماژە بۆ داستانێک دەکات، بۆ نموونە:

**سەرگوزشتەی قەیس و لەیلا باس مەکە بۆ من ڕەقیب**
**داستانی زین و مەم، شیرین و فەرهادم دەوێ** ل٧٧

ئەم دێڕە شیعرە تێلنیشانە بۆ سێ داستان، داستانی (قەیس و لەیلا) داستانێکی عەرەبیە و لە ژینگەی بیابانی عەرەبیدا سەریهەڵداوە، زین و مەم داستانێکی کوردی خەیاڵیە لەسەر بنەمای داستانێکی واقیعی بەناوی (مەمی ئالان) ئەحمەدی خانی نوسیویەتی، شیرین و فەرهاد داستانێکە، لە نێوان

کورد و فارس دایە هەریەک لە نەتەوەی کورد و فارس خۆیان بە خاوەنی دەزانن، شاعیر بە کورتی ئاماژەی بۆ ئەو سێ داستانە کردووە مەبەستی ئەوەیە، ئەگەر عەرەب (قەیس و لەیلا) ی هەبێ ئەوا کوردیش (زین و مەم) و (شیرین و فەرهاد) ی هەیە، هەرچەندە داستانی شیرین و فەرهاد لە نێوان کورد و فارس دایە.

---

*((ئەسکەندەر کوڕی فلیپی فەرمانڕەوای مەکدۆنیا بووە، ساڵی (٣٥٦ پ.ز) لە شاری (بیلا) لە مەکدۆنیا لە دایک بووە، ساڵی (٣٣١ پ.) گەیشتە ناوچە شاخاوییە کوردیەکان لە دەوروبەری شاری هەولێردا لە شوێنێک بە ناوی (گەوگەمیلا)، واتە کۆپارەی وشتر، لەگەڵ سوپای ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی (داریوشی ئەخمینی داریوشی سێیەم) بە یەکیان دادا و سەرکەوت بەسەر داریوش دا، دوای ئەوە دەستی گرت بەسەر پایتەختی میدیەکاندا، بەم شێوەیە توانی زۆربەی ناوچە کوردیەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە ساڵی (٣٢٣ پ.ز) لە شاری بابل کۆچی دوایی کرد) ) (بڕوانە: د.جمال رەشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید، ٢٠١١، ل٩١)

**شێخی تەرسا بەچە، چەند پیری لە دین لاداوە**
**شێخی سەنعانی کە ناچار بووە بتخانە نشین** ل١٦٥

(شێخی سەنعان) تێلنیشانە بۆ ئەو داستانەی، کە هەریەک لە (عطار) و فەقێ تەیران نووسیویانە، پاڵەوانی ئەو داستانە شخێکی خوا پەرست و ناودار بووە، زیاتر لە (٤٠٠) موریدی هەیە و (٥٠) جار سەردانی ماڵی خوای کردووە، ئەم پیرە بەهۆی عەشقی کچە گاورێک لە دین لادەدا و هەڵدەگەڕێتەوە، دواتر شێخی گەورە (شێخ عەتار) دەچێتە لای (شێخی سەنعان) ئەویش پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ هیدایەتی خوا .

**پ_تێلنیشان بۆ پاڵەوانی نێو ئەدەبیاتی کۆن:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر بە وشەیەک، یان زیاتر ئاماژە بۆ یەکێک لە پاڵەوانانی نێو ئەدەبیاتی کۆن دەکات، بۆ نموونە:

**لەگەڵ یەکدا هەموو ئازا و نەبەردن**
**بە وێنەی ڕۆستەمی داستان و برزۆ** ل٧٣

ئەم دێڕە شیعرە تێلنیشانە بۆ ڕۆستەمی زاڵ (کەسێکی ئازا و نەبەرد بوو)، رۆستەمیش باوکی زۆرابە بە پێی میسۆلۆژیای کوردی و داستانەکان، داستانێکی هاوبەشی هەردوو نەتەوەی (کورد و فارس)ە، ئەم داستانەش بەدرێژی لە کتێبی (شانامەی فیردەوس) یدا باسی لێوەکراوە، بۆتە هەوێنی زۆر شیعر و داستان و ئەدەبیاتی کۆن و فۆلکلۆری چ لەناو ئەدەبیاتی کوردی چ لە ناو ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلانی ناوچەکەدا .

**ت_تێلنیشان بۆ کەسایەتی مێژوویی و ئەدەبی:** ئەو تێلنیشانەیە، کە شاعیر بە وشەیەک، یان زیاتر ئاماژە بۆ کەسایەتی مێژوویی و ئەدەبی دەکات، بۆ نموونە:

**بەلقیس و جولێت، شیرین و لەیلا**
**بۆ کەنیزەییت هاتنە بەر دەرگـا** ل٢٩١

بەلقیس کەسایەتی مێژوویی قورئانی یە، شاژنی (سەبەء) بووە، لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە باسی کردووە، جۆلێت و شیرین و لەیلا کەسایەتی نێو ئەدەبن سیمبولن بۆ عەشقی نەمری و جاویدانی.

**٦_تێلنیشان بە وتەی باوی ناو کۆمەڵگە:**

**ئـەمڕۆ ڕۆژگارێکە هـەمـوو خو ڕەوشتمان گۆڕاوە**
**داد لە بێ دادیەوە هاتووە، یاسا و قانون لە کوتەک** ل١٨٥

نیوە دێڕی دووەم تێلنیشانە بە وتەی باوی ناو کۆمەڵگە، ئەم وتەیە لەسەر زاری تاکی کۆمەڵگەی کوردی زۆر باوە، شاعیریش لەم نیوە دێڕەدا ئاماژەی بەو وتەیە کردووە، باری کۆمەڵگەی دەرخستوە پێی وایە لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە یاسا و زەبر و زەنگە بۆ ڕێکخستنی، لەهەمان کاتیشدا لایەنی ئیستاتیکی و جوانی بە دەقەکە بەخشیووە.

**به شێوەیەکی گشتی تێلنیشانەکانی عەونی بۆ چەند شتانێکن لەوانە:**

١_ڕوداو و بەسەرهاتی مێژوویی، کە لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵیان بە دروستی و بە تەواوی هەیە.

٢_هەندێک موعجیزەی پێغەمبەران، کە ئەوانیش لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵیان هەیە.

٣_هەندێک کەسایەتی مێژوویی جیهانی.

٤_هەندێک کەسایەتی ئەدەبی، کە لە ئەفسانە و داستانەکاندا ناویان هاتووە.

٥_هەندێک فەرماندە عەسکەریە ملهورەکان.

گرنگی ئەم تێلنیشانەشی لەوەدایە، کە ئاماژەیەکی بروسکەیی کورت، واتایەکی زۆر لە ڕێگەی ئەم وشە کورتانەوە لە مێشکی خوێنەردا زەق دەکاتەوە، ئەمەش کورت بڕی یە، کورتبڕیش ڕۆحی ڕەوانبێژییە، لەبەر ئەمەیە تێلنیشان لەلای هەموو زانایانی ڕەوانبێژی یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری.

# باسی پێنجەم

## کۆکردنەوە (الجمع)

(عبدالعزیز عتیق) لە پێناسەی هونەری کۆکردنەوەدا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە چەند شتێک لە ژێر یەک بڕیاردا کۆبکرێتەوە، یان ئەوەیە قسەکەر دوو شت یان زیاتر لە یەک بڕیاردا کۆبکاتەوە)). (١٩٨٥، ص١٥٥)، (احمد الهاشمی) یش دەربارەی ئەم هونەرە دەڵێت: ((ئەوەیە، کە قسەکەر چەند شتێک لە ژێر یەک فەرماندا کۆبکاتەوە)). (٢٠٠٦، ص٢٢٧)، (عەلی فەتاح دزەیی) یش لە باسی ئەم هونەرە دا دەڵێت: ((بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێ، کە زۆر شتان یاخود وەسفان لە ژێر یەک حوکمدا کۆبکرێنەوە)). (١٩٨٤، ل٤١).

هۆی ئەم کۆکردنەوانە، هۆیەکی سروشتی گشتییە، شاعیر وەکو هەر شاعیرێکی دیکە هەندێک جار لە خستنەڕووی مەبەستەکانیدا ئیشی تەنها بە وشە بەڕێوە ناڕوات، چونکە بیرۆکەکەی گەورەترە لەوەی، کە بابەتەکە بە تاکە وشەیەک بەڕێوە بڕوات، بۆیە وشەکانی دەبێ بە قەد فیکری بێت، لەبەر ئەوەشە کۆکردنەوە دەبێتە یەکێک لە هونەرە سروشتی یەکان کە لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکییەوە هەیە، دەکەوێتە نێو زمانی شیعریشەوە، بەڵام جیاوازی نێوان کۆکردنەوەی نێو شیعر و کۆکردنەوەی نێو زمانی ئاخاوتن تەنیا لەوەدا دەبێ، کە شیعر تایبەتمەندی و یاسای خۆی هەیە بۆ دەربڕین، وەکو یاساکانی کورتبڕی و مۆسیقای شیعر و بەرهەمهێنانی جوانی هەموو ئەوانە وا دەکەن (کۆکردنەوە) لە شیعردا ببێتە هونەرێکی جوانکاری و لە کۆنەوە هەموو ئەوانەی شتێکیان لەسەر ڕەوانبێژی نوسیووە_مەگەر بە دەگمەن نەبێت_دەنا کۆکردنەوەیان وەکو هونەرێکی جوانکاری هەژمارە کردووە و نموونەی جۆراوجۆریان بۆ هێناوەتەوە.

**کۆکردنەوەی دوویی:**

**لافی سەرداری لەژێر دارا دەبێ**
**هەروەکو دکتۆر فوئاد و شێخ سەعید** ل٦٣

شاعیر لەنیوە دێڕی دووەمدا دوو کەسایەتی شۆڕشگێری کۆکردۆتەوە لەژێر بڕیاری ئەوەی، کە ئەوان لەژێر دارا لافی سەردارییان لێدا، بەمەش هونەری کۆکردنەوە بەرهەمهاتووە.

**کۆکردنەوەی سێیی:**

**بەشاکاری بڵندتان ڕووحیان شادان و خەندانە**
**سەلاحەدین و حاجی قادر و شێخ ئەحمەدی خانی** ل٥٤

لەنیوە دێڕی دووەمدا شاعیر هەریەکە لە (سەلاحەدین و حاجی قادر و شێخ ئەحمەدی خانی)، لەژێر ناونیشانی شادی ڕۆح و خەندان کۆکردۆتەوە.

**قەنارە هەڵبخا بۆ چەند حەسود و خائن و بەد خواه**
**نیهایەت (ئەهریمەن) هەڵدێ لە ترسی (هورمز) ی خێر خواه** ل٥٦

لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر سێ شتی کۆکردۆتەوە و بە دوای یەکدا ڕیزی کردوون، کە بریتین لە: (حەسود و خائن و بەد خواه) هەموویانی لە ژێر بڕیاری هەڵخستنی قەنارەدا کۆکردۆتەوە.

**منیش ئاسودە خاتر یەک هەناسە**
**بڵێم ئازادم و سەربەست و زیندوو** ل٧٢

عەونی (سەربەست و ئازاد و زیندوو) ی کۆکردۆتەوە، لە ژێر بڕیاری ئاسودەیی دا، واتە شاعیر ئەو کاتە ئاسودە دەبێ، کە بتوانێ بڵێ ئازادم و سەربەستم و زیندووم.

**کۆکردنەوەی چواری:**

**ڕۆژێک دێت هەموو یەک دەگرێتەوە**
**بۆتان و سۆران، موکری و بابان بێ!** ل٦١

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا چوار لە میرنشینە کوردیەکانی کۆکردۆتەوە و لە ژێر فەرمانی یەکگرتنەوەدا.

**شۆڕشی شێخ حەفید و شێخی پیران شێخ سەعید**
**بارەگای سمکۆی شکاک، قازی مەهابادم دەوێ** ل٧٧

شاعیر لەم دێڕەدا چوار شتی کۆکردۆتەوە، ئەوانیش هەریەک لە شۆڕشی شێخ حەفید و شۆرشی شێخ سەعید، لەگەڵ بارەگای سمکۆی شکاک و قازی مەهابادە، هەموویانی لە ژێر بڕیاری ویستنی خۆیدا کۆکردۆتەوە.

**عەونی سەربەستی لە ڕێبازی خەباتا دێتەدی**
**من نەوەی زانا و بە هەست و ژیر و ئوستادم دەوێ** ل٧٧

لە نیوە دێڕی دووەمدا، شاعیر چوار سیفەتی کۆکردۆتەوە و بە دوای یەکدا ڕیزی کردوون، کە بریتین لە: (نەوەی زانا، بەهەست، ژیر، ئوستاد)، هەر چواریان لە ژێر بڕیاری ویستنی شاعیردا کۆکراونەتەوە.

**کۆکردنەوەی پێنجی:**

**لـە لات وابـوو هـەمـوو ئـیـسلام بـرایـە**
**عەرەب بێ، کورد و فورس و تورک و هندوو** ل٧٣

لە نیوە دێڕی دووەمدا، شاعیر هاتووە پێنج نەتەوەی کۆکردۆتەوە و بە دوای یەکدا ڕیزی کردوون، هەموویانی کۆکردوونەتەوە لە ژێر بڕیاری ئەوەی کەوا موسڵمانن و موسڵمانانیش بران.

**کۆکردنەوەی شەشی:**

**نەخوێندەوار و کەم هەست و پـەستـین**
**دژی خـوێنـدن و زانسـت و هـەستین**
**بـۆیـە ژێر دەسـت و دیـل و دامـاویـن**
**وەک گای قوربانی بەش بەش کراوین** ل٩٦

شاعیر لە دێڕی یەکەمدا شەش شتی کۆکردۆتەوە، کە ئەوانیش (نەخوێندەوار، کەم هەست، پەست، دژی خوێندن، دژی زانست، دژی هەست) لە دێڕی دووەمیشدا ئەمانەی لەژێر فرمانی ژێر دەستی دا کۆکردۆتەوە، شاعیر دەڵێت : لەبەر ئەو شەش هۆکارەیە، کە ئێمە ژێر دەست و دیل و داماوین.

**کۆکردنەوەی نۆیی:**

**شەو و ڕۆژ، مانگ و خۆر، دەریا و زەوی، چەرخ و فەلەک گشتی**
**ئـــەتـــۆ بـــڕوا بـــکـــە (عـــەونـــی) کـــە کـــاری کـــردگـــارێـــکـــە !!** ل١٩٥

لەم دێڕەدا شاعیر هەشت شتی تایبەتی کۆکردۆتەوە، ئەوانیش بریتین لە (شەو، رۆژ، مانگ، خۆر، دەریا، زەوی، چەرخ، فەلەک) لەگەڵ (گشتی)، لێرە گشت هەموو شتێکی زەوی و ئاسمانەکان دەگرێتەوە، هەموو ئەمانەی لە ژێر کاری (کردگارێک) دا کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی نیشانی بدات هەرچی هەیە، هەمووی خوڵقێنراوی خودایەکی تاک و تەنیایە.

# باسی شەشەم

## لێککردنەوە (التفریق)

لێککردنەوە لەو هونەرانەیە، کە لە شیعری شاعیراندا بەکارهاتووە، زانایانی ڕەوانبێژیش لە بارەی ئەم هونەرە دواون و پێناسەیان کردووە: (عبدالقادر حسین) لە باسی لێککردنەوە دەڵێت: ((بریتییە لە جیاوازی کردن لە نێوان دوو شت یان زیاتر لە یەک بڕیاردا، کە تیایدا هاوبەشن بۆ ئەوەی هەریەکەیان بە باشی بە دیار بخات)). (٢٠٠٨، ص٧١)، (بسیونی عبدالفتاح فیود) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ((پێچەوانەی کۆکردنەوەیە، جۆرە ئاوازێکە، کە جیاوازی لە نێوان دوو شتی یەک جۆر دەکات)) (٢٠٠٨، ص١٨٤).

عەونی ئەم هونەرەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

**نـی یـە زانـایـێ تـاکـو لێـی بپـرسـین**
**یەکێک وا چارە ڕەش یەک بەهرەمەندە!** ل٤٠٨

لەم دێڕە شیعرەدا هونەری لێککردنەوە هەیە، شاعیر سیفەتە هاوبەشەکانی مرۆڤ بەختەوەر و بەدبەخت، کە دوو چارەنووسی هاوبەشی مرۆڤایەتین، بە شارەزاییەوە لێکیان دەکاتەوە و لە شێوەی سەرسوڕمان و پرسیاردا ڕووی دەمی دەکاتە خوێنەر و وەرگری شیعرەکانی و دەڵێت: لەمەڕ دابەشکردنی ئەو دوو چارەنوس و قەدەرانەی مرۆڤ بەهەردوو باردا لە کێ بپرسین، کە بۆچی وایە و ئەوە چ هێزێکی (سەرو گەردوونی) یە چارەنوسی مرۆڤەکان بەو شێوەیە دابەش و دیاریدەکات؟

لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا (عەونی) ئاماژە بە حەتمیەتێکی مێژووی دیکە دەکات لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا، وەک حەقیقەتێکی ئەزموونکراو ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو، کە سەرەنجامی ململانێی نێوان زۆردار و زۆرلێکراو، چەوساوە و چەوسێنەران لە ئاکامی خەباتدا، زۆرداران دەدۆڕێن و بردنەوەی ململانێکەش هەر بە قازانج و ویستی زۆرلێکداران و چەوساوەکان کۆتایی دێت، بێگومان بردنەوە و دۆڕانیش لە کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر گەل و چینێکی کۆمەلایەتیدا وەک دوو سیفەتی هاوبەش و دوو دەرەنجامی چاوەروانکراون، هەر بۆیە شاعیر بە شارەزاییەوە ئەو سیفەتە هاوبەشانەی لەو دێڕە شیعرەدا لێککردونەتەوە:

**هەردەبێ زۆردار کەساد بێ**

**زۆرلێکراویش ئازاد بێ** ل٩٤

**وەنەوشەم دیت کز و داماو و خەمبار**

**گوڵم دیت شادو، ڕووگەش دەم بە خەندە** ل٤٠٨

(وەنەوشە) کە جۆرە گولێکی دیاریکراوە، لە بەشێکی زۆری شیعری کلاسیک و تەنانەت شیعری ڕۆمانسی کوردیدا وەک (ئاماژە بۆ خەمباری) نیشان دراوە، لەم دێڕە شیعرەشدا (شاعیر) دیسانەوە بە هەمان ئاماژەوە بەکاری دێنێتەوە، لێرەدا شاعیر وەنەوشە دەخاتەڕوو بە کز و داماوی، گوڵیش لەو دێڕە شیعرەدا وەک ئاماژەیەک بۆ سەرجەم گوڵەکانی تر جگە لە (وەنەوشە) وەک ڕەمزی خۆشی و شادی و ئاسودەیی بەکاری دێنێت و بە ڕووگەش و دەم بە خەندەییەوە نیشانی دەدات و سیفەتەکانی لێککردنەوە دەخاتەڕوو.

## باسی حەفتەم

## کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە (الجمع مع التفریق)

یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی، کە لە شیعری شاعیراندا بەرچاو دەکەوێت، کە بەو هۆیەوە شیعرەکانیان دەڕازێننەوە و زانایانی ڕەوانبێژیش بەم شێوەیە باسیان لێوە کردووە: (جلال الدین همایی) دەربارەی ئەم هونەرە دەڵێت: ((بەوە دەگوترێت، کە لە سەرەتادا چەند شتێک لە یەک سیفەت یان یەک تایبەتمەندی یان یەک لێکچووندا کۆبکرێنەوە و لە نێوان ئەم چەند شتەشدا لەلایکی تر، جیاکردنەوەی بۆ بکرێت)). (١٣٨٦، ل٢٨٤)، ((ئەوەیە کە قسەکەر دووشت لە بڕیارێکدا کۆبکاتەوە، پاشان لە هەمان بڕیاردا لە یەکیان جیابکاتەوە)) (احمد الهاشمی، ٢٠١٢، ص٣٩٦).

لەم هونەرەدا شاعیر دەبێت دوو یان چەند شتێک لەژێر یەک بڕیاردا کۆبکاتەوە، پەیوەندیەکیش دروست بکات لە نێوان ڕووی لێکچوونەکانیان، دواتر زۆر بە زیرەکانە لەیەکترییان جیابکاتەوە و خاسیەتی هەریەکەیان بە وردی دیاری بکات، لە لای عەونی شاعیر ئەم هونەرە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە:

**هەڵبەست و وێژە، مۆسیقا و وێنە**
**هونەری جوانن هەر سێ بێ وێنە**
**وێـنە ئـایـاتـی سـیحرو بـەیـانــە**
**مـۆسـیقا، ئاواز خـۆراکی گـیانــە** ل٢٢٧

(عەونی) سێ شتی کۆکردۆتەوە (هەڵبەست و وێژە، مۆسیقا، وێنە) لە ژێر یەک بڕیاردا، ئەویش بڕیاری هونەری جوانە، بەوەی کەوا هەرسێکیان هونەری جوانن، دواتر تەنیا دوانی لە یەکتر جیاکردۆتەوە، وێنەی بە ئایاتی سیحر و بەیان داناوە و مۆسیقاشی کردۆتە خۆراکی گیان، بەمەش هونەری (کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە) ی بەرهەمهێناوە.

# باسی هەشتەم

## پێچە و پەخشە (اللف و النشر)

پێچە و پەخشە (پێچان و کردنەوە) شی پێدەگوترێت هونەرێکی جوانکارییە، کە شاعیر چەند وشەیەک دێنێت، یان بابەتێک باس دەکات، لە پاشاندا چەند وشەیەکی تر دێنێت، کە ڕوونکردنەوە بۆ ئەو بابەتە یان ئەو وشانە دەکات، کە لە سەرەتادا هێنابویەوە، (محمد حسین محمدی) لە پێناسەی (پێچە و پەخشە) دا دەڵێت: ((ئەوەیە کە لە سەرەتادا دوو یان چەند وشەیەک لەلایەک (لەنیوە دێڕی یەکەم) دەهێنرێت و پاشان لە لاکەی تر (لە نیوەدێڕی دووەم) ئەو وشانە دەهێنرێن، کە پەیوەندی نزیکی یان وا بەستەبوونیان هەیە بەم دوو، یان چەند وشەیەی، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە)). (١٣٩٠، ل١٦١_١٦٢)، (فضل حسن عباس) یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەوەیە چەند شتێک بڵێین، لە پاشان بۆ هەریەکە لەو شتانەی پێشوو شتێکی تر بڵێین، کە بۆی گونجاوە)) (٢٠٠٤، ص٢٩٧).

**پێچە و پەخشە دوو جۆری هەیە:**

**١_ پێچە و پەخشەی ڕێک ٢_ پێچە و پەخشەی ناڕێک**

عەونی لە شیعرەکانیدا، هەردوو جۆر پێچە و پەخشی ڕێک و ناڕێکی بەکارهێناوە، لە خوارەوە نموونە بۆ هەردووکیان دێنینەوە:

**١_پێچە و پەخشی ڕێک:** ((ئەوەیە سەرەتا چەند شتێک بڵێین، لە پاشان ئەو شتانە بێنینەوە، کە بەڕیز هەریەکەیان بۆ وشەیەکی بەشی یەکەمی ئاخاوتنەکە گونجاوە)). (فضل حسن عباس، ٢٠٠٤، ص٢٩٧)، ((ئەوەیە، کە لە دێڕ یان

بەیتە شیعرێکدا، چەند شتێک ناو ببرێن و لە دێڕ یان بەیتە شیعری دوایەوە، بەڕیز وەسف بکرێن یان واتایان ڕوون بکرێتەوە)) (عەلی فەتاح دزەیی، ١٩٨٤، ل٤١).

**ژیـن و مـەرگ حـاجی دەڵێت وێنەی هەتاو و سایەیە**
**ئەو کەسەی خووی چاکی کردە پیشە بۆی سەرمایەیە** ل٢٤٩

لە بەشی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (ژین) و (مەرگ) بە ڕیز هاتون و بەیەک پێچراونەتەوە، بەدوای ئەوانیش لە بەشی دووەمدا بە ڕیز و لە بەرامبەر وشەکانی یەکەمدا (هەتاو) لە بەرامبەر (ژین) و (سایە) ش لەبەرامبەر (مەرگ)دا هاتووە، بەوەش پێچەو پەخشی ڕێک دروستبووە.

**ئــەوەی دڵـداری بــۆ خــۆی کـردە پیـشــە**
**چ دەربەست شین و شایی و مەرگ و ژینە** ل٢٠١

لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەکانی (شین) و (شایی) بە ڕێز هاتون و پیچراونەتەوە، بەدوای ئەوانیش ڕاستەوخۆ وشەکانی (مەرگ) و (ژین) هاتون، (مەرگ) لە بەرامبەر (شین)، (ژین) لە بەرامبەر (شایی) دا هاتووە، پەیوەندی نێوان وشەکانی (ژین) و (شایی)، (مەرگ) و (شین) پەیوەندیەکی تەواوکاریە.

**کون کون و لەت لەتە جەرگ و دڵی من بەر لە دەمێ**
**بە تیری ئاوێژی بژانگ و چ بە شمشێری بـرۆی !!** ل٢١٠

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، سەرەتا وشەکانی (کون کون) و (لەت لەت) پێکەوە پێچراون، دوای ئەوە وشەکانی (جەرگ) و (دڵ) یان بۆ پەخشکراوەتەوە، ئەمەش پێچەو پەخشەیەکی ڕێکە، چونکە بەڕیزە ((جەرگ)

بۆ (کون کون) و (دڵ) یش بۆ (لەت لەت) ەکە هاتووە، پێچەو پەخشەیەکی تریش لەم دێڕە شیعرەدا بەرهەمهاتووە، لەنیوە دێڕی یەکەمدا (کون کونی جەرگ) و (لەت لەتی دڵ) هاتون، ئەمانە وشەی پێچراون، لەنیوە دێڕی دووەمدا (تیری ئاوێژی بژانگ) و (شمشێری برۆ) یان بۆ پەخشکراوەتەوە، (تیری ئاوێژی بژانگ) بۆ (کون کونی جەرگ) و (شمشێری برۆ) ش بۆ (لەت لەتی دڵ) هاتووە.

**٢ـپێچە و پەخشی نارێک**: ((ئەوەیە سەرەتا هەندێ شت بڵێین، لە پاشانیش بۆ هەریەکە لە شتەکانی پێشوو، شتی تر بڵێین، بەڵام بە شێوەی ڕێک و ڕیزبەندی نا، بەڵکو بەتێکەڵی و نارێکی)) (فضل حسن عباس، ٢٠٠٤، ص٢٩٧).

**کانی زێڕینم هەیە پولم لە گیرفانا نیە**
**خاوەنی عەرد و بەراو، بێ ئاو و بێ نان هەر منم** ل٩٥

لە نیوەی بەشی یەکەمی دێڕی دووەمدا، شاعیر (عەرد) و (بەراو) ی هێناوە، دواتر بە دوایاندا وشەکانی (بێ ئاو)، (بێ نان) ی هێناوە (عەرد) بەرامبەر (بێ نان) و (بەراو) یش بەرامبەر (بێ ئاو)، عەرد وشە پێچەکەیە و لە بەرامبەریدا وشەی (بێ نان) پێچەکەی کردۆتەوە، (بەراو) وشە پێچەکەیە و لە بەرامبەریدا وشەی (بێ ئاو) وشە پێچەکەی کردۆتەوە، بەمەش (پێچە و پەخشەی نارێک) بەرهەمهاتووە.

## باسی نۆیەم

## ڕاڤە (تفسیر)

هونەرێکی جوانکاری واتاییە، (عەزیز گەردی) لە پێناسەی (ڕاڤە) دا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە هۆنەر یا نوسەر لە پێشا قسەیەک بکا یا باسی شتێک بکا، ئنجا بە دوای ئەوەوە قسەکە ڕوونبکاتەوە و لێکی بداتەوە و بۆ خوێنەری ئاشکرا تر بکا)). (١٩٧٥، ل١٠٥)، (عەبدولسەلام سالار) یش لەباسی ئەم هونەرەدا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا، ناوی شتێک یان چەند شتێک بهێنێتەوە و دوایش ئەو شتە یان ئەو شتانە، لە هەمان دێڕدا ڕوونبکاتەوە و دەربارەیان بدوێ)) (٢٠٠٠، ل١٩٦).

ئەم هونەرەش لە شیعرەکانی عەونی دا بەکارهاتووە، بۆ نموونە:

**مژدە بێ مژدە مژدەی سەرکەوتن**
**نــزیـکە ڕۆژی دوژمــن دەرکردن** ل٣٠١

لەم دێڕەدا شاعیر دووجار لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمدا موژدە دەداتە خوێنەر، بەڵام زانی کەس تێناگات موژدەکە لەسەر چییە، بۆیە هات لە جاری سێیەمدا موژدەکەی تەفسیر کرد، گوتی: (موژدەی سەرکەوتن) و نزیک بوون لە ڕۆژی دەرکردنی دوژمنان بەمەش واتای ڕوونی گەیاندە خوێنەرەکانی.

**ئــەمینم ئـاخیری ئـەم عـەزمـەتـان ڕۆژێ ئـەخـولقێـنێ**
**چ ڕۆژێ؟ جەژنەکی خۆشتر لە سەد نەورۆزی سوڵتانی** ل٥٤

له نیوه دێڕی یەکەمدا شاعیر باسی (ڕۆژ) ی کردووە، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا لە شێوەی پرسیاردا دەپرسێ چ ڕۆژێ؟ ئینجا هەر خۆی وەڵام دەداتەوە و ئەو ڕۆژە ڕوون دەکاتەوە و لەڕاڤە کردنیدا دەڵێت ئەو ڕۆژەیە، کە خۆشترە لە سەد نەورۆزی سوڵتانی.

**لەگەڵ ئێـوەدا هـاتـم بۆ مــردن**
**بمرم لە ڕێگای گەل ڕزگار کردن** ل٣٢١

عەونی لەم دێڕە شیعرەدا دەیەوێ باس لە مردنی خۆی لەگەڵ ئێوەدا بکات، لە نیوە دێڕی یەکەمدا، دەڵێت: (لەگەڵ ئێوەدا هاتم بۆ مردن) دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا ئەو مردنە ڕووندەکاتەوە، کە ئەویش لە پێناو ڕزگارکردنی نیشتمان و گەلەکەیەتی، بەمەش هونەری ڕاڤەی بەرهەمهێناوە.

# باسی دەیەم

## پەندبێژی (ارسال المثل)

(سیروس شمیسا) لە پێناسەی هونەری پەندبێژی دا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە شیعر یان وتەیەک، کە جێگەو پێگەی پەندی هەبێت، یان لایەنی پەند لە خۆبگرێت، نوسەر یان شاعیر لە شیعر یان قسەکانی خۆیدا بیهێنێتەوە و وتەکەی ئەو دواتر ببێتە پەند)). (١٣٨٣، ل١٠٩)، (مختار عطية)یەش لەباسی پەندبێژی دا دەڵێت: ((ئەوەیە شاعیر لە بەشێکی دێڕە شیعرەکەیدا شتێک بێنێ و وەکو پەند وابێت، جۆرێک لە دانایی لەخۆبگرێت)). (٢٠٠٤، ص١٠٣)، پەندبێژی ئەوەیە، کە شاعیر لە دێڕە شیعرەکەیدا قسەیەکی پەندئاسا یان قسەیەکی نەستەق دێنێتەوە، کە لە پەند یان قسەی نەستەق یان لە کەسێکی تری وەرنەگرتووە، چونکە ئەگەر وەری گرتبێ دەبێتە تێکهەڵکێش یان لێیوەرگرتن، بەڵکو لە ئەنجامی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی پێی گەیشتوە یان لە سروشت و واقیع و ڕۆژگار و چەرمەسەریەکانی وەریگرتووە، هەریەک لەو دێڕە شیعرانەش دەبێ تەنها یەک پەند لە خۆبگرێت، چونکە ئەگەر زیاتر لە پەندێک بگرێتەخۆ ئەوا دەبێتە کۆپەند و نابێتە پەندبێژی.

عەونی وەکو شاعیرێکی بە ئەزموون و خاوەن ڕۆشنبیریەکی فراوان، ئەم هونەرەی لە گەلێک دێڕدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

**ئەوەی کەم زانست نیو خوێندەوارە**
**بێگانە دۆست و خزمەت گوزارە** ل٩٦

لە شیعرەکانی (عەونی) دا، گەلێک ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەدیدەکرێت، کە ئامۆژگاری و پەندی گرنگن لە تاقیکردنەوەی ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، شاعیر خوازیارە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی لەسەر ئەو بنەما تەندروست و ڕاستانە پەروەردە بکرێن و لە ڕێگەی چەوت و خوار دوور بکەونەوە، ئەو شێوازەی (عەونی) دەکرێت وەک خەونێکی سەرەتایی لە بواری ڕۆشنگەری کۆمەلایەتی و کەلتوریدا بخوێنرێنەوە و هاندانی هاونیشتیمانیان بۆ کاری چاکە و خوێندن و زانست و زانیاری لەو ڕاستی یەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ چەند ڕۆشنبیر و زانا تر بێت، زۆرتر لە هەولی باشترکردنی ژیانی خۆی و گەلەکەیدا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە نەخوێندەواری و ژیانی دوور لە زانست و زانیاری گەلێک کێشەی بەدواوەیە و مرۆڤی نەخوێندەوار و کەم زانست ناتوانێت سودێکی بەرچاو پێشکەش بە گەل و نەتەوەکەی بکات.

لە شیعرێکی دیکەدا، کە پڕە لە هەستی بەرزی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی نەتەوەکەی ڕایدەگەیەنێت، کە لە مێژوودا چەندین جار داگیرکەرانی خاک و نەتەوەکەی هەولیانداوە بە دڕندانەترین شێوازی قڕکردن و لەناوبردن و جینۆساید گەلی کورد لەناو ببەن، بەلام سەرەنجام دوای ئەو

هەموو كۆست و كارەساتەی، گەلی كورد هەر ماوه و زریانی هیچ داگیركاریەک نەک هەر نەیتوانیوه (گەلی كورد) و شوناسەكەی بسڕێتەوه، بەڵكو هەموو جارێک و له دوای هەر ڕوداو و كارەساتێک، گەلەكەی خۆڕاگرتر و قارەمانانەتر له ڕوویاندا ڕاوەستاوه، هەروەک شاعیر دەڵێت:

**ئەوەی كورد بخوا زوو دەڕشێتەوه**

**بـۆی هــەزم نـابیٚ، دەی هێـنێـتەوه** ل١٣١

هەر له درێژەی پەند و ئامۆژگاریه كۆمەڵایەتیەكاندا (عەونی شاعیر)، داوای یەكڕیزی و تەبایی و برایەتی دەكات، شاعیر دەزانێت دردۆنگی و ناتەبایی و دووره پەرێزی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ له یەكتر، كاریگەریەكی خراپی دەبێت لەسەر ئاكامەكانی ژیانی كۆمەڵگه و بنەما ڕاستەقینەكانی برایەتی و پێكەوه ژیان لەبەر یەک هەڵ دەوەشێنێت و له ڕاستی ڕێی خەبات و تێكۆشان و ئامانجه باڵاكانی نەتەوایەتی دوریان دەخاتەوه، بۆیه له زۆر شوێنی دیكەشدا خەمی تەبایی و برایەتی له شیعرەكانی (عەونی) دا دەنگیان داوەتەوه و شاعیر به پەرۆشیەوه ڕوو له تاكەكانی كۆمەڵ دەكات و ئامۆژگاریان دەكات و دەڵێت:

**سەر لیٚ شێواوی و پاشا گەردانی**

**ئــەنجامی ڕەشــه دەبـیٚ بـیزانـی** ل١٠٥

# باسی یازدەیەم

## کۆپەند (ارسال المثلین)

هونەرێکی تری جوانکاری واتایی کۆپەندە، لەلایەن شارەزایانی ڕەوانبێژی باسی لێوە کراوە، ((ئەو صەنعەتە وەها پێکدێت، کە شاعیر لە دێڕێکی دا دوو پەند کۆ بکاتەوە)). (احمد مطلوب، ٢٠٠٦، ص٩٣)، زانایانی ڕەوانبێژی هەموو لەسەر ئەوە کۆکن، بۆیە هەمان شت دەڵێنەوە، کۆپەند ((کۆکردنەوەی دوو پەندە لە یەک دێڕە شیعردا)). (مختار عطية، ٢٠٠٤، ص ١٠٤)، بەکورتی: کۆپەند ئەوەیە، کە شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا دوو پەند بێنێتەوە و کۆیان بکاتەوە.

دەتوانین بڵێین کەوا هێڵێکی ناسک لە نێوان (پەندبێژی و کۆپەند) دا هەیە، کە زۆر بەئاسانی هەستی پێ ناکرێت، ئەویش بریتییە لەوەی، کە ئەگەر لە دێڕە شیعرێکدا تەنها یەک قسەی نەستەق یان یەک بەسەرهات، کە لە شێوەی پەند و ئەزموونی ژیاندا، خۆی نمایش بکات، ئەوا بەوە دەوترێت پەندبێژی، بەڵام ئەگەر هاتوو لە دێڕە شیعرێکدا زیاتر لە یەک پەند و ئامۆژگاری بەیان کرابوو، ئەوکات دەوترێت (کۆپەند).

وەک لەم دێڕە شیعرەدا، کە شاعیر بە کۆپەندێک کۆڵێک ئامۆژگاری بە نرخ دەخاتەڕوو:

**عیززەتی نەفس و کەڕامەت سەروەتـە**
**نــاوی چــاکە مردوان زیـندوو دەکـا !** ل١٨٠

ئەم دێڕەشیعرە هەر نیوە دێڕێکی پەندێکە، هەردوو نیوە دێڕەکە بەرهەمی ئەزموونی شاعیرە، نیوە دێڕی یەکەم جەخت لەسەر نەفسیەتی بەرز دەکاتەوە، واتە: هەر کەسێک خاوەنی عیززەتی نەفسی خۆی بێت و کەڕامەتی خۆی لە بۆ هیچ شتێک پایەماڵ نەکات، ئەوا ئەو کەسە خاوەنی سەروەتێکی لەبن نەهاتووە، نیوە دێڕی دووەمیش جەخت لەسەر چاکەکاری دەکاتەوە، وەک لە کوردەواریشدا دەوترێت، تەنها ناوی چاکە تا سەر دەمێنی، بۆیە مرۆڤ دەبێت لەم دنیایەدا هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی بۆ بەدەست هێنانی ناوی چاکە بەدەست هێنانی خۆشەویستی ئەوانی تر بێت.

# باسی دوازدەیەم

## زیادەڕەویی (المبالغە)

ئەم هونەرەش لە شیعردا بەشێوەیەکی بەرچاو لە لایەن شاعیران بەکارهێنراوە، کاتێک شاعیر بە شێوەیەکی نائاسایی وەسفی دیاردەکان دەکات، تا ئەو جێگایەی، کە قابیلی باوەڕ کردن نەبێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی هونەری زیادەڕۆی دەبێت، (الخطیب القزوینی) بەم شێوەیە پێناسەی هونەری زیادەڕەویی دەکات: ((ئەوەیە لە وەسف کردندا لەبەر توندی بێت یان لاوازی، وەسفەکە بە شێوەیەک بکرێ قبووڵ کردنی بگاتە ڕادەی مەحاڵ، یانیش بگاتە ئەوەی ئەقڵ بڵی ئەم شتە زۆر دوورە)). (٢٠٠٤، ص٣٥٩)، واتە: ئەو وەسفەی، کە دراوەتە پاڵ شتەکە، ئەقڵ قبوڵی نەکات، کە ئەمەش بۆ شاعیر دروستە، ((ئەوەیە شاعیر باسی شتێک لە شتەکان بکات لە شیعرێکدا، هەمیشە واتاکان زیاد بکات لەوەی کە هەیە، بۆ ئەوەی هۆنراوەکەی باشتر بگات و کاریگەریەکەی زۆرتر ببێت)) (احمد مطلوب، ١٩٨٠، ص٢٩١).

عەونی شاعیر بۆ ئەوەی بارتەقای ئازارەکانی یان خەم و ناخۆشیەکانی خۆی بەیان بکات، پەنای بردۆتە بەر زیادەڕەویی، (عەونی) بۆ ئەوەی کۆست و قورِبانیەکانی گەلی کورد بخاتەڕوو هاتووە بەسود وەرگرتن لە هونەری (زیادەڕەویی) باسی ئەوە دەکات، کە دار و بەردی وڵاتی کوردان سور بووە بە خوێنی ڕۆڵەکانی، بێگومان ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ مێژووی پڕ فیداکاری و خەبات و قوربانیدانی چەندین ساڵەی گەلی کورد، کە لە مێژووی کۆن و نوێیدا جگە لە دابەش و داگیرکاری کراوەتە تاقیگەی چەندین چەکی کۆکوژی قەدەغەکراوی نێو نەتەوەیی و ئەنفال و جینۆساید و هتد...، وەک لەم دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت:

**ژێر هەر دارێک، سەر بەردێک**
**سور بووە بە خوێنی کوردێک** ل١٢٣

**چاوەکانی مەستی نازن شەڕ فرۆشن نازەنین**
**هەر بە ڕەمزێکی تیماری سەد دڵی بیمار دەکا** ل١٩٦

لە نیوە دێڕی دووەمدا هونەری زیادەڕەویی بەکارهاتووە، شاعیر ڕەمزی چاوی یاری کردووە بە تیمار و چارەسەر کردنی سەدان دڵی و بیمار، کە دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە بە نیشانەی چاوی مرۆڤ چارەسەری برین ناکرێت، ئەمەش تەنها بۆ جوانی و پێدانی شیعرییەتە و ئەو پەڕی زیادەڕەوییە.

**ئـەوەنـدە خـوێن دەڕێـژم بـبێتە لافــاو**
**کە دوژمن وەک پەڵاش بێنێتە سەر ئاو** ل٣٠٣

شاعیر لەم دێڕەدا زیادەڕۆیی کردووە، دەڵێت: ئەوەندە خوێن دەڕێژم هەتا لافاوێک بەرپا دەکەم و لەو لافاوەشدا دوژمنەکانم دەخنکێنم، لە شێوەی پوش و پەڵاشەوە بەسەر ئەو لافاوەوە جەستەی خۆیان دەبیننەوە، کە ئەمە لە ڕاستیدا زیادەڕۆییە، چونکە خوێنی جەستەی مرۆڤ نابێتە هۆکاری بەرپا بوونی دیاردەیەکی سروشتی وەکو لافاو.

# باسی سێزدەیەم

## جوانی بایس (حسن التعلیل)

لەو هەنەرە جوانکاریەدا، کاتێک شاعیر باسی دیاردەیەکمان بۆ دەکات، هۆکارە ڕاستەقینەکە دەشارێتەوە و هۆکارێکی تری ئەدەبی جوان دێنێ، کە لەگەڵ مەبەستەکەی خۆیدا دەگونجێ، کە ئەمەش لە هەست و سۆز و خەیاڵی بەرزی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم هونەرەش لەلایەن زانایانی ڕەوانبێژی یەوە باسی لێوەکراوە، ((ئەوەیە ئەدیب هۆی دروستی و زانراوی شتەکان ڕەتکاتەوەو هۆیەکی دیکەی ئەدەبی بۆ شتەکان بێنێ، بەو شێوەی، کە لەگەڵ بەمەستی خۆی دەگونجێ، واتە: ئەدیب بانگەشەی هۆیەکی گونجاوی نادروست دەکات، بەڵام جوانی و چێژێکی تایبەتی تێدایە، بەو هۆیەوە جوانیەکی زیاتر بە واتای مەبەست دەدات)). (عمر عتیق، ٢٠١٦، ص١٩٦)، (محمد حسین محمدی) یش لە ئەدەبی فارسیدا بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ((بریتییە لە هێنانەوە یان باسکردنی بابەتێک لە شیعردا و ئەو کات بۆ ئەم مەبەستە، بەڵگەیەکی ئەدەبی یان پڕوپاگەندەی دوور لە ڕاستی بهێنرێت)) (١٣٩٠، ل١٥٦).

عەونی وەکو شاعیرێکی خاوەن خەیاڵێکی فراوان، ئەم هونەرەشی بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

**لە ترسی تەڵعەتی ڕووی ڕۆژ کە سەرگەردانە هەڵنایێ**
**نە ئەو هات و نە ئەم هەڵهات دەزانم ئەو کە هەر نایێ** ل٣٤٠

هەڵهاتنی ڕۆژ ڕوداوێکی سروشتییە، بە پێی ئەو کاتەی لەلایەن خوای گەورەوە بۆی دانراوە، ئەمەش هۆکاری فیزیکی و سروشتی خۆی هەیە، کە لە ئەنجامی سوڕخواردنی زەوی یە بە دەوری خۆیدا، بەڵام شاعیر ئەم ڕوداوەی داوەتە پاڵ دیاردەیەکی ئەدەبی و لە ترسی دەرکەوتنی جوانی و ڕووناکی ڕووی یاردا هەڵنایەت، ئەمەش تەنها بەمەبەستی جوانی و بەخشینی چێژی ئەدەبییە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕووی یار دەرکەوێت یا دەرنەکەوێت، دیاردەی ڕۆژهەڵاتن و ئاوابونی گۆڕانی بەسەردا نایەت، لەو نموونەی سەرەوەدا دەبینین، کە شاعیر هۆکاری شتێکی زانراو دەشارێتەوە، پەنا بۆ هۆکارێکی تر دەبات خۆی داهێنەریتی و لەگەڵ مەبەستی خۆیدا دەگونجێ، بەمەش هونەری (جوانی بایس) بەرهەمهاتووە.

## باسی چواردەیەم

## پۆشین (التورية)

لەو هونەرە جوانکاریانەیە، کە شاعیرانی بە توانا بۆ قووڵکردنەوەی بیری خوێنەر ئەم هونەرەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، زانایانی ڕەوانبێژیش بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە: ((ئەوەیە شاعیر وشەیەک بێنێ دوو واتای هەبێت، یەکی نزیک و ئەویتریان دوور بە ئاماژە) قەرینە) یەکی شاراوە، هەمیشە مەبەست واتا دوورەکە بێت)). (بسیونی عبدالفتاح فیود، ٢٠٠٨، ص١٤٣)، (کامل احمد نژاد) یش لە ئەدەبی فارسیدا لەپێناسەی ئەم هونەرەدا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە قسە کەر لە بەکارهێنانی یەک وشەدا، دوو واتای نزیک و دووری وشەکەی لە هزردا بێت، بەڵام ئامانجی واتا دوورەکە بێت)) (١٣٨٢، ص١٣٣).

عەونی شاعیر ئەم هونەرەشی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

**چەند سولەیمان هاتن و فەرمان ڕەوابون سەردەمێ**
**ڕۆژگار ئەو سەرگوزشتەی یەک بەیەک گێڕایەوە** ل٢٥١

لێرەدا شاعیر هونەری پۆشینی بەکارهێناوە، پۆشینەکەش لە وشەی (سولەیمان) دا کەوتۆتەوە، کە دوو واتا دەگەیەنێت، واتایەکی نزیک و واتایەکی دوور، واتا نزیکەکە خوێنەر وا هەست دەکات، مەبەستی (پێغەمبەر سولەیمان) (درود و سڵاوی خوای لەسەر)، بەڵام مەبەست هەر تەنیا ئەو پاشایە و پێغەمبەرانە نیە، کە ناویان حەزرەتی سولەیمانە، بەڵکو مەبەست

هەموو ئەو پاشا و پێغەمبەرانەیە، کە هەر ناوێکی تریشیان هەبووە، ئەمەش لە سیفەتی (چەند) دا بەدی دەکەین، چونکە ناچێتە عەقڵەوە مەبەستی هەر ئەو جۆرە پاشا و پێغەمبەرانە بن کەوا ناویان سولەیمانە، بەڵکو سیاقەکە سیاقی گشتی یە، کەوابێ هەموو ئەوانەی هاوشێوەی ئەو پێغەمبەر و پاشا بوونە هەمووان دەگرێتەوە.

بەکورتی واتای نزیک حەزرەتی سولەیمانە، بەڵام ئەمە مەبەست نیە، واتای دوور هەموو ئەو پێغەمبەر و پاشایانە کەوا وەکو حەزرەتی سولەیمان فەرمانڕەوابون، هاتن و ڕۆیشتن.

# باسی پازدەیەم

## بادانەوە (الرجوع)

هونەرێکی ترە لەڕازاندنەوەی شیعردا بەکاردەهێنرێت، شاعیر هەندێکجاربۆ قوولبوونەوەی زیاتر لە واتا و بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنێکی تر ڕابکێشێ قسەیەک دەکات، دواتر نکوڵی لە قسەکەی پێشووی دەکات و لێی پەشیمان دەبێتەوە، (ابوهلال العسکری) لە پێناسەی هونەری بادانەوەدا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە شتێک بڵێیت و دواتر لێی پاشگەز بیتەوە)). (١٩٨٦، ص٤١١)، (عەزیز گەردی) پێی وایە کە بادانەوە: ((بریتییە لەوەی، کە لە پێشدا قسەیەک بکەیت و بە دوای قسەکردنەکە ڕاستەو خۆ نکوڵ و لالوتی لە قسەکە بکەیت، شتەکە بە جۆرێکی تر هەڵبگێڕێتەوە و لێک بدرێتەوە)) (١٩٧٥، ل٩٢).

عەونی شاعیر لە چەند دێڕە شیعرێکدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، وەک:

**بادانەوە لە سنوری تاکە دێڕێکدا، بۆنموونە:**

**تا لەشەودا هەڵنەگیرسا وەک چرای ڕوخساری تۆ**
**نەقدی پەروانەم دەکرد بۆچی لە ڕۆح بێزار دەکا** ل١٩٦

لەم دێڕە شیعرەدا هونەری بادانەوە هەیە، شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا باس لەوە دەکات، هەتا ڕوخساری یاری نەبینیووە، کە وەکو چرا گڕ دەگرێت لە شەودا، بەردەوام ڕەخنەی لە پەروانە دەگرت، کە خۆی بۆ چ دەسوتێنێ و لە ڕۆح بێزارە، بەڵام دواتر، کە ڕوخساری یار دەبینێت لەو وتەیەی پێشووی

پاشگەز دەبێتەوە و بادەداتەوە بۆ لای ڕوخساری یار و چیتر ناحەقی پەروانە ناگرێت، کە ڕۆحی خۆی کردووە بە قوربانی بۆ چرا.

**تۆ وەک من نەکەی لە ڕووی نەزانی**

**خـۆت بـە پێشـەوای جوانـان بـزانی** ل٢٩١

عەونی بەزمانی (ڤینۆس)ە وە دەگێڕێتەوە، کە لە سەرەتادا زۆر شانازی بە جوانی خۆیەوە دەکرد و خۆی بە پێشەوای جوانان داناوە، بەڵام دواتر لەو کردەوەی پێشوی پاشگەز دەبێتەوە و داوا لە جوانانی دنیا دەکات، کە هەمان کردەوەی ئەو دووبارە نەکەنەوە، چونکە ئەگەر کچانی کورد ببینن دەزانن، کە جوانترین کیژانی جیهانن، چەندە جوان و ناسکن دوو هێندە بێ لاف و گەزافن، بەمەش هونەری بادانەوە بەرهەم هاتووە، چونکە لە نیوە دێڕی دووەمدا بادەداتەوە لەو کردەوانەی کە ئەنجامی داوە.

**بادانەوە لە سنوری دوو هۆنراوەدا، بۆ نموونە:**

عەونی لە شیعری یاسای سروشتدا دەڵێت:

**گومـان ناکـەم چ تاوانم هەبێ من**

**زەمان بۆچی لەگەڵ من وا بەقینە** ل٢٠٠

شاعیر لەم دێڕەدا باس لەوە دەکات کە کەسێکی بێ تاوانە، گومان ناکات لە بێ تاوانی خۆی لە هەمان کاتدا خەڵکی زەمان زۆر لەگەڵیدا بە قینن، بەڵام

له شیعری (خودایه) دا، كه موناجاته لەگەڵ خودای گەورەدا، لەم وتەیەی پێشووی پاشگەز دەبێتەوە و بادەداتەوە و دەڵێت:

**نی یه چاكەم له بۆ ڕۆژی حیسابم**
**كه لوتفی تۆ نەبێ من بەد ڕەوشتم** ل١٨٦

ئەم دێڕە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشووە، لەم دێڕەدا شاعیر دەڵێ من هیچ چاكەیەكم نیە، بە پێچەوانەی دێڕەكەی سەرەوە خۆی بە بەدڕەوشت و تاوانبار دادەنێت و تەنها بە ئومێدی لوتفی (خاوەن زەمان)ە، كە مەبەست لێی خودایە، بەمەش هونەری بادانەوە لە سنوری دوو هۆنراوەدا بەرهەمهاتووە.

# باسی شازدەیەم

## لۆمەکردن

لەم جوانکارییەدا، شاعیر بۆ خستنەڕوو و پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی شتەکان و دەرخستنی ناتەواوی و کەم وکوڕیەکان، هونەری لۆمەکردن بەکاردینێت، ((بریتییە لە لۆمەکردنی هەر کەس و شتێک، کە لە دەوروبەری نزیک، یان دووری شاعیرن و بە هۆیەک لە هۆیەکان بە ڕەوای دەزانێ لۆمەیان بکات، ئەمەش شێوازێکی دەربڕینی جوانە، لە کۆنەوە خەڵک بە گشتی و ئودەباش لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت، سودیان لێ وەرگرتووە)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل١١٣).

لۆمەکردنی خود لەبنەڕەتدا لە ناو ئەدەبیاتی ئاینی و سۆفیزمەوە سەریهەڵداوە و پەڕیوەتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ئەدەب، سەرزەنشت کردن و لۆمەکردنی (نەفس)، کە پانتاییەکی فراوانیان لە ئەدەبیاتی ئاینی و تەسەوفدا داگیرکردووە لەو ڕاستی یەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مەرج نیە ئەوانەی لۆمەی زات و نەفسی خۆیان دەکەن گوناهبار و تاوانباربن، بەڵکو شکاندن و کۆنترۆڵکردنی ئارەزوو و هەوەسەکانیان، بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی هەتا تیایدا مرۆڤەکان دوور بن لە چاوچنۆکی و ڕەدوکەوتنی ژیانی دونیا و لە بیر کردنی ژیانی ئاخیرەت، ئەمەش سەرەنجام هەوڵێکی ئاینی یە بۆ ریفۆرمیزەکردنی پێکەوە ژیانی دوور لە کێشە و گرفت و ئاژاوە و کێشمە کێش، لەم سۆنگەیەشەوە (عەونی) شاعیر بەم شێوەیە باسی خۆی دەکات:

**پـەنـا بـۆ كـویێ بـەرم بـێ سـوودە ئـیمـڕۆ**
**لـە زۆری كـردەوەی نـاڕێـك و زوشـتـم**
**لـە بـەدكـاریـی و بـەد خـویـی ڕەوشـتـم**
**لـە ژێـر بـاری گـونـاهـا كـۆمـە پـشـتـم**
**شـیـاوی ئـاگـری دۆزەخ مـنـم مـن**
**بـە ڕەحـمی خـوا هـیواداری بـەهـەشـتـم !**
**كەهۆی بەد بەختی خۆت هەر خۆتی(عەونی)**
**مـەڵێ وابـوو لـە ئـەووەڵ سـەرنـویـشـتـم ! ل١٨٦**

وەک لەم دێڕە شیعرانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، شاعیر ئۆباڵی چارەنووسی پڕ لە نەهامەتی خۆی دەخاتە ئەستۆی ڕەفتار و ڕەوشتی خۆی، کە پێی وایە ئەوەی لە دنیادا هاتۆتە ڕێی و بۆتە هۆی نەهامەتی و چەرمەسەریەکانی ژیانی، ڕەفتار و بیر کردنەوەکانی خۆی بووە، نەک ئەم ئۆباڵە بە هێزێکی بان سروشت و نادیاری وەک (چارەنووس) ببرێت.

لە ڕاستیدا ئەم خۆلۆمەکردنە لە ڕووی دەروونناسی و ڕەوشتناسی و کۆمەڵایەتی یەوە، وەک سەرەتای هەوڵێکی چاکسازی لە بواری ڕەوشت و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتیدا دەبێت چاوی لێ بکرێت، چونکە ئەم دەربڕین و لە خۆ تێگەیشتنە دەکرێت ببێتە سەرەتای بەخۆ داچونەوەیەکی سەرتاسەری بەوەی، کە ئەم هەڵوێست وەرگرتن و لۆمەکردنی خودی شاعیر لەلایەن خۆیەوە وەک هەڵسەنگاندنێکی ژیانی ڕابوردووی خۆی لێک بدرێتەوە، وەک بە ڕوونی لە شیعرەکەیدا دەردەکەوێت.

**مــاف و داد و ڕاســتی گــەر ڕاستت دەوێ**
**گەر هەبێ بۆدەست بڕان ئاسایە یاسایێ نیە** ل١٩٩

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە لەناو سیستەمی فەرمانڕەواییدا ماف و داد و ڕاستی نابینرێن، کە ئەمە لۆمەیەکی توندە لە دەسەڵات بۆچی لەناو وڵاتدا ئەم بەها ژیاریانە کاریان پێ ناکرێت، ئەی وڵات چۆن بەڕێوە بچێ، شاعیر، کە ئەم واقیعە پڕ لۆمەیە بە چاوی خۆی دەبینێ زۆر بێ هێز و شەکەت دەبێ دەگاتە ئەوپەڕی ڕەشبینی و دەڵێت: ئەم چەمکانە هەموویان درۆن ئەگەر هەن بۆ نایان بینین، ئەوەش شێوازێکی درکەییە خوێنەر لەوە دەگات، کە مەبەستی شاعیر لەم بابەتانە ئەوە نیە، ئەو بەها ژیریانە هەر وجودیان نەبێ، بەڵام مەبەستی شاعیر ئەوەیە ئەم چەمکانە کاریان پێ ناکرێت.

**هێند بە نزمی وا سەری خۆی نایە ژێر پێی دوژمنی**
**قـەت لـە بـازار نـافرۆشـن شـت بـە پـولی نـاڕەواج** ل١٨٢

لەم دێڕەدا شاعیر هونەری لۆمەی بەکار هێناوە، لۆمەی ئەو هاونیشتیمانیانەی دەکات، کە سەر بۆ دوژمنەکانیان دادەنوێنن و خۆیان بە بچووک دادەنێن لە ئاستی دوژمندا، ئەم کەسانەشی بە پولی نارەواج ناوزەند کردووە، کە لە بازاردا بێ نرخن، بەهەمان شێوە ئەو کەسانەش لەلای دۆست و دوژمن هیچ نرخێکیان نیە.

## باسی حەڤدەیەم

## دەستپێکی دڵگیر (براعه الاستهلال)

هونەرێکی جوانکاری واتاییە، ((بریتییە لەوەی، کە پێشەکی یان سەرەتای هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، ڕەنگدانەوەی تەواوی بابەتەکە بێت، بەواتایەکی تر لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم دەستپێکە یان ئەم پێشەکیە درک بەتەواوی بابەتەکە بکەین و بزانین دەربارەی چ شتێک دەدوێت)). (محمد حسین محمدی،١٣٩٠، ل١٧٥)، (تقی وحیدیان کامیار) یش لە پێناسەی دەستپێکی دڵگیر دا دەڵێت: ((ئەوەیە، کە دەستپێک و سەرەتایەکی جوان و سەرنج ڕاکێش، کە لە ئەنجامدا ناوەرۆکی ئەو دەستپێکە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی بەرهەمە ئەدەبیەکە هاوئاهەنگی و لێکچوونی دەبێت)) (١٣٨٣، ل١٥١).

بەکورتی: دەستپێکی دڵگیر ئەوەیە، کە دێڕی یەکەمی هۆنراوە ئاماژە بۆ مەبەست و ناوەرۆکی هۆنراوەکە بکات و وشەو دەربڕینەکانیشی ئاسان و ڕوون بێت و لەگەڵ واتای بەهێزدا، عەونی ئەم هونەرەی لە شیعرەکانی خۆیدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە هۆنراوەی (پیرێک) دا، کە دێڕی یەکەم بەم شێوەیەیە دەڵێت:

**پیرێک دەڕۆیشت لە ڕێ گـوزاریٚ**
**بەرەنگاری بوون چەند هەرزەکاریٚ** ل٣٢٣

لەم دێڕە شیعرەدا هەست دەکەین ئەم هۆنراوەیە، هۆنراوەیەکی چیرۆکیە واتە: (چیرۆکە شیعر)ە، لەبەرئەوەی هەرزوو وێنەی گفتوگۆیەکی نێوان پیاوێکی پیرو چەند هەرزەکارێکمان بۆ دەکێشیٚ، وشەکانی لەو وشانەن کەوا

وروژانێک له ناخی خوێنەردا دروست دەکەن، هەروەها ئاماژەشن بۆ ئەوەی ئەم هۆنراوەیە باسی چی دەکات، کاتێک دەچینە سەر هۆنراوەکە و دەیخوێنینەوە:

**پیر تەماشای کرد بەم لاو بەم لاوە**
**هەڵوێستێکی کرد ماندووی حەساوە**
**سەری هەڵبڕی بە ڕووی ئاسمان**
**له ڕووی هاته خوار فرمێسکی گریان**
**لاوێک لێی پرسی ئەی پیری زانا**
**چیت ونکردووە لە ڕووی جیهانا**
**وا ماندوو شەکەت بۆ بە پەرۆشی**
**ناکرێ چاوی گەر لێ بپۆشی!!**
**پیر بە پێکەنین تەماشای کردن**
**لەبیرم ناچێ تا ڕۆژی مردن**
**بە نرخترین کاڵا و سەرمایە!**
**لە کیسم چووە، له دەستم دایە!!**
**یەک تەندروستی دووەم لاوێنی**
**ناگەڕێنەوە خۆی بۆ بمرێنی!**
**ڕۆڵە ئەگەر تۆش نەمری بەلاوی**
**ڕۆژێک دێت وەک من دەکەونەداوی**
**بەر لەوەی تەمەن بڕوا بێ هودە**
**نرخی بزانی یەکجار بەسودە**
**کە دەوری گرتی پیری ونەخۆشی**
**ڕزگارت نابێ هەرچەند بکۆشی**

**چیت بۆ ناکرێ بە خۆزیا و بـریا**
**یـاسـای سـروشـتـە وەهـا دانـرا**
**ئـەگـەر زۆر زانـا وژیروهـۆشیاری**
**بگرە گوێ پـەنـدم بۆ ئـامۆژگاری!**
**خـۆش ڕابـوێرە مـاوەی ژیـانـت**
**ڕێـزت لـێ بگـرن هـاونیشتیمـانـت**
**ئـەمـە سـەرمایـەی دیـن و دنـیـایـە**
**جێی ڕەزامـەندی خـەڵک وخـودایـە** ل٣٢٤

لەبەرئەوە دەڵێین ئەم دەستپێکە دەستپێکێکی دڵگیرە، چونکە هەموو ئەو مەرجانەمان لە هۆنراوەکەدا بینی، کە لەپێناسەی (دەستپێکی دڵگیر)دا وەکو زانایانی جوانکاری چەسپاندویانە لە پێناسەکەیان، کە بۆ دەستپێکی دڵگیر خوێندوومانە.

هۆنراوەی (ئەی لاوی ژیر) دیسانەوە یەکێکی ترە لەو هۆنراوانەی، کە دەستپێکەکەی (دەستپێکێکی دڵگیر)ە، تیایدا دەڵێت:

**گوێبگرە ئەی لاوی ژیر**
**پـەنـد و ئامۆژگـاری پیر**

ئەم دەستپێکە بەهەندێ وشەی زۆر ئاسان، کە هەمان ئەو وشانەن، کە لە هەقایەتە میللیەکاندا هەقایەتخوان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاسان دەیخاتە گوێی ئەو کەسانەی هەقایەتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، لە هەمانکاتدا ئاماژەیەکی زۆر ڕوونە، کە ئەم هۆنراوەیە، هۆنراوەیەکی ئامۆژگاریە، کەسێکی بە ئەزموون تیایدا ئامۆژگاری لاوێک دەکات، مەبەستیش ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو

لاوەوە ئامۆژگاریەکانی خۆی بگەیەنێتە گوێی تەواوی لاوان، وشەکانی ناسک و ئاسان و ڕوونە، زمانی ئامۆژگاریش زمانێکی ئاسان و ڕوونە، کاتێک هۆنراوەکە دەخوێنینەوە، کە ئەمەی خوارەوە چەند دیرێکیەتی:

**وەک زیڕ بیخە گیرفانت**
**بۆ ڕۆژی لێ قەومانت**
**لە ڕۆژانی پێویستی**
**بۆ ژین و تەندروستی**
**لە پێناوخۆشی وشادی**
**بۆ سەربەرزی وئازادی**
**ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە**
**بۆت دەبێتە سەرمایە**
**چرای شەوی تاریکە**
**ڕابەری ڕێی باریکە**
**لە بیرت بێ هەمیشە**
**بۆ خۆت بیکە بە پیشە**
**هاوڕێی نەزان بێ سودە**
**ڕەنجت دەڕوا بێ هودە**
**ڕێگەی پێش خۆت ببینە**
**ئەمجا هەنگاو هەڵێنە**
**مەبە مەلی بەرزە فڕ**
**دەکەویە خوار کت وپڕ**

**چاکە بکە چەند دەتوانی**

**نـابـینـی پـەشـیـمـانـی**

**لە درۆ خـۆت بـپـارێزە**

**درۆزن سوک وبێ ڕێزە**

**لـەگـەل ڕاسـتی ئاشـنابە**

**لەکۆمـەڵ جێی بـڕوا بـە** ل٢٣٤

بۆمان دەردەکەوێ، کە دەستپێکی هۆنراوەکە بێگومان ئاماژەی تیا بوو بۆ ناوەڕۆکەکەی، بەوەش بەپێی پێوەرەکانی جوانکاری دەستپێکەکە دەبێتە دەستپێکی دڵگیر.

## باسی هەژدەیەم

## کۆتایی جوان (حسن الختام)

لە عەرەبیدا (حسن الانتهاء) یشی پێدەگوتریت، زانایانی ڕەوانبێژی لێی دواون و پێناسەیان بۆ کردووە، ((ئەوەیە، کە قسەکەر کۆتایی ئاخاوتنەکەی خۆی بە وشەی چێژدار و شێوازی جوان و واتای دروست کۆتایی بێنی،...چونکە ئەمە دوا شتە، کە لە قسەکەرەکە دەبیسترێ، لەوانەشە بیسەر هەر ئەوەی لە مێشکدا بمێنێ و ئەزبەری بکات)). (احمد مطلوب و کامل حسن البصیر، ١٩٨٢، ص٤٦٧)، (محمد حسین محمدی) لە ئەدەبیاتی فارسیدا بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ((ئەوەیە، کە دێڕی کۆتایی شیعر یان پارچە شیعرێک، دێڕێکی جوان و کاریگەر بێت و لە بیر و هزری خوێنەر بمێنێتەوە)). (١٣٩٠، ل١٧٧)

بەکورتی: کۆتایی جوان ئەوەیە، کە دێڕی کۆتایی شیعر یان کۆتایی ئاخاوتن، جوان و چێژدارو واتای ڕوون بێت، بۆ ئەوەی چێژەکەی لە گوێیەکاندا بمێنێتەوە، بۆ نموونە:

**پـەیکەری گەورە بـۆش و بـەتاڵە**
**مەسەلەی کوردە چەند هەزارساڵە** ل٣١٣

ئەم دێڕە دوا دێڕی چیرۆکە شیعرێکە، وشەکانی جوان و شیرینن واتاکەی جوان و دروستە، شێوازەکەی شێوازێکی خۆشە بیسەر حەز دەکات شاعیر هێشتا زۆرتریش بڵێ، بەڵام شاعیر بۆ ئەوەندە واز دێنێ بۆ ئەوەی

واتای ئەم دێڕەی کۆتاییە لەبیر بمێنێ، بۆیە زانایانی جوانکاری ناویان ناوە کۆتایی جوان.

لە کۆتایی هۆنراوەیەکی دیکەیدا، بە ناونیشانی (نامەیەک بۆ برا فیداییەکانی فەلەستین)، کە هۆنراوەیەکی درێژە دەنووسێ:

**ئەمجا پێکەوە لە قودسی پیرۆز**
**بەیەکتر دەڵێین جەژنمان پیرۆز** ل٣٠١

ئەم کۆتاییە شاعیر خۆشی زۆری بەلاوە جوان بووە، زۆری دڵ پێخۆش بووە، چونکە خەباتی گەلی فەلەستینی و خەباتی گەلی کوردی وەکو یەک زانیوە، وەهای وێنا کردووە کە ئەم دوو گەلە ستەملێکراو و خاک داگیرکراون، بەڵام مادام هەردووکیان لە خەباتدان بێگومان خۆری سەرکەوتن هەڵدێت، بۆیە وەهای گوت، کە خوێندمانەوە تەماشا دەکەین وشەکان زۆر بە سۆزەوە پێکەوە نراون و ڕستەیان پێدروست کراوە، لە ڕووی دەروونیەوە کاریگەری زۆر لەسەر ئەو خوێنەرانە دروست دەکەن، کە تامەزرۆی ئەو سەرکەوتنەی هەردوو گەلەکانن، شێوازەکە زۆر ئاسان و ڕوونە، مۆسیقایەکی خۆش پێشکەش دەکات، واتاکە واتایەکی ئومێد بەخشی گرنگە بە هەموو ئەمانە ئەم دێڕە بۆ کۆتایی هۆنراوەکە دەبێتە کۆتاییەکی جوان.

**گوتی: سەد لەعنەت لەو شێخە پیرە**
**لـە پەنـای دیندا پیشـەی تـەزوویـرە** ل٣٢٧

له شیعری مامەی لادێی، دیالۆگێکه له نێوان شاعیر و کابرایەکی گوند نشین، یەکێکی تره لەو شیعره ئامۆژگاریانەی، که شاعیر ویستویەتی وەک پەیامێک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ژیانی خەڵک و بیر و هۆشیان بیگەیەنێت، لەم شیعرەدا عەونی شاعیر دەیەوێت ڕووی ڕاستەقینەی توێژێکی کۆمەڵایەتی وەک ئەو شێخانەی، که دەیانەوێت ئاین وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵ کردنی عەقڵ و بیری خەڵک بەوەی، که دەتوانن له ڕێگەی نێوەندگیری له نێوان خوداوەند و مرۆڤدا وەک جۆرێک له فەریادڕەس دەربکەون و دوعا و داواکاری ئەوان لای پەروەردگاریان کاریگەری زۆرتر دەبێت، بۆیه لەم ڕێگەوە، که جۆرێک له بازرگانی هەمیشه ویستویانه خەڵکی لەو دۆخه کۆمەڵایەتیه دواکەوتویه بهێڵنەوە، له پێناو مەرامێکی تایبەتی خۆیاندا.

ئەم کۆتاییه دەربڕینەکانی جوانه، چێژ و واتایەکی خۆش و گرنگ دەبەخشن، خوێنەر حەزدەکا شتێکی تریشی لەگەڵ گوتبا واته کۆتاییەکه ئەوەنده جوانه، نەک هەر خوێنەری وەڕس و بێزار نەکردووه بڵێ خۆزگه تەواو دەبوو، به پێچەوانەوە کۆتاییەکه شەوق و خۆشەویستی بیستنی زۆرتر لای خوێنەر دروست دەکات و وای لێدەکات بڵێ خۆزگه زۆرتری بنووسیبا.

# باسی نۆزدەیەم

## کۆتایی دڵگیر (براعه المقطع)

هونەرێکە لە هونەرەکانی جوانکاری و لە شیعری شاعیراندا بەکارهێنراوە، ((ئەوەیە، کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، شیعر یان وتار یان چیرۆک بێت، بەشێوەیەکی یەکجار دڵگیر و جوان کۆتایی بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر یان گوێگر ڕازی بێت و هەست بکات، کە ئەمە تەنها شێوەو ڕێچکەیەکی دروستە کە چیرۆک یان شیعری پێ کۆتابێت، گیرایی و جوانی کۆتایی وتەکەش هەستی خوێنەر بە جۆرێک دەبزوێنێت، کە خۆشی و چێژی ئەم کۆتاییە دڵگیرە تا ماوەیەک دەتوانێت یاد و بیری گوێگر یان خوێنەر بلاوێنێتەوە، ئەگەر بەرهەمەکە پەیامێکی ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی... لە خۆبگرێت و بە شێوەیەکی کاریگەرو وێنەیەکی جوان بە کۆتا بێت، ئەم پەیامە بیرو هۆشی ئەو کەسە ئارام دەکاتەوە کاریگەری لەسەر بیرو هۆشی دەنوێنیت)). (تقی وحیدیان کامیار، ١٣٨٣، ل١٥٢)، (ئیدریس عەبدوڵڵا) ش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ((جۆرێکە لە کۆتایی جوان، بەڵام شتێکی لەو زیاترە، بریتییە لەو دوا بەشەی ئاخاوتنن کە بەهۆیەک لە هۆیەکان وا دەکات، هەست بەوە بکرێ، کە ئەمە کۆتاییە)) (٢٠١١، ل٣٥٧).

بەکورتی: کۆتایی دڵگیر ئەوەیە، کە وشەو دەربڕینەکانی دوا دێڕی شیعر یان کۆتایی ئاخاوتن جوان و چێژدار و واتای ڕوون و کاریگەر بێت، لەگەڵ بوونی ئاماژەی زمانی کەوا هۆنراوەکە گەیشتۆتە کۆتایی .

عەونی لە شیعری (بێ وەفایی) دا، سکاڵا و گلەیی لە دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی مۆڕاڵی کۆمەڵگەکەی دەکات، کە پێی وایە ڕێز و بەهای کەسانی

هونەرمەند وەکو پێویست نیە و شوێنگەی کەسانی بەهرەمەند، شوێنێکی نا شایستە و ژیانیان گیرۆدەی خەم و پەژارەیە و کەسانێک، کە هیچ بەهرە و هونەرێکیان نیە لە ڕێزی پێشەوەن و بەرهەم و بەهرەی شاعیران و بەهرەدارانیش (لە بازاری دەهری ژیاندا) پولێکی قەلب ناهێنێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم شیعرەی عەونی جۆرێکە لە ململانێیەکی فیکری لەگەڵ زاتی خۆیدا، ململانێی ئەوەی شاعیر سەرەنجام لە نێوان هەڵبژاردنی ڕیزی پێشەوەی ژیان وەک ئەوانەی تر، کە خۆی باسی کردووە و بە (هەرج و مەرج) ناوی بردوون، یان هەڵبژاردنی ژیانی پڕ لە خەم و خەفەت و ئازاری شاعیرانە و داهێنەرانە، کە لە کۆتایدا (نەمری) دەستەبەر بکات، بێگومان وەک لە دێڕی کۆتایی شیعرەکەشدا دەردەکەوێت، عەونی سەرەنجام کۆتایی بە مەنەلۆگەکە دەهێنێت و بەوەی، کە جەمسەری دوولای هاوکێشەکە، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ژیانی پڕ لە خەم و ئازاری شاعیرانە، نەک ئەو جۆرە ژیانەی، کە وەک خۆی ئاماژەی بۆ کردووە بە هەرج و مەرج ناوزەند کراوە بە کۆتاییەکی دڵگیر ئاماژەی بەوەداوە کە ژیانی ڕوو ڕەشی پەسند ناکات و دەڵێت:

**وەرە عەونی من و تۆ لێرە دەرچین**

**کە هەرگیز ناگرین ڕێ ی ڕووسیایی** ل٢٠٨

عەونی لە پارچە شیعرێکی دیکەدا بە ناوی (ڕەنج دەکێشم) لە ڕێگەی دواندنی (کەمانژەنێکەوە) دەردە دڵی خۆی لەگەڵ ڕۆژگار و چەرخی زەمانە دەکات، (عەونی) وەک کەسایەتیەکی خۆڕاگر و خەباتگێڕ لە بەرامبەر ناخۆشی و ئازار و ستەمەکانی ڕۆژگارەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە و وەک لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەیخاتە ڕوو سەری بەرزی نەوی ناکات و گەرچی

سەدان بەرد دەهاوێژرێ بۆ سەری، بەڵام ورەی بەرزی بیر و باوەڕەکەی ناکاتە قوربانی و هەرگیز لە ململانێیەدا بنەما بەرزەکانی بیر و باوەڕەکەی نایکاتە هاوڕێ و هاودەمی ئەوانەی بێ خەمن، لە ڕوانگەی شاعیرە وە ئەو بنەمایانە فەراهەمکەری ژیانێکی سەربەرزانە و ئابرومەندانەن، بەم پێیە شاعیر لە بواری پەروەردە و هاندانی ئەوانی دیکەدا بۆ ڕەوشتی جوان و ڕیزگرتنی خوددا، بە یەکێک لەو کەسانە دێتە ئەژمار لایەنگری ڕەوشت و داب و نەریتی بەرزی مرۆڤایەتین، لە ڕوانگەی (عەونی) یەوە مرۆڤی ڕاست و ڕاستگۆ سەرەنجام لە ململانێیەکانی ژیاندا سەردەکەوێت و ئەوەی، کە دواجار گرەو دەباتەوە ئەو کەسانەن کە ڕاستگۆ و بێ فێڵ و درۆن، گەرچی شاعیر دەزانێت ئەم ململانێ و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابورییانەی ژیان بە سانایی کۆتایی پێ نایەت، بۆیە وەک خۆی بە کۆتاییەکی دڵگیر ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت:

**پێی گوتم : عەونی وەرە ئێستا بڕۆ**

**زۆری نەماوە دێیتەوە سەر گفتوگۆ** ل٢٢٤

عەونی لە کۆتایی چیرۆکە شیعرێکدا، کە بونیادی شیعرەکە و زمان و پەیامەکەی دەچێتەوە سەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و فۆلکلۆریش کوردی پڕە لەو نیوە بەیت و داستان و چیرۆک و حیکایەتانەی،کە پڕن لە پەند و ئامۆژگاری و نیشاندانی ڕێگەی ڕاست بۆ پەروەردە کردنێکی تەندروست، بۆیە دەکرێت بڵێین لەم ڕوانگەیەوە چیرۆک وحیکایەتی گوێ ئاگردانەکان و بەیتە میللی و فۆلکلۆریەکانی ئەدەبیاتی کوردی، لە زەمەنە جیاوازەکان و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی یەکجار گرنگیان هەبووە لە پەروەردەکردن وپێگەیاندنی مرۆڤی کورددا، نەک هەر لە بوارە کۆمەڵایەتیەکەدا، بەڵکو لەبواری نیشتیمان

پەروەری و خۆشەویستی نەتەوە و سروشت و زمان و کەلەپوری ولاتەکەماندا، لەم چیرۆکە شیعریەدا، شاعیر باس لە ڕەوشتێکی دزێوی کۆمەڵایەتیش دەکات، شاعیر لە ڕێگەی فێڵ و درۆی (مام ڕێوی) یەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە سەرەنجام هەر پەیوەندیەک لەسەر (درۆ) بونیاد نرا بێت، ئاکامەکەی هەڵوەشاندنەوە و تێکچوونە، وەک لەوشیعرەدا بەوکۆتاییە دڵگیرە دەیخاتەڕوو:

**ئـەوا ڕۆیشـتم وازت لێدێنـم**

**بەڵێن بێ ئیتر قەت نەتدوێنم** ل٣١١

دەتوانین بڵێین ئەو نموونە شیعرییانەی، کە لەکۆتایی هۆنراوەکاندا هاتون کۆتایی دڵگیرن، چونکە هەموو سیفەتەکانی کۆتایی جوانیان تێدایە، وەک : واتای ڕوون، شێوازی جوان، گوتەی جوان، لە ڕووی ڕوخسارەوە زۆر جوانن، وشەکانی مۆسیقین، ئاوازێکی خۆشیان هەیە گوێ حەز دەکا بیان بیستێ، لە ڕووی پەیامەوە پەیامێکی گرنگی هەیە و کاریگەری دروست دەکا، ڕێگرە لەوەی بێزاری و شەکەتی گوێگر لە بیستنی هۆنراوەکە دروست ببێت، بەڵکو شەوق و ئارەزوویەکی زۆرتر دەداتە خوێنەر یا بیسەر بۆ بیستنی زیاتر، جگە لەوەش وەکو قسەیەکی نەستەق لەوانەیە زۆر جار بیسەر دووبارەی بکاتەوە یا نموونەی پێ بێنێتەوە، زیاد لە هەموو ئەمانەش ئاماژەی زمانی هەیە کەوا هۆنراوەکە گەیشتۆتە کۆتایی دڵگیر.

# باسی بیستەم

## گردکردنەوە (العقد)

یەکێکە لەو هونەرە جوانکاریانەی، کە لە شیعری شاعیراندا بەرچاو دەکەوێت، ((ئەوەیە پەخشان بکرێتە شیعر، بەڵام بە ڕێگەی لێیوەرگرتن نەبێ)). (التفتازانی، ٢٠٠٤، ص٩٢)، واتە نابێت شاعیر پەخشانەکە وەک خۆی بخاتە نێو شیعرەکەی، چونکە ئەگەر وەکو خۆی وەری گرت، ئەوا دەبێتە لێیوەرگرتن و نابێتە گردکردنەوە، دەبێت پەخشانەکە کورت و پوخت بکات و بە شیعر دایبڕێژێتەوە، ((گردکردنەوە پێچەوانەی هەڵوەشاندنەوەیە، چونکە گردکردنەوە بەشیعرکردنی پەخشانە، هەڵوەشاندنەوەش بە پەخشانکردنی شیعرە، لەمەرجەکانی گردکردنەوەش ئەوەیە هەموو وشەکانی یان زۆربەیان وەربگیرێن، ئینجا شاعیر زیاد و کەمیان بۆ بکات بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە ڕێک بخات، هەر کاتێکیش هەندێک واتای پەخشان وەرگیرا بە بێ وشەکانی ئەوا دەبێتە جۆرێک لە جۆرەکانی دزی و بەگردکردنەوە ناژمێردرێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە شاعیر پەخشانەکەی بەتەواوی وەرگرتبێت)) (الشیخ تقی الدین ابی بکر علی المعروف با بن حجه الحموی، ٢٠٠٤، ص٤٨٩).

لێرەدا دەبێ زۆربەی وشەکان وەربگیرێن، ماناش بەتەواوی وەربگیرێت، بەڵام بۆ پێویستی کێش و سەروا شاعیر لە شیعرە تازەکەیدا، کە لە پەخشانەکەی وەرگرتووە، هەندێک وشە و دەربڕین بۆ وشەو دەربڕینەکانی پەخشانە بنجیەکە زیاد بکات هیچ کێشەی نیە، چونکە ئەمە واتا ناگۆڕێت و پێویستی شیعرییە، عەونی ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و پەخشانێکی مێژوویی بە شێوەی شیعر داڕشتۆتەوە، بۆنموونە (عەونی) دەڵێت:

**یـــەکـەم ڕوداوێـک کــە دێـتــە یـــادم**
**بــۆت دەگــێــڕمـــەوە زۆر پێ دڵـشــادم**
**دە هــەزار ســەربـاز لـەشـکری یـۆنـان**
**لـەگەڵ گەزنـەفۆن هـاتنـە کـوردسـتان**
**لــەســـەر چیــاکان بـــەرد بــاران کــران**
**لە دوای شەڕوشۆڕ زۆریان لێ کوژران**
**بـەســـــەر شــــکـاوی بـــە ورگــــی دڕاو**
**پـەرت وبڵاو بوون وەک پۆڕی خوراو** ل١٣٠

شاعیر لێرەدا پەخشانێکی مێژوویی وەرگرتووە، دووبارە بە شێوەیەکی شیعر ئامێز دایڕشتۆتەوە، پەخشانەکەی لەو پارچە شیعرەدا گردکردۆتەوە، کە هەمان واتای پەخشانە بنەڕەتیەکە دەگەیەنێ، بەڵام شاعیر لەسەر قاڵبی شیعری دایڕشتۆتەوە و کێش و سەروای بۆ داناوە ئەمەش وادەکات، کە لەبەرکردن و خوێندنەوەی بەچێژبێت و زووتر لەبەر بکرێت وەکو ئەوەی، کە خوێنەر پەخشانەکە بخوێنیتەوە، پوختەی ئەو ڕوداوە مێژووییە بۆ سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو ساتانەی کێشە لە نێوان (ئەردەشێر) کوڕی گەورەی (داریۆش) و (کۆرش) کوڕی بچووکی ناوبراو لەسەر وەرگرتنی تەختی پاشایەتی دەوڵەتی هەخامەنشی (ئەخمینی)*، لەپاش کۆچی دوایی باوکیان ڕوویدا، سەرسامی (کۆرش) بە ئازایەتی و لێهاتویی سەربازە زرێ پۆشە قورسە یۆنانییەکان، بووە هۆی ئەوەی ناوبراو لە ململانێی لەگەڵ براکەیدا پشت بە چەند هەزار سەربازێکی یۆنانی ببەستێ کەوا بە سەرۆکایەتی گەزنیفۆن (زێنۆفۆن) بوون، گەزنەفۆن یەکێک بووە لە سەر لەشکرەکانی یۆنان، لەکاتی لەشکرکێشیەکانیدا، بە

کوردستاندا تێپەڕبووە و ناوی کوردی بە کاردۆخیەکان بردووە لە یاداشتەکانیدا، ئەوکاتەی (کۆرش) لەگەڵ براکەی (ئەردەشێر) لە (بابل) بە جەنگ دێن، شەڕ لەسەر تەختی کورسی و تەماعی شاهانەیی لە نێوان دوو برا دەست پێدەکات، کاتێک (کۆرش) لە ناودەچێ (گەزنەفۆن) یەکێک دەبێ لەو دە هەزار سەربازە یۆنانیە، دواجار لەتەک هاوەڵەکانی دەکەونە تەنگەژەوە، هەرچەندە ئەو سوپایە سوپایەکی پارچە پارچەو تەماعی ڕاو و ڕووت و تەماعی سەروەت و سامانیان هەبووە، بە هۆکاری بێ کاری لە ناوچە جیاجیاکانی یۆنان کۆدەبنەوە لە ژێر فەرماندە و سوپا سالاری یۆناندا، زۆرینەیان یەکتریان نەناسیووە، زۆرجار شپرزە و ڕێک نەبوون، زۆر جاریش شەڕ لە نێوانیاندا دروست دەبوو.

---

**-(مێژووی ئەو دەوڵەتە بەشێک لە مێژووی کۆنی ئێران پێک دەهێنێت، لە نێوان ساڵانی ٧٣٠ پ.ز بۆ ٣٣١ پ.ز فەرمانڕەوایی کردووە، لەسەر دەستی ئەخمینیەکان کۆتایی بە دەوڵەتی ماد(میدیا) ی کوردی هاتووە لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز دا، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم دەوڵەتە بڕوانە: عبدالحسین زرین کوی، روزگاران تاریخ ایران از آغاز تا سقوط سلطنت پهلوی، چاپ پنجم، چابخانه مهارت، تهران،١٣٨٣، هـ.ش.ص ١٣١_١٣٠. و حسن کریم الجاف، الوجیز فی تأریخ ایران (دراسة فی التأریخ السیاسی)، الجزء الاول، الطبعة الثانیة، مطبعة مؤسسة أراس، أربیل، ٢٠٠٨، ص٣٥-٥١).*

ئەوە بوو لە شەڕێکدا بەناوی (کۆناکسا) لە نزیک بابل، (کۆرش) دەکوژرێت و سوپاکەی پەرت و بڵاو دەبێت، لە ئەنجامدا سەربازە یۆنانییە بەکرێ گیراوەکان کەوا ژمارەیان نزیکەی (١٠) هەزار کەس بووە، بە سەرکردایەتی (گەزنەفۆن)*(١) و بە نیازی گەڕانەوە بۆ وڵات پاشەکشێ دەکەن، دوای ئەوەی دەگەنە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، لە دەوروبەری (بۆتان) لە باشوری ڕووباری (بۆتان سو) لەگەڵ (کاردۆخیەکان) *(٢) دەکەونە شەڕێکەوە کەوا نزیکەی حەفت رۆژ دەخایەنێت، (گەزنەفۆن) لە کتێبێکدا بە ناوی ئەناباس (ئەناباسیس) بەتێر و تەسەلی لەبارەی سروشتی ئەو ناوچەو وڵاتەی کە بەناوی (وڵاتی کاردۆخەکان) ناوی دەبات، دەدوێت لەم بارەیەوە و سەبارەت بە کاردۆخەکان دەنوسێت: (گەلێکی چیانشین و بەغیرەتن، ئەوان سەربەخۆ دەژین و ژێر دەستی پاشای فارسیش نین).

هەروەها باسی ئەوە دەکات چۆن ئەو کاردۆخیانە توانیبوویان کاتی خۆی لەشکرێکی سەد و بیست هەزار کەسی پاشای فارسەکانیان تەفرون کردووە و یەک کەسیشیان بە زیندوویی بۆ وڵاتی خۆیان نەگەڕاوەتەوە (بڕوانە: گەزنەفون، وەرگێڕانی: عەلی فەتحی، ٢٠١٣، ل١٤٦).

---

*(١)*(گەزنەفۆن کوڕی گریلۆس، لە دەوروبەری سالی ٤٣١ پ.ز لە (ئەسینا) ی یۆنان لە دایک بووە، قوتابی سوکرات بووە، لەساڵی ٤٠٤ پ.ز لە رێگەی یەکێک لە دۆستەکانی پەیوەندی بە (کۆرش)ەوە دەکات و لە ساڵی ٤٠١ پ.ز دا بەشداری لە شەڕەکەی نێوان (کۆرش) و (ئەردەشێر) ی برای دەکات بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : گزنفون، ئاناباس، وەرگێڕانی : عەلی فەتحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٦٤ – ٤٧٦ وا.م. دیاکونوف، ترجمە : وهبیة شوکت، رام للطابعة و النشر، دمشق، دون تاریخ الطبـع، ص ٣٦ _ ٣٧) .*

*(٢)*(كاردۆخیەكان-یەكێكن لەو گروپە ئیتنییانەی كەوا لە كوردستاندا ژیاون و نەتەوەی كوردیان لێ پێک هاتووە، بڕوانە : محمد ئەمین زەكی، خولاصەیەكی تأریخی كورد و كوردستان، بەشی ١-٢ چاپی دووەم، چاپخانەو ئۆفسیتی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ٥٩_٦٠، هەروەها بڕوانە : جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید، مێژووی كۆنی كورد، وەرگێرانی : ملكۆ كەلاری، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٤٠ – ١٤٣).*

لە شوێنێكی تری كتێبی (ئەناباس) دا گەزنەفۆن لەبارەی كاردۆخیەكانەوە دەنووسێت : (...كە مانداری گەلێک چالاک بوون، كەمانەكانیان سێ زەرع (چوار بۆ پێنج پێ) درێژبوو تیرەكانیشیان زیاتر لە دوو زەرع (سێ پێ) دەبوو...تیرەكان لەبەر شیددەت و توندی...قەلغان و زرێی كون دەكرد، هەروەها دەنووسێت: ...هێزەكانی دوژمن (كاردۆخیەكان) بەردەوام و بە درێژایی شەو خەریكی خلۆركردنەوەی گاشەبەردان بوون، خلۆربوونەوەی بەردەكان تەواوی دۆڵەكەی داگرتبوو و دەنگی دەدایەوە . (هەمان سەرچاوە، ل١٥٦)، لە سەرچاوەیەكی تردا هاتووە كەوا كاردۆخەكان ئازایانە بەرگرییان لە گوند و كێڵگەكانیان كردووە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەک بۆ بوونی لە مێژینەیی ئەوان لەو ناوچەی كوردستاندا، لەم بارەیەوە مێژووی كاردۆخەكان بەشێک لە مێژووی كوردستاندا دادەنرێت، بەرگری كردنەكەشیان ئاماژە بۆ ملكەچ نەبوونی ئەوان لە ڕووی سەربازییەوە بۆ هیچ هێزێک، كە بە وڵاتەكەیاندا تێپەڕبووبێت (جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید، ٢٠١١، ل ١٤١_١٤٢).

دەكرێ بڵێین ڕوداوی شەڕی كاردۆخەكان لەگەڵ سوپای گەزنەفۆندا، بریتییە لە هەوڵ و كۆششی گروپێكی نەتەوەیی دیاریكراو لە پێناو بەرگریكردنی لە خاک و نیشتیمانەدا، واتە لە دژی ئەوانەی هێرش دەكەنە سەر وڵات.

عەونی لە شیعرێکی تردا سوودی لە ئەفسانەیەکی کوردی وەرگرتووە، کە بەشێوەی پەخشان نووسراوە، ئەویش ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر) و (زوحاکی زۆردار)ە، تاکێکی کورد نیە، کە ئەم بەسەرهاتە مێژوویی و ئەفسانەیەی نەبیستبێ چ بەشێوازی خوێندنەوە، یان گێڕانەوەی لە کۆڕ و شەونشینە کوردییەکاندا، (عەونی) شاعیریش ئەم ئەفسانە پەخشان ئامێزەی لە دوو توێی شیعرێکی خۆی گردکردۆتەوە و شیعرییەتێکی زیاتری بە بابەتەکە بەخشیوە، وەکو ئەوەی کە لە پەخشانەکەدا هەبووە:

**دووهەزار ساڵ لەمەوبـەر**
**هـەسـتا کـاوەی ئاسـنگـەر**
**بـوو بـە پێـشڕە و ڕابـەر**
**دەستی کرد بە شۆڕوشەڕ**
**بـەهێـزی بـاز و مـەچـەک**
**نایـە سـەر شـانی کوتـەک**
**دژی زۆردار ڕاوەســـتـــا**
**سوێندی خوارد بـەئـاوێستا**
**دەبــێ زۆردار بـمـرێـنـین**
**خـوێنـی بەدکار بـرژێنین**
**لـــەگـــەڵ لاوانـــی دلــێـــر**
**هـێرشیان بـرد وەکـوشــێر**
**قـەلای بـەدکاریان ڕمــانـد**
**خـوێنـی زۆرداریـان ڕژانـد**
**دەرچوون لەدەست بێ دادی**
**شـــەکـــا ئـــاڵای ئـــازادی** ل١٣٣

ئەم شیعرە گردکردنەوەی بەسەرهاتێکی مێژووییە، کە لە نێوان حەقیقەت و ئەفسانەدایە، سەرچاوە مێژووییەکانیش بە تایبەتی مێژوو نوسانی کورد، هەروەها سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیش بە فراوانی باسی ئەم بابەتەیان بە پەخشان کردووە، شاعیر لەوانی وەرگرتووە و بەم شێوەیە لەم تێکستە بچووکەدا گردیکردۆتەوە، ئەوەی لە سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبیەکان وەکو پەخشان هاتووە، پەرش و بڵاوە و وردەکاری زۆرترە، ئەمەی خوارەوە بەشێکیەتی:

سەرگوزشتەی (کاوەی ئاسنگەر) کە لە سەرچاوەکاندا بەشێوەی تریش ناوی هاتووە وەکو (کەیخوسرەو)، لەگەڵ ئەژدیهاک (زوحاک) دا نموونەیەکی تێکهەڵکێشی نێوان ئەفسانە و ڕوداوێکی ڕاستەقینەی مێژووییە، چ لە ئەفسانە و چ لە ڕووی مێژووییەکەوە (کاوە) هێمای پاڵەوانێکی نەتەوەیی و (زوحاک) یش ئاماژەیە بۆ پادشایەکی دڵڕەقی ستەمکاری خوێنڕێژ، ئێستاکە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە (کاوە) و (ئەژدیهاک) بوون بە نموونەی پاڵەوانی خەبات و پادشای خوێنڕێژ، ئێستا ئەم چیرۆکە لە خەیاڵی مرۆڤی کورد دا هێندە واقیعی و جوانە، بووە بە داستانێکی پیرۆزی خەباتی نەتەوەیی و کەسیان بە ئەفسانەی نازانن و بەردەوام بە قوربانیدان و هەر بە پیرۆزییەوە ڕایانگرتوە، ئەژدیهاک (زوحاک) پاشای زاڵم و دوو مار لەسەر شان بە زۆر شێوە شیکراوەتەوە پادشای زۆر وڵات و زۆر میللەت و زۆر رۆژگار، بەڵام لە هەمووواندا هێمای پادشایەکی زاڵم و خوێنڕێژە. (مەولود ابراهیم، ٢٠١٣، ل٥٠ و دواتر).

## باسی بیست و یەکەم

## وەرچەرخان (استطراد)

هونەری وەرچەرخان یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، شارەزایانی ڕەوانبێژی بایەخیان پێداوە و باسیان کردووە، لەوانە: (محمود أحمد حسن المراغی) لە پێناسەی ئەم هونەرە دا دەڵێت: ((بریتییە لە باسکردنی شت لە شوێنێکدا، کە شوێنی خۆی نیە، ئەوەش لەبەر بۆنەیەک ئەمە بە شێوەیەک دەڵێ قسەکەر لە درێژەی قسەکانی خۆیدا دەچێتە سەر باسێکی دیکە، کە ئەم باسە تازەیە و باسی سەرەکی خۆی نەبوو، ئەوەش لەبەر بۆنەیەک، کە بابەتی سەرەکی دەبەستەوە، لە پاشان دەگەڕێتەوە سەر قسەکانی خۆیو درێژەیان پێدەدا)). (١٩٩٩، ص٧٥)، (مەلا عەبدالکریمی مودەریس) یش لە بارەی وەرچەرخانەوە دەڵێت: ((ئەوەیە قسەکەر لەو مەبەستەی تیایەتی لابدا بۆ مەبەستێکی تر لەبەر موناسەبەتێک لە نێوانیاندا، پاشان بگەڕێتەوە سەر مەبەستە ئەسڵی یەکەی و تەواوی بکا)). (١٩٩١، ل٣٠)، وەرچەرخان ((بەو دەربڕینە دەگوترێت، کە تیایدا شاعیر سەرەتا باس لە شتێک بکات، بەڵام کە لە درێژەی باسەکەیدا دەگاتە شتێکی تایبەتی، لە باسەکەی یەکەمی وەردەچەرخێ و باس لە شتە تازەکە دەکات)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل١٦٩_ب).

(عەونی) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە هونەری وەرچەرخانی لە شیعرەکانیدا بەکابردووە، لە شیعری (بولبول) دا، لە سەرەتای شیعرەکەدا بەم شێوەیە باسی بولبول دەکات و دەڵێت:

**وەرە ئەی بولبولەکەی خۆش خوانم**
**هـۆگـری خونـچە گوڵـی بـاخـانـم**
**بـاخـەوان دەنگـی نیە نیوە شـەوە**
**دەرفـەتـە تـاکو بـەیانـی مـەخـەوە**
**بـەر لەوەی خونـچە کەوا پێبکەنێ**
**باخەوان هەستێ لەخەو گوڵ بچنێ**

دواتر لە دێڕی شەشەم و حەفتەم و هەشتەمدا وەرچەرخان دەکات و ئاراستەکەی لە گوڵ و بولبولەوە دەگۆڕێ و دێتە سەر خەباتی نەتەوەیی و هانی گەل دەدا بۆ ڕەنج و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە داری ئازادی و دەڵێت:

**هەر گەلێ درێژە بدات گەر بە خـەبـات**
**بانـگـی ئازادی لـە بۆ دێـت بە خـەڵات**
**ئەم بەراتەی کەبەخوێن دەست دەکەوێ**
**نـرخـی بۆ دابـنێ ژێـر پـێ نـەکـەوێ**
**بـەرهـەمـی ڕەنـجە بـرا بـەخـتەوەری**
**داری ئـازادی بـە خـوێن بـەردەگـری**

شاعیر لە دوای ئەوەی، کە وەرچەرخانی کرد و بابەتەکەی لە بولبولەوە گۆڕی بۆ خەباتی نەتەوەیی لە دێڕی نۆیەمدا دووبارە دەگەڕێتەوە سەر بابەتی پێشووی خۆی، کە باسی بولبول بوو تەواوی دەکات و دەڵێت:

**وەرە ئەی بولبولەکەی دەنگ خۆشم**
**مژدە بێ لێت کە منیش دڵ خۆشم** ل٢٨٣

# باسی بیست و دووەم
# بەهەڵەبردن

جۆرێکی تری جوانکاری واتاییە، کە شاعیران لە هۆنینەوەی شیعرەکانیاندا بە کاریان هێناوە، (ئیدریس عەبدوڵڵا) لە پێناسەی ئەم هونەرە دا دەڵێت: ((بریتییە لەو دەربڕینەی، کە سەرەتا لە مێشکی بەرامبەردا، واتایەک دروست دەکات، بەڵام کە قسەکەر قسەکانی تەواو دەکات، ئینجا بەرامبەرەکەی بۆی دەردەکەوێت، کە بەهەڵە چووە، ئەگینا مەبەست بە تەواوی پێچەوانەی ئەو واتایەیە، کە یەکەم جار بۆی دروستبووە)) (٢٠٠٣، ل١٣٩).

عەونی لە شیعری (گەرمی ئەتۆم و سۆزی دڵ) دا دەڵێت:

**نیسبەتی گـەرمـی ئەتۆم تێکەڵ بـە سـۆزی دڵ دەکـەم**
**گـەر بـگریـەم هــەر بەلافــاوێک جیـهان کــاول دەکـەم**
**ڕەنگی گوڵ سـورە لەڕوو سوریی کچێکی کـورد دەکا**
**دوور لە میکیاج ئارەزووی چاوی ڕەشی بێ کل دەکەم**

شاعیر لە سەرەتای ئەم هۆنراوەیەدا باس لە سۆزی دڵی خۆیی و ڕەنگی گوڵ دەکات، کە خوای گەورە بە جوانی خوڵقاندوویەتی، بۆیە خوێنەر وا هەست دەکات، کە ئەم سۆزەی شاعیر بۆ عەشقی کچێکە، چونکە ئەم گوڵەی باسی دەکا وا هەست دەکا کچێک بێ، بەڵام دواتر لە دێڕی چوارەمدا شاعیر خۆی دێت و ڕوونیدەکاتەوە و دەڵێت:

**بۆ گوڵی هــیوایە هەردەم ئاهـ و ناڵــەم بی وچــان**
**وا مـەزانن بولبولم مەیلی گوڵــی سەرچڵ دەکــەم**
**دولبەری دڵخوازی من هەر نیشتیمــانە نیشتیمــان**
**گەر خودا دەستم بدا دەستی لە شان و مل دەکەم** ل١٨٨

شاعیر ئەو گوڵە سروشتیەی، کە لە سەرەتادا باسی دەکرد و دەیچواند بە ڕووو سوری کچە کوردێک، دەڵێ من عاشقی ئەو گوڵە نیمە کەوا لەسەر چڵانە، من عاشقی گوڵێکی دیکەم کەوا پێی دەڵێن گوڵی هیوا، دولبەرە دڵخوازەکەشم هەر نیشتیمانە و نیشتیمانی هەمیشە بە بەهار و گوڵالە سورە داناوە و بە هیوای دەست لە ململانێی نیشتیمانەکەیەتی، ئەمەش هونەری بە هەڵە بردنە، ئەو باسەی کە لە سەرەتادا سەرنجی خوینەری ڕاکیشا، لە ڕاستیدا مەبەست لێی ئەو باسە نەبوو، بەڵکو مەبەست شتێکی تر بوو، کە بۆ جوانکردن و سەرنج ڕاکێشانی خوینەر و پێدانی شیعرییەت بە دەقی ئەدەبی لە سنوری هۆنراوەیەکدا بەکاردێت.

## باسی بیست و سێیەم

## (بەپێشەنگکردن) ئیقتیدا

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری، بەهۆی کارتێکردنی شاعیرانەوە بەرهەمدێت، ئەم کارتێکردنەش بە هۆی کاریگەر بوونی شاعیرێک بە شاعیرێکی پێش سەردەمەکەی خۆی دەبێت، بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەی پێی کاریگەر بووە ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمەکانی شاعیرە کارتێکراوەکە دەبێت، کاریگەریەکەش یا لە ڕووی ڕوخسارەوە دەبێت، یا لە ڕووی واتادا دەبێت، کە بە وشەو دەربڕینی جیا دەنووسرێت، یا لە ڕووی ڕوخسارو واتادا دەبێت، ((ئەوەیە شاعیر لە دێڕەکانی خۆیدا شونپێی داهێنانی شاعیرێکی پێشە خۆی هەڵگرێتەوە، ئەو چۆنی نوسیووە، ئەمیش بە هەمان شێوەی ئەو بنووسێتەوە، بەڵام بێگومان بە واتایەکی نوێ، چونکە ماوەی نێوان دوو شاعیرەکە، هۆکارە بۆ بەرەو پێشچوونی مەبەست لە یەکەمەوە بۆ دووەم)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل١٧٥_ب).

**ئیقتیدای عەونی بە مەحوی**

مەحوی دەڵێت:

**هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر دەڵێم و تێ ناگەم**
**هەر جوست وجۆمە کەچی هەردەڕۆم و پێ ناگەم**
**چاوم ڕوواو و گۆشەیی ئەو ئەبروەم نەدی**
**دڵ بوو بە بەحری علوم و لە ئەلف و بێ تێ ناگەم**

دیوانی مەحوی، ١٣٩١، ل٣٨٨

شاعیر بەو شیعرەی مەحوی زۆر کاریگەر بووە و ئیقتیدای پێکردووە و دەڵێت:

**هەر دەڕۆین و پێ ناگەین**

**هەر دەڵێین و تێ ناگەین**

**شـێوەی ئەم گفتـوگۆیــە**

**لاوی کـورد ڕەنجەڕۆیە**

**نــەلــەیــەک دەگــەیــن**

**نــەبــەیــەک دەگــەیــن** ل٨٦

لەم شیعرەدا عەونی ئیقتیدای بەڕوخساری شیعرێکی (مەحوی) کردووە، بە واتایەکی جیاواز، باس لە بێ کۆتایی زانست و زانیاری و بێ ئەندازەیی جوانی دەکات، هەرچەندە هات و چوون و گفتوگۆیەکە نەگەیشتۆتە ئەنجام، کەوا (مەحوی) چەندین ساڵە گفتوگۆ دەکات بۆ ناسین و تێگەیشتن لە زاتی خودا و سیفەتەکانیدا، چەندساڵیشە بەدوای گەیشتن بەو تێگەیشتنەدا دەگەڕێت، کەچی هەر ناگاتە جێ، لە ڕووی ڕوخسارەوە هەردوو دێڕەکە لە چەند وشەیەکی هاوبەش پێکهاتوون، لەوانە وشەکانی: (دەڕۆین، دەڵێین، گفتوگۆ، هەر، تێ ناگەین، پێ ناگەین).

عەونی لە شیعرێکی تریشدا ئیقتیدای بە شیعری مەحوی کردووە، لەسەر هەمان ڕیتم و مۆسیقا و کێش و سەروا و هەمان بونیاد و نووسیویەتی، بەڵام بە وشە و دەربڕینی جیا.

مەحوی دەڵێت:

**ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لە گوڵ چ بکا**

**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ بولبول لەچڵ چ بکا**

**که هەڵگیـرسا لە نوری بادە شەمعی حوسـنی جانانە**

**نەچێتە سـەر تەریـقەی حەزرەتـی پەروانە دڵ چ بکا**

دیوانی مەحوی، ١٣٩١،ل٤٦

عەونی یش ئیقتیدای بەم دەربڕینە جوانەی مەحوی کردووە، کە دەڵێت:

**لە دووری تـۆ دڵـی زارم ئەگـەر زاری نەکـا چ بـکـا**

**لە چاوان خوێن وەکو دیجلەوفورات چاری نەکا چ بکا**

**وەکو بولبول بە شین و ناڵە گوڵـشـەن گەر نـەشـێوێنێ**

**لـە دەستی باغـەوان شـەکوا لە بەدکـاری نـەکا چ بـکا** ل١٤٦

شیعرەکان هەردووکیان شانزدە بڕگەیین (٨+٨)، پاش سەروایان (چ بکا)یە، ئەمەش وای کردووە بە یەک ئاواز بخوێنرێنەوە، هەردووکیشیان شیعرەکانیان لەسەر شێوازێکی پرسیاردا دەسوڕێتەوە.

**ئیقتیدای عەونی بە نالی**

نالی دەڵێت:

**لە خەوفی تەڵعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت**

**بـە ڕوو زەردیی هـەڵات و کەوتە کێوان ل٢٦٢**

عەونی لە بەکارهێنانێکی هونەریانەدا لە ژێر کاریگەری ئەم دێڕە شیعرەی (نالی) دا، دێڕە شیعرێکی نوسیووە، لە ڕووی دەربڕین هەمان وێنەی (نالی) بەکارهێناوە، لە واتاشدا کەمێک لە دێڕەکەی (نالی) فراوانترە، کە

وابێ هەردوو شێوازی دەربڕین و مانای لە (نالی) ئیقتیدا کردووە، عەونی دەڵێت:

**لە ترسی تەڵعەتی ڕووی ڕۆژ کە سەرگەردانە هەڵنایێ**
**نە ئەو هات و نە ئەم هەڵهات دەزانم ئەو کە هەر نایێ** ل٣٤٠

وەک لە ڕوخسار و ناوەرۆکی هەردوو دێڕە شیعرەکەدا دەبینرێت، تەنانەت لە ئاستی ڕیتم و مۆرفیمەکانی دێڕە شیعرەکاندا دەردەکەوێت نزیکایەتی و لێکچونێکی زۆریان لە نێواندایە ئەوەش دەردەخات، کە (عەونی) نەک هەر لە ژێر کاریگەری ناوەرۆکی شیعرەکەی (نالی) دایە، بەڵکو لە ڕووی فۆڕمیشەوە پەنای بۆ تاقیکردنەوەیەکی دیکەی هونەری بردووە، کە نزیک بێتەوە لە زمانە باڵاکەی (نالی) دا.

عەونی دەڵێت:

**من ئەو دەمە زانیم چی یە ئازاری جــودایی**
**ئەو ڕۆژە کە نەمزانی بەبێ تۆ سەفەرم کرد** ل١٥٣

عەونی لە دێڕە شیغرێکی تریدا ئیقتیدای واتایی بە دێڕە شیعرێکی (نالی) یەوە کردووە، عەونی بە هەمان شێوەی (نالی) باس لە جودایی و دوورکەوتنەوەی یار دەکات و بەڵێن دەدات، کە بەبێ یار بۆ هیچ جێگەیەک سەفەر نەکات.

نالی دەڵێت:

**نەمـــردم من ئەگەر ئەمـــجارە بێ تۆ**
**نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ**
دیوانی نالی، ١٣٧٩، ل٣١٢

**ئیقتیدای عەونی بە گۆران**

گۆران دەڵێت:

**کام ئەستێرەی گەش کام گوڵی کێوی**
**ئاڵە وەک کوڵمی؟گۆی مەمکی؟ لێوی؟** ل١٠

شاعیر لە شیعری (کام گوڵ) دا، ئیقتیدای بە شێوازی شیعری (ئافرەت و جوانی) گۆران کردووە، عەونی دەڵێت:

**کام گوڵ، کام خونچە، کام وەرزی بەهار**
**شـیـنـی نـەگـــێـڕا هـــوزاری هـــەژار** ل٩١

عەونی ئیقتیدای کردووە بە هەمان مۆسیقای (گۆران)، بە هۆی ئەو هونەرە گێـــڕانەوەی کـەوا مۆســیقای ناوەوەی دروست کردووە، ئەویـش بەهۆی ئامرازی گێڕانەوەی (کام) ە، لەســەر یەک کێش هاتون، هەردووکیان دە بڕگەیین (٥+٥)، واتە هاوکێشن.

**ئیقتیدای عەونی بە هێمن**

عەونی لە یەکێک لە دێڕە شیعرەکانیدا (ئیقتیدا)ی بە دێڕە شیعرێکی (هێمن) کردووە، لەڕووی ڕوخسارەوە و لەسەر هەمان بونیاد نووسیویەتی، بەڵام بە واتایەکی جیاواز، کە ئەو بە پێچەوانەی (هێمن)ەوە، پیێ وایە پزیشک چارەی برینەکەی دەکات و ئومێدی بە خەم ڕەوینەوە و هاتنی شادی هەیە، بەڵام (هێمن) پێی وایە دکتۆر دەرمانەکەی خەسار و برینەکەی بە سۆتر دەکات و هیچ ئومێدێکی نەماوە، هەردوو شاعیریش لە ئاستی وشەدا کۆمەڵێک وشەی هاوبەشیان هێناوە، عەونیش بە هەمان شێوەی هێمن (مەرهەمێکی تر) ی کردووە بە پاش سەروای دێڕەکە، وشە هاوبەشەکانیش بریتین لە (پزیشک، دکتۆر)، (خەم، ناسۆر)، مەرهەم، چارە).

عەونی دەڵێت:

**بەهیوا بووم کە شادی بێت و خەم بڕوا دەمێکی تر**
**پزیشکم ساز بکا بۆ چاری زەخمم مەرهەمێــکی تر** ل٣٦١

ئەمەش دێڕە شیعرەکەی (هێمن) ە:

**بە تۆ چارەی چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم**
**خەساری بۆ دەکەی دکتۆری زانا مەرهەمێـــــکی تر**
دیوانی هێمن، ٢٠١٢، ل٣٠٥

# ئـــه نجـــام

١_جوانکاری یەکێکە لە زانستە هەرە دیار و گرنگەکانی ڕەوانبێژی، کار لەسەر جوانکردن و ڕازاندنەوەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەدات، خۆی لە دوو ئاستدا دەبینێتەوە، جوانکاری وشەیی و جوانکاری واتایی، (عەونی) یش ئەم زانستەی بە شێوەیەکی ورد و هونەریانە و بە چەندین شێواز و دەربڕینی جیاواز لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە.

٢_لە باسی جوانکاری وشەییدا، دەرکەوت کە (عەونی) (١٣) هونەری بە (٦٨) شێواز و ڕێگەی جیاواز لەم ئاستەدا بەکارهێناوە، لە هەندێکیاندا باڵادەستی نواندوە و بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە، لە هەندێکیشیاندا نموونەی کەم لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

٣_لە هونەرەکانی جوانکاریشدا، زۆرترین جۆری ڕەگەزدۆزی بەکارهێناوە، بە جۆرە جیاوازەکانیەوە کە خۆی لە (٢) جۆری سەرەکی و (١٦) جۆری ناسەرەکی و لقی جیاوازدا دەبینێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕەگەزدۆزی بەیەکێک لە گرنگترین و دیارترین جوانکارییە وشەییەکان دادەنرێت، کە شاعیران گرنگیان پێداوە و بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە.

٤_(عەونی) هەندێک هونەری بەکەمی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، وەکو تەرصیعی تەواو، کە لەلای زۆربەی شاعیران بەکارنەهاتوە، بەڵام ئێمە تەنیا یەک نموونەمان لە شیعرەکانی (عەونی) دا دۆزیوەتەوە.

٥_لە باسی جوانکاری واتاییشدا، دەرکەوت کە (عەونی) (٢٣) جۆر هونەری بە (٦٢) شێوازی جیاواز بەرهەمهێناوە، لە نێوانیشیاندا زۆرترین جۆری

هونەری دژیەک بەرچاو دەکەوێت، بایەخێکی زۆری پێداوە و زۆرترین جۆری لێ بەکارهێناوە، لە دژیەکی فەرهەنگیدا (١٩) جۆر و لە نافەرهەنگیش (٨) جۆری لێ بەکارهێناوە، لەگەڵ چەند جۆرێکی تری دژیەک، کە بە هەموویان دەگەنە (٣١) جۆر.

٦_لەڕوانگەی شیکردنەوەی شیعرەکانی (عەونی) یەوە، زیاتر لە بەکارهێنانی هونەرەکانی تێلنیشان و تێکهەڵکێش و لێیوەرگرتن، ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە، کە شاعیر شارەزاییەکی باشی ئاینی و زانیاری گشتی و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووە، توانیویەتی لە ڕێگای ئەم هونەرانەوە بە ئاماژەیەکی بروسکەیی و کورت و خێرا، بە چەند وشەیەکی کورتەوە واتایەکی زۆر لە مێشکی خوینەردا زەق بکاتەوە و وا لە خوێنەر بکات کە بەدوای سەرچاوەی ئەو ئاماژانەدا بگەڕێت.

٧_(عەونی) وشیاری و ئاگاییەکی باشی هەبووە لە شیعری شاعیرانی کورد بە گشتی، کاریگەریەکی زۆری شاعیرانی چ ئەوانەی پێش خۆی و چ ئەوانەی هاوچەرخی خۆی لەسەر بووە، بە نموونە: (نالی، مەحوی، حاجی قادری کۆیی، هێمن) ئەمەش لە ڕێگەی هونەرەکانی (پێنجخشتەکی) و (تێکهەڵکێش) و (ئیقتیدا) دەردەکەوێت، کە سێ هونەری دیار و گرنگی جوانکارین.

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

(هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی عەونی دا) ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکەیە، کار لە سەرجەم هونەرە جوانکارییە ڕەوانبێژییەکان دەکات لە شیعری (عەونی) دا، ئەم زانستەش لە دوو ئاستی جوانکاریدا، جوانکاری وشەیی و جوانکاری واتایی شیعری (عەونی) یان ڕازاندۆتەوە، جوانکاری وشەیی کار لەسەر جوانکردن و ئارایشتکردنی ڕوخساری دەقە شیعرییەکان دەکات، کەئەویش کۆمەڵێک هونەر لەخۆ دەگرێت، هەر یەکەیان لە گۆشەیەکەوە کار لەسەر جوانکردنی دەقە ئەدەبییەکان دەکات، هەرچی جوانکاری واتاییشە کار لەسەر جوانکردنی واتای وشە و دەقە شیعرییەکان دەکات، (عەونی) یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە لە بنیاتنانی هونەری جوانکاری دەستێکی باڵای هەبووە، شیعرەکانی لە ئاستێکی بەرزی هونەریدان و پڕیەتی لە هونەری جوانکاری.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەروازەیەک بۆ ناساندنی زانستی ڕەوانبێژی بەهەر سێ زانستەکەی (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی) تەرخانکراوە، لە دەروازەدا تیشک خراوەتە سەر زانستی ڕەوانبێژی، کە لە دوو باس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا کورتەیەک لەسەر ڕەوانبێژی و هەردوو زانستەکەی (ڕوونبێژی و واتاناسی) یە، باسی دووەمیش کورتەیەکە بۆ ناساندنی هونەری جوانکاری لە ڕووی زمانەوانی و چەمک و زاراوەوە.

دوای ئەوە نامەکە هاتۆتە سەر بەشە سەرەکییەکانی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم بەناونیشانی هونەرەکانی جوانکاری وشەییە، بە گوێرەی ئەو هونەرە جوانکارییە وشەییانەی، کە بوونیان لە شیعرەکانی عەونی دا هەبووە و ئێمە درکمان پێکردوون ئەم بەشە دابەشکراوەتە (١٣) باسی سەربەخۆ و هەندێکیشیان جۆر و لقی لێ بۆتەوە و هەریەکەیان دەستنیشانکراون و پێناسە و ناساندنیان بۆ کراوە، دواتر لە شیعرەکانی عەونی دا پراکتیزەکراون، هونەرەکانیش بریتین لە: (ڕەگەزدۆزی، هێنانەوە، گێڕانەوە، گەڕانەوە، پاتکردنەوە، بوونی پێویستە، مولەممەع، لێیوەرگرتن، تێکهەڵکێش، تەصریع، تەرصیع، تەسمیت، پێنچخشتەکی)، بەشی دووەمیشی تایبەتە بە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، ئەم بەشەش وەکو بەشی یەکەم دابەشکراوەتە سەر (٢٣) باسی سەربەخۆ، پێناسەی هەریەک لە هونەرەکان کراون و دواتر لە شیعرەکانی عەونی دا پراکتیزەکراون هونەرەکانیش بریتین لە: (دژیەک، بەرامبەری، جێگۆڕکێ، تێلنیشان، کۆکردنەوە، لێککردنەوە، کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە، پێچە و پەخشە، ڕاڤە، پەندبێژی، کۆپەند، زیادەڕەوەی، جوانی بایس، پۆشین، بادانەوە، لۆمە، دەستپێکی دڵگیر، کۆتایی جوان، کۆتایی دڵگیر، گردکردنەوە، وەرچەرخان، بەهەڵەبردن، ئیقتیدا).

# سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

- فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ)

## یەکەم/ بە زمانی کوردی

### (أ)کتێبەکان:


١. ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠٠٣)، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. ئیدریس عەبدوڵلا (د.) (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. ئیدریس عەبدوڵلا (د.) (٢٠١٢_أ)، شێواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٤. ئیدریس عەبدوڵلا (د.) (٢٠١٢_ب)، جوانکاری شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥. ئیدریس عەبدوڵلا (د.) (٢٠١٢_پ)، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٦. د. ئیدریس عەبدوڵلا (د.) (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧. د. ئیدریس عەبدوڵڵا (د.) (٢٠١٤)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨. جەلال مەحمود عەلی (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپخانەی حسام، بەغدا.

٩. جەمال ڕەشید ئەحمەد و فەوزی ڕەشید (٢٠١١)، مێژووی کۆنی کورد، وەرگێرانی: ملکۆ کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی.

١٠. علائەدین سەجادی (١٩٧١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

١١. علائەدین سەجادی (١٣٩٨ هـ _ ١٩٧٨ م)، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

١٢. عەزیز گەردی (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (ڕوونبێژی)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی جاحظ، بغداد.

١٣. عەزیز گەردی (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری)، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

١٤. عەزیز گەردی (١٩٧٩)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

١٥. عەزیز گەردی (٢٠٠٢)، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٦. گزنفون (٢٠١٣)، ئاناباس، وەرگێڕانی: عەلی فەتحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر، هەولێر.

١٧. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٩١)، بەدیع و عەروزی نامی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

١٨. شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٥٧)، پەندی پێشینان، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

١٩. پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەزمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٠. محمد سعید ابراهیمی محمدی (١٣٦٤)، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە (معانی، بدیع، عروض، قافیە)، ئازەربایەنجانی غربی، مهاباد.

٢١. مەولود ابراهیم حەسەن (٢٠١٣)، نەورۆز...چەند ڕەهەندێکی ئەفسانەیی (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئەفسانەیی کلتوریی ئەفسانەیی کلتوریی شیکارییە..لێکۆڵینەوەیەک لە چوارچێوەی کتێبی: نەورۆز، ئەفسانە، مێژوو، ئیتیمۆلۆجیا)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٢. محمد ئەمین زەکی (٢٠٠٤)، خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، بەشی ١-٢ چاپی دووەم، چاپخانەو ئۆفسیتی شڤان، سلێمانی.

## (ب) دیوانەکان:

٢٣. مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی ناسراو بە (نالی) (١٣٧٩)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلاعەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، چاپی دووەم، سنندج انتشارات کردستان، سنە.

٢٤. حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵح ناسراو بە (حاجی قادری کۆیی) (٢٧٠٧)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، لە بڵاوکراوەکانی شارە کتێبی میدیا، سنە.

٢٥. عوسمان کوڕی حەبیب عەبدوڵڵا ناسراو بە (عەونی) (٢٠١١)، دیوانی عەونی، پێداچوونەوە و ڕێکخستنی: فەرهاد عەونی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٦. عەبدوڵڵا سلێمان ناسراو بە (گۆران) (١٩٨٠)، دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٢٧. مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی ناسراو بە (مەحوی) (١٣٩١)، دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و مەحەمەدی مەلا کەریم، چاپی حەوتەم، سنندج انتشارات کردستان، سنە.

٢٨. سەید محەمەد ئەمینی کوڕی سەید حەسەنی شەیخولئیسلامی موکری ناسراو بە (هێمن) (٢٠١٢)، دیوانی هێمن، ئامادەکردنی: وریا زراری، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەخشانگای ئازادی.

## <u>(پ) فەرهەنگەکان:</u>

٢٩. عبدالرحمن شەرەف کەندی (هەژار) (١٣٨٨ هەتاوی)، چاپ ششم، کیتاب میلی ایران.

٣٠. شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

## (ت) گۆڤار:

٣١. عەلی فەتاح دزەیی (ئەیلولی١٩٨٤)، هونەرەکانی بەلاغەت لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٤)، هەولێر.

## (ج) نامەی ئەکادیمییکان:

٣٢. عەبدولسەلام سالار عەبدولرەحمان (٢٠٠٠)، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٣٣. مەریوان حسێن فەرحان (٢٠١٥)، جوانکاری لە شیعری وەفایی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

## دووەم/ بە زمانی عەرەبی

٣٤. أحمد مطلوب(د.) (١٣٩٥هـ ـ١٩٧٥م)، فنون بلاغية (البيان_ البديع)، الطبعة الأولى، دار البحوث العلمية، الكويت.

٣٥. أحمد مطلوب(د.) (١٩٨٠)، البلاغة العربية (المعانى و البيان و البديع)، الطبعة الأولى، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.

٣٦. أحمد مطلوب و كامل حسن البصير(د.) (١٤٠٢هـ ـ١٩٨٢م)، البلاغة والتطبيق، الطبعة الأولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

٣٧. أحمد مطلوب (د.) (٢٠٠٦)، معجم مصطلحات البلاغية و تطورها، الدارالعربية للموسوعات، الطبعة الأولى، الجزء الاول، الدار العربية للموسوعات، بيروت ـ لبنان.

٣٨. السيد أحمد الهاشمى (٢٠٠٦)، جواهر البلاغة (المعانى و البيان والبديع)، الطبعة الثالثة، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٣٩. ابن عبدالله أحمد شعيب (١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨)، بحوث، منهجية في علوم البلاغة العربية، الطبعة الأولى، دار ابن حزم، بيروت ـ لبنان.

٤٠. انعام فوال عكاوى(د.) (٢٠١٤)، المعجم المفصل فى علوم البلاغة (البديع و البيان و والمعانى)، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الرابعة (طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٤١. بولص عواد الخورى (٢٠٠٠)، العقد البديع فى فن البديع، تحقيق وتقديم: د. حسن محمد نور الدين، الطبعة الأولى، دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

٤٢. بسيونى عبدالفتاح فيود(د.) (١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م)، علم البديع (دراسة تاريخية و فنية لأصول البلاغة والمسائل البديع)، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة .

٤٣. بدوى الطبانة(د.) (١٤١٨هـ ـ ١٩٩٧م)، معجم البلاغة العربية، الطبعة الرابعة، دار المنارة للنشر والتوزيع جدة دار ابن حزم_ بيروت .

٤٤. الشيخ تقى الدين ابى بكر على حجة (٢٠٠٤)، خزانة الأدب وغاية الأرب، شرح: عصام شعيتو، المجلد الثاني، دار والمكتبة الهلال، بيروت ـ لبنان.

٤٥. جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزوينى (١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٤م)، الأيضاح فى علوم البلاغة، المكتبة العصرية للطباعة والنشرـ دار النموذجية، صيدا ـ بيروت.

٤٦. أبى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الأفريقى المصرى (٢٠٠٤)، لسان العرب، الجزء الثاني، الطبعة الثالثة، دار صاد، بيروت.

٤٧. أبى هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكرى (١٩٧١)، كتاب الصناعتين، تحقيق: على محمد البجاوى و محمد أبو الفضل ابراهيم، الطبعة الثانية، المكتبة العصرية، بيروت.

٤٨. حسن كريم الجاف (٢٠٠٨)، الوجيز فى تأريخ ايران (دراسة فى التأريخ السياسى)، الجزء الاول، الطبعة الثانية، مطبعة مؤسسة أراس، أربيل.

٤٩. ابى عبدالرحمن الخليل اجمد الفراهيدى (١٧٥هـ)، كتاب العين، تحقيق: مهدى المخزوومى و ابراهيم السامرائى(د.)، الجزء الثاني.

٥٠. رجاء السيد الجوهرى، فنان البديع، منشأة الناشر المعارف، لأسكندرية، دون سنةالطبع.

٥١. الزبيدى محى الدين ابى الفيض السيد محمد مرتضي الواسطي، تاج العروس من جواهر القاموس، مجلد الاول، دار الفكر، بيروت، دون تاريخ طبع.

٥٢. زين كامل الخويسكى و أحمد محمود المصرى(د.) (٢٠٠٦)، فنون بلاغية، الطبعة الأولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية.

٥٣. زرار صديق توفيق(د.) (٢٠٠١)، كردستان في القرن الثامن الهجرى، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل.

٥٤. سعدالدين مسعود بن عمر التفتازاني (١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م)، المطول شرح تلخيص المفتاح، صححة و علق: أحمد عزو عناية، الطبعة الأولي، دار احياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان.

٥٥. عبدالرزاق أبو زيد زايد(د.) (١٩٧٦)، كتاب سر الفصاحة لأبن سنان الخفاجى، مكتبة الأنجلوا المصرية، القاهرة.

٥٦. عبدالعزيز عتيق(د.) (١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م)، في البلاغة العربية (علم البديع)، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت ـ لبنان.

٥٧. عبدالعزيز عتيق(د.) (١٤٣٠هـ ـ ٢٠٠٩م)، في البلاغة العربية (علم المعاني)، الطبعة الأول، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت ـ لبنان.

٥٨. عمر عبدالهادى عتيق(د.) (٢٠١٢م)، علم البلاغة بين الأصالة والمعاصرة، الطبعة الأولي، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن ـ عمان.

٥٩. عمر عتيق (د.) (٢٠١٦م)، معجم مصطلحات علم البلاغة، الطبعة الأولي، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن ـ عمان.

٦٠. عبدلله العلياوى(د.) (٢٠٠٥)، كوردستان في عهد المغول (١٢٢٠-١٣٣٥م) دراسة في التاريخ السياسى، مطبعة: مركز كوردستان للدراسات الآستراتيجية، السليمانية.

٦١. عبدالقادر حسين(د.) (٢٠٠٨)، فن البديع، دار غريب للطباعة و النشر والتوزيع، قاهرة ـ مصر.

٦٢. أبو عثمان بن بحر الجاحظ، البيان و التبين، تحقيق: عبدالسلام محمد و محمد هرون، طبع رابع، دار الفكر بيروت، دون طبع.

٦٣. ابى الحسين احمد بن فارس بن زكريا (٢٠٠١) (المتوفى سنة ٣٩٥ه)، معجم مقايس اللغة، اعتنى بة د. محمد عوض مرعب و فاطمه محمد أصلان، الطبعة الأولى، دار احياء التراث العربى، بيروت ـ لبنان.

٦٤. فضل حسن عباس(د.) (١٤٢٤ه ـ ٢٠٠٤م)، البلاغة فنونها وأفنانها (علم البيان و البديع)، الطبعة التاسعة، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان ـ الأردن.

٦٥. محمود البستاني القواعد البلاغية في ضوء المنهج الأسلامي(د.) (١٤١٤ه)، الطبعة الأولي، مؤسسة الطبع والنشر في الأستانة الرضوية، مشهد ـ ايران.

٦٦. محمد ربيع(د.) (١٤٢٨ه ـ ٢٠٠٧م)، علوم البلاغة العربية، الطبعة الأولي، دار الفكر، عمان ـ الأردن.

٦٧. محمد مصطفى أبو شوارب و أحمد محمود المصرى(د.) (٢٠٠٦)، قطوف البلاغية، الطبعة الأولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، اسكندرية، مصر.

٦٨. مختار عطية(د.) (٢٠٠٤)، علم البديع و دلالات الاعتراض فى شعر البحترى، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، اسكندرية، مصر.

٦٩. محمود أحمد حسن المراغي(د.) (١٩٩٩)، في البلاغة العربية (علم البديع)، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

٧٠. محمد أحمد قاسم و محي الدين ديب(د.) (٢٠٠٨)، علوم البلاغة (البديع و البيان و المعاني)، طبعة جديدة و منقحة، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس ـ لبنان.

٧١. وليد ابراهيم قصاب(د.) (١٤٣٥ه ـ ٢٠١٤م)، البلاغة العربية (علم البديع)، الطبعة الثانية، دار الفكر، دمشق ـ سورية.

٧٢. الأمام يحيى بن حمزه بن على ابن ابراهيم العلوى اليمينى (٢٠٠٨)، الطراز لأسرار البلاغة و علوم حقائق الأعجاز، تحقيق: د. عبدالحميد هنداوى، الجزء الثانى، المكتبة العصرية، صيدا_ بيروت_ لبنان.

٧٣. الأمام يحيى بن حمزه بن على ابن ابراهيم العلوى اليمينى (٢٠٠٨)، الطراز لأسرار البلاغة و علوم حقائق الأعجاز، تحقيق: د. عبدالحميد هنداوى، الجزء الثالث، المكتبة العصرية، صيدا_ بيروت_ لبنان.

٧٤. أبى يعقوب يوسف بن محمد بن على السكاكى (٢٠١١)، مفتاح العلوم،حقق و قدم: د. عبدالحميد هنداوى، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

٧٥. يوسف أبو العدوس(د.) (١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٧م)، مدخل الى البلاغة العربية (علم المعاني ـ علم البيان ـ علم البديع)، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان ـ الأردن.

## سێیەم/ بەزمانی فارسی

٧٦. تقى وحيديان كاميار(د.) (١٣٨٣)، بديع (از ديدگاه زيبايى شناسى)، چاپ اول، انتشارات سمت، تهران.

٧٧. جلال الدين همايى (١٣٨٦)، فنون بلاغت و صناعات ادبى، چاپ بيست و ششم، مؤسسه نشرهما، تهران.

٧٨. سيروس شميسا(د.) (١٣٨٣)، نگاهى تازه به بديع، چاپ چهاردهم، چاپ خانه رامين، تهران.

٧٩. عبدالحسين زرين كوى (١٣٨٣)، روزگاران تاريخ ايران از آغاز تا سقوط سلطنت پهلوى، چاپ پنجم، چابخانه مهارت، تهران.

٨٠. كامل احمد نژاد(د.) (١٣٨٢)، فنون ادبى (عروض، قافيه، بيان، بديع)، چاپ چهارم، انتشارات پايا، تهران.

٨١. محمد حسين محمدى(د.) (١٣٩٠)، بلاغت (معانى، بيان، بديع)، چاپ دوم، انتشارات زوار، تهران.

٨٢. محمد فشاركى(د.) (١٣٨٥)، نقد بديع، چاپ دوم، انتشارات سمت، تهران.


**چوارەم/ بەزمانی ئینگلیزی:**


٨٣. Oxford Learners Pocket Dictionary, ٤ Edition, oxford, University Press, ٢٠١١.

٨٤. A S Hornby, Oxford Advannced Learners Dictionary of curent English, ٦ Edition, Edited by: Sally Wehmeier, Oxford University Press, ٢٠٠١.

## Abstract

This thesis is entitled “ The Art of Aesthetics in Awny's Poems ” It aims at demonstrating aethetis aspects of Awny s poems, Throughout his poetry, awny has dealt with the beauty of word and the beauty of meaning, The beauty of word deals with the form of poetic texts, In other words, it tackles with formalism, While the beauty of meaning deals with the meaning of words and poetic texts, at is wirth mentioning that the poet was a promintal Kurdish poet who played an important role in dealing with the rhetorical and unique style and his poetry is avivid example of that.

In this study the three dimensions of rhetoric (clarity, aesthetics and semantics) are explained, In the introduction if the study, the sience of rhetoric is focused on, this introduction consistsnof two main topic, the focus

of the first topic is on rhetoric, clarity and semantics, the second topic is concerned with the art of aesthetics in terms of language, concept and termenology.

The thesis comprises of two chapters, chapter one highlights the uniqueness of the words in the poetry of awny, thirteen titles are explained in this chapter under different subiects such us (paronomasia), preface, repitition, implication, quotation, inclusion, and assessment), chapter two points out the uniqueness of the meaning which is divided into (٢٣) section such us antithesis and reversal.

# The Art of Aesthetics in Awny's Poems

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Education-
Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the
Requirements for the Degree of Master of Arts in
Kurdish Literature

**By**

**Bahar Abduljabar Jami**

B.A. Kurdish Language-SalahaddinUniversity – **3102**

**Supervised By**

**Asst. Prof. Dr. Idrees Abdullah Mustafa**

Erbil-KURDISTAN

**October 310 6**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٧٦٩)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

لۆمەکردنی خود لەبنەڕەتدا لە ناو ئەدەبیاتی ئاینی و سۆفیزمەوە سەریهەڵداوە و پەڕیوەتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ئەدەب، سەرزەنشت کردن و لۆمەکردنی (نەفس)، کە پانتاییەکی فراوانیان لە ئەدەبیاتی ئاینی و تەسەوفدا داگیرکردووە لەو ڕاستی یەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مەرج نیە ئەوانەی لۆمەی زات و نەفسی خۆیان دەکەن گوناهبار و تاوانباربن، بەڵکو شکاندن و کۆنترۆڵکردنی ئارەزوو و هەوەسەکانیان، بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی هەتا تیایدا مرۆڤەکان دوور بن لە چاوچنۆکی و ڕەدوکەوتنی ژیانی دونیا و لە بیر کردنی ژیانی ئاخیرەت، ئەمەش سەرەنجام هەوڵێکی ئاینی یە بۆ ریفۆرمیزەکردنی پێکەوە ژیانی دوور لە کێشە و گرفت و ئاژاوە و کێشمە کێش.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٧٦٩)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە